بنەماخوازەکاندا(پسا ساختارگرا)، مەدلوول دەخرێتە پەراوێزەوە، تەنیا دال جێگای مەبەستە. لەم بۆچوونەدا، دال دەگەڕێتەوە بۆ دال، چوون ژێدەر هەمان «دال»ە، پەیتا پەیتا ئەم کارەساتە زوانییە دووپات دەبێتەوە «دال»ێك بۆ «دال»ێکی تر کە وابوو پرۆسەی دەلالەت کۆتایی پێ نایەت تا بێکۆتایی هەر بەردەوام دەبێ. (سجودی، نشانەشناسی ادبیات و نگاهی تازە بە ترجمە ادبی/ ژ ٤٤،٤٥،٤٦)

هەرچەندە رادەی لەرەی دەنگەکە لە چرکەیەکدا کەمتر بوو، ئەو دەنگە «گڕ، بم» دەبیسترێ و هەرچەندە فرەتر بێت، دەنگەکە، «زێڵ» دەبیسترێ[١]. ئەو (واچەگەلە، دەستە واژە) کە لە فۆنێمی«خ، ژ، ر، چ، و غ و...» دێنە گۆکرن، لەرەی هەوا بەرزە، کە واتە: «زێڵن»، وەك ئەم رستانەی خوارەوە: «خوای خوێ: پێدەکەنیٚ، زاڕۆ جە ئەدا بی ژەك وەرۆ: کورپە لە دایك بوو ژەك دەخوات، چەمەڕات کەرێنیٚ: چاوەڕێم دەکردی و...» یان ئەو واچەگەلە کە جە واکەی«و، ب، پ، د، ت، و...» دێنە زار، دەنگەکانیان «گڕ، بەم»ە وەك ئەم رستانە: «واران وارۆ: باران دەبارێ، بۆریٚ با بلمیٚ: وەرە با بڕۆین، دەورییەکەم دەپەنە: دەورییەکەم پیٚ بدە، تەوەنی وارۆ!: بەرد بباریٚ! و... »

**کێشە دەنگ(امتداد صوت)**: رادەی چەندایەتی و بارستای دەنگەکەیە، چە ماوەێی بەردەوام بووە.

**کرژە دەنگ(سرعت صوت)**: بریتیە لە کرژی لەرەکان لە یەکەی زەماندا. پێوەر بۆ ئەم سفەتە، مەودای «بیستن»ە. هەر چەند مەسافەت و مەودا کەمتەر بیٚ، کەمترین کرژی هەیە، و هەرچی ماوە فرەتر بیٚ، فرەترین کرژی دەنگ بە خۆیەوە دەگریٚ.

[١] – ناتل خانلری، تاریخ زبان فارسی/ج١، ١٢

## کرکە دەنگ، زڕە دەنگ(زنگ صوت)، (پڕۆسەی دەنگ سازی، فرایند واجی) (phonemic process):

ئەم توخمە لە تێکاڵاوی دەنگی سەرەکی(اصلی) و پاژە دەنگەکان(فرعی) فەراهەم دەبێ. چما دوو دەنگ کە لە «زێڵ و بم»ی و کرژیدا، وەك یەك بن، لە «زڕە دەنگ»دا، لە یەك جیا دەکرێنەوە. وەك نموونە ئەگەر بە دوو ئامێری مۆسیقا «پیانۆ و تار» یەك ئاهەنگ بژەندرێت، یەکەی جیاکەرەوەیان، تەنیا زڕەی پاژە لەرەکانە(ارتعاشات فرعی) کە دەسەلمێنێ کامیان دەنگی «تار»ە و کامەیان دەنگی «پیانۆ». ئەم دیاردەیشە لە ناو «زوان»دێتە هەست پێکرن. نووسەر بە پشت بەستن بەم توخمە زوانییەدایە، جەخت دەکات بۆ رەهەندەکانی ئەرێنیی ئەم نووسراوە. پێیوایە تەنیا جیاکەرەوەی جەوهەری ریتمی شیعری هۆرامی لە گەڵ عەرەبی، فارسی و سۆرانی، وا لە ناواخنی ئەم توخمە زوانیەدا، واتە کرکە دەنگەکانێ کە تایبەتن بە پڕوسەی دەنگ سازی لە زوان و شێعری هۆرامی. ئەم توخمە ئەوەندە کاریگەر بووە، شێعری هۆرامی بە درێژایی تەمەنی خۆی نەکەوتە بەر لێشاوەی عەرووزی عەرەبی. گەڕووی سیاوچەمانبێژی هۆرامی بە باشی لە گەڵ ئەم توخمەدا راهاتووە و بەردەوام بە درێژایی زەمەن و وتراوەتەوە و رەنگە هیچ گۆرانی بێژێکی سۆرانی نەتوانێ

بەم شێوە بینبخواتەوە. ئەم توخمە لە سەر «شیعر و سیاوچەمانە»دا، ئەوەندە کاریگەر بووە کە بڵێین ئەم دوو ژانێرە، دوو بابەت و دوو خاڵی سەرەکین بۆ فاکتیزە کردنی رەسەنایەتی و حال و هەوای تازە[١] لە پێکهاتەی مۆسیقای شیعر و ئاوازی هۆرامیدا. ئەم ڕێسایە تەنیا پەیوەندی بە گۆرانی و ریتمی شیعرەوە نییە، بەڵکوو توخمێکە وەك رەوتێك لە ناو جەرگەی زواندا حزووری هەیە، توخمێك هەتا هەتایی وماننەوەیی بۆ زوانی کوردی. جا با بزانین «کرکە دەنگ»[٢] چییە و چە ڕۆڵێکی بووە لە پێکهاتەی زوان و شیعری هۆرامیدا.

## جمەی مێژوویی
## ئەم توخمە

هەموومان ئەزانین کە زوانی فارسی و کوردی هۆرامی–بە تێکڕا زوانی کوردی– لە یەك بنەماڵەن، واتە لە(ئاریایی)ەکانن کە نزیکایەتی خێزانی و رەچەڵەکیشیان هەیە لە گەڵ هێندو

---

[١] – «هەمیشە سەرکەوتن بو شاعیرانێکە کە لە پێکهاتەدا زەمینەی حال و هوایەکی تازە بو شیعر دەرەخسێنن یان خود پێکهخاتەیەکی نویی شێعری دابهێنن.» (شفیعی کدکنی، تازیانەهای سلوك/٢١)

[٢] – نووسەر ئەم باسەی لە کتیبی «سۆزی لیریکا لە ...»دا ورووژاندوە، بەڵام لیرەش بە هۆی گرینگایەتی بابەتەکەوە بە تەسەل باسی لە سەر ئەکرێ.

ئوروپاییەکان. عەرەبی لە گەڵ ئەم کۆما زوانانە پێوەندییەکی ڕەچەڵەکی و ڕێخەناسانەی نییە، کەچی بە هاتنی ئیسلام ، زوانی فارسی کەوتە ژێر کاریگەری ئەم زوانە و هەندێ خسڵەتی جەوهەری و ڕووکاری هەم لە «فۆڕم و هەم لە ناوەڕۆك»دا، لە دەست دا.

لە لێتۆژینەوەی دەقە بە جێماوەکانی ئەم کۆما زوانانەدا (پارسی باستان–فارسی، هۆرامی– سنسکریت، وێدا، یۆنانی کۆن، لاتینی و ... ) دەرکەوتوە، کە ئەم چەن زوانە خاوەنی سێ توخمی زوانین: یەك: ئاهەنگ(Ton) دوو: کێشاندن (امتداد، Duree) سێ: تەکیە( Accent). سەرەتای راڤە و خوێندنەوەی ئەم رەوتە زوانەوانیە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە. لەم بارەوە ئەم نووسەرانە روانگە و بۆچوونیان بڵاو کراوەتەوە: ئێلێکساندر خۆدزکۆ: A . chodz ko ، چارل زالیمەن: carl salemann، ژۆکۆفسکی: V. zhukovski، بێنوێنیست، Benveniste ، ئانتوان میە، رۆبێرتۆ گوتیۆ(شاگردی ئانتوان مییە)[١]. یەك لەوانە«ئانتوان مییە» زوانەوانی مەزنی فەرانسەوی بوو کە بۆ یەکەم جار پەی بە توخمێکی زوانی بە ناو «تەکیە، Accent» برد. بەم شێوە بوو بەخاوەن پەیلوایەکی زانستی– زوانەوانی لە پێکهاتەی زوانە هێند ئوروپاییەکاندا. راژەی ئەم توخمە بوو بە هۆی ئەوە زوانی فارسی و کوردی بە تایبەت کوردی

[١] – ناتل خانلری، تاریخ زبان فارسی/ج ١، ٦٣ و وزن شعر فارسی/ ٥٥–٣٢

هۆرامی لە ڕێچکەی زوانە چەندییەکان(زبانهای کمی) بە تایبەت عەرەبی جیا بکرێتەوە و تایبەتیتر ئاوڕ بدرێتەوە لە جەوهەری زوان و مۆسیقای شێعرەکەی. پەیلواکەی«ئانتوان مییە» بوو بە سووژەی لێکۆڵینەوەی نووسەری ئەم دێڕانە تا چەقدابەسێت و بڵێت: بەڵێ، زوان و شیعری کوردی هۆرامی خاوەنی هەندێ مۆرك و مۆرالی زوانەوانی تایبەت بە خۆیەتی و لە زوان و شیعری فارسی و تەنانەت لە کوردی سۆرانیش جیا ئەکرێتەوە. دوایی«ئانتوان میە» بە کەشفی توخمی تەکیە(Accent) رازی نەبوو و لە شرۆڤەکاری دەقەکاندا، باسێکیتری بە ناو(شدت صوت، خێرایی دەنگ، Intensite) لە توخمی «تەکیە» هێنایە رۆژێڤی زوانەوانییەوە. پێی وابوو (تەکیە) هەمان خێرایی دەنگە و ئەم توخمەش، جیاوازە لە گەڵ ئاهەنگ، کە زاراوەیەکی مۆسیقاییە و پێی دەگوترێ بەرزی دەنگ(ارتفاع صوت) و پێوەندی بە «زێڵ»ی و «گڕ»ی دەنگەوە هەیە. بە پێی ئەم لێتۆژینەوە«زوانی ئەوێستا» لە گەڵ زوانەکانی سنسکریت و یۆنانی کۆن جیا دەکرێتەوە و دەبێتە خاوەنی پرەنسیپی جەوهەری خۆی. لە کێشانەی شیعریشدا، «کێشی چەندی» (وزن کمی) جێی خۆی گۆڕایەوە بە «کێشی زەربی» یان بە چەشنێکی تر «بڕگەیی» لە سەر لێدانی فرێکانسی توخمی تەکیە[١].

بزاڤەکە بەمەوە نەوەستا، ئاڵ و گۆڕی زوانیتر هاتە ئاراوە.

---

[١] – ناتل خانلری، وزن شعر فارسی/٤٠

شاڵاوگەرییەکەی ئەسکەندەری مەقدوونی بۆ سەر وڵاتانی رۆژهەڵات بە تایبەت ئێران و دامەزراندنی ناوەندە فەرهەنگی و کەلتوورییەکان لەم وڵاتانەدا و دانووساندن و پێواژۆ لە نێو زوانەکاندا، کاریگەری زوانی یونانی بە سەر زوانە «کۆنە هێندو ئوروپاییەکاندا»ی لێکەوتەوە وکاردانەوەی خۆی بە سەر ئەم کۆما زوانانەدا، چەسپاند. ئەم بابەتە بوو بە هۆکاری ئەکتیو کردنی باری زوانەوانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا. لەم باسە زوانەوانیانەدا(بێنوێنیست، Benveniste) زوانەوانی فەرانسەوەی رولێکی بەرچاوی گێڕا لە پێکهاتە زوانە ئێرانییەکاندا(پەهلەوی ئەشکانی و ساسانی). لێتۆژینەوەکەی بێنوێنێست، روانگەی«زڕە دەنگ، کرکە دەنگ»ی لە زاراوە کوردییەکاندا، بۆ ئێمە ئاوەگۆز کرد، بە تایبەتی لە بارەی زوان و شیعری کوردی هۆرامی کە جیاوازە لە سیستەمی عەرووزی عەرەبی و پێوەندی ئەندامی و جەوهەری هەبووە لە گەڵ ئەو کۆما زوانانەدا. ئەم پەیلەوایە بوو بە هۆی ئالقەیەکی توند و تۆڵ نێوان ئەم دوو زوانەدا و هۆکاری یەکالاکردنەوەی باسەکە و پەی بردن بە توخمی(تەکیە) کە دان پێنانێك بوو بە پەیلواکانی زمانەوانەکانی‌تر بە تایبەت «ئانتوان مییە»کە پێشتر باسیان لەم توخمە کردبوو[١].

«بێنوێنیست، Benveniste» وتارێکی لە بارەی «درەختی ئاسووریك» کە دەقێکی چاخی پالەوی ئەشکانی بوو، نووسی بوو،

[١] – محەمەدپوور، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردیدا/٧٦

لەم وتارەدا پێیوابوو: ئەم دەقە لە زەمان ساسانیەکاندا لە لایەن بنووسان(کاتبان)ەوە، ئاڵ و گۆڕێك بە سەریدا هاتووە، دەبێ پێکهاتەی ساغ بکرێتەوە، پاش ساغکردنەوە و لێتۆژینەوەی توخمە رەسەنەکان و پەیبردن بە رێسای هۆنراوەبوونی(منظوم) ئەم دەقە، پەی بە توخمێکی جەوهەریتر برد بە ناو«زرەدەنگ، کرکە دەنگ». ئاکامی کەشفی ئەم رێسا زوانییە، بوو بە وتارێکی زانستی-زوانەوانی کە دوایی لە رۆژنامەی «ئاسیای»دا بە چاپی گەیاند. هەروەها لە بارەی شرۆڤەی«ئەیاتکاری زەریران، یادگار زریران» - دەقێکی پالەوی ئەشکانی- پێیوابوو پێوەندییەکی ئەندامی و رەچەڵەکی نێوان ئەم دو دەقە پالەوییە و شێعرە فۆلکلۆریەکانی زاراوە کوردییەکان بە تایبەت دیالێکتی گۆراندا هەیە. لەم بارەوە دەڵێ: «سەرجەمی ئەو نموونە شیعرییە فولکلۆریانەی کە یاسای داسەپاوی «عەرووزی عەرەبی» نەیتوانی کاریگەر بێ بە سەریاندا، لە لایەن راڤەکاران لە دەڤەرە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا کۆ کراونەتەوە، هەموویان لە رێسای «برگە» پێڕەوی دەکەن و زۆربەیان «تەکیە»دارن. لە پێکهاتەی دەقە شێعری زاراوە کوردیەکان: (گۆرانی، هۆرامانی، خوراسانی  کە هەموویان سەر بە زاراوەکانی باکوورن) چەندی برگە (کمیت هجا) -یەکسانی برگە کورت و درێژەکان لە دوو دێڕی بەرامبەردا- هیچ رۆڵێك نابینێ ... لە واقیعدا هەموو ئەو کێشانەی کە تا ئیستا لە زوانی پالەویدا دۆزراونەتەوە، هەر لە سەر ئەم  ئوسلووبە مۆسیقاییە بووە و

هەروەها سەرجەمی ئەو زاراوە باکوورییانە (باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوا) لەم ڕێسا زوانییە پێڕەوی دەکەن. لە واقیعدا ئەم توخمە دەبێتە ئاڵقەی پێوەندی ئەندامی و گرێبەستی نێوان یادگاری زەریران و شێعری هێجایی ئەمڕۆی ئێران»[١]. لێمان ڕوونە لە شێعری نڤیساری ئەمڕۆی گەلانی ئێراندا جگ لە گوران(هورامی) و بن زاراوەکانی ئەم شێوە زوانە لە هیچ دەڤەرێکدا بە ئوسلووبی بڕگە شێعر ناگوترێتەوە– ئەڵبەت شێعرە فولکلوریەکانی دەڤەرەکانی ئێرانی لی قوتار بکەن. بە پێی ئەم بەڵگە زانستییە زوانەوانییە و خستنە ڕووی توخمی«کرکە دەنگ»، دەقە شێعرییەکانی هۆرامی: هورمزگان، یارسان، فەهلەویات(ئوورامن)، بێسارانی، مەولەوی، سەیدی و... شاعێرانێك کە ئێستاش شیعری کلاسیکی هیجایی هۆرامی دەهۆننەوە، دەبەسترێتەوە بە تەمەنی چەن هەزار ساڵەی سەرهەڵدانی «گاساکان»ی ئاوێستاو و زوانەکۆنە هێندو ئێرانی– ئورووپاییەکانەوە.

---

[١] – ناتل خانلری، وزن شعر فارسی/ ٤٧-٤٦

## ڕێژەی جیاوازییەکان لەم پڕۆسەدا (فرایند واجی) کامانەن؟

بە پێی ئەم روانگە زوانەوانییە کە ئاماژەمان پێدا، کێشانەی شێعری هۆرامی، لە عەرەبی، فارسی و کوردی سۆرانی جیا دەکرێتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی چەشنی کێشاندنی لە بزوێنەکانی ئەم زوانانەدا. میکانیزمی جیاکەرەوەی ئەم دۆخەش، توخمێك بوو بە ناو (زڕە زەنگ، کرکە دەنگ) لە پێکهاتەی دەنگەکاندا. «بۆ وێنە لە عەرەبیدا، لە دوو واچە(واژە)ی (چَرب، چارَب) بزوێنی(a) لە سەر (چ) هاتووە و لە واچەی (چارَب)، (?) دانراوە. لە واژەی (چَرب)، (a) لە چۆنیەتی (Ton) دا (بە قەدەر یەك پلە لە زەمەن) کێشراوە. بەڵام هەر ئەو بزوێنە لە واچەی (چارَب)ەدا بە هەمان ئەندازەی کات (دووپلە) بەرزتر کێشراوە. ئەم کێشاندنە لە یەك چرکەدا بووەتە هۆی جیاوازی واتایی دوو واژەکە. ئەم تایبەتمەندیە لە هەمووو زوانە چەندییەکاندا( سنسکریت، یۆنانی کۆن، لاتینی، عەرەبی) دا دەبینرا»[١]. بەڵام زوان و شێعری کوردی هورامی لەم ڕێسادا، پێگەی خۆی جیادەکاتەوە و دەبێتە خاوەنی توخمێکی جەوهەریتر و دەبێ لە مۆسیقای شێعر و تەنانەت زواندا، حسابی جیاوازی بۆ بکرێتن. لە زوانە چەندییەکاندا، نایەکسانی دەنگ، تەنیا

---

[١] – هەمان پێشوو

هۆکارێك بوو بۆ جیاکردنەوەو هەڵاواردنی واچەکان. کەچی لە هۆرامیدا، «کرکە دەنگ» یەکەی مۆسیقای زوان و شیعر هۆرامییە. لە پێوانەی شێعردا کاتێك بزوێنە(کورت و درێژ)ەکان، بۆ پێکهێنانی (بڕگەی کورت و درێژ) لە دوو دێڕدا دەکەونە بەرامبەر یەك، هەست بە جیاوازییان ناکرێت، «زڕە دەنگ»ەکان، جیاوازی بڕگەی «کورت و درێژ» دا ئەشارن، ئیتر دیاردەی «قەید تەساوی» کە هۆکاری خەفەکردنی فەزای شێعری عەرووزییە، ڕەنگی نامێنێ، ئەمە لە کاتێکدایە بە هۆی زڕەدەنگەکان، هیچ بەردەنگێك هەست بە قەڵسی ئاهەنگەکە ناکات. وەك وترا تەنیا جیاوازی نێوان ئەم سێ زوانە(عەرەبی، فارسی و هۆرامی) چۆنیەتی لێدانی (کرکەدەنگ، زڕە دەنگ)ە کە دەبێتە پێوەری کێشانەیان[١].

وەك نموونە ئەم واچەگەلانە:(دەر، دار)، (خەو و خاو)، (مەس وماس)، ئەگەر بکەونە بەرامبەر یەك لە دوو دێڕدا، بەردەنگ وێڕای نایەکسانی دەنگ، هەست بە لێکنەچوونی واتاکەشیان دەکات، کەچی لە شێعری هۆرامیدا، نایەکچوونی کێشاندنی دەنگی ناڤین(مصوت میانین) لەم دوو واژە (a/?) ناتوانێ بەر بەم شەپۆلە دەنگانە بگرێت، ئەگەریش بزوێنی درێژی (?) لە ناڤینی ئەم واژانەدا(دار، خاو، ماس) بە قەدەر بزوێنی کورتی(a) لە واژەگەلی(دەر، خەو، مەس) کورت بکەینەوە و خێرا بیانخوێنینەوە

---

[١] – محەمەدپوور، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردیدا/٧٣

، دووبارە هەمان جیاوازی واتاکی هەست پێدەکریٚ بیٚ ئەوەی خەوشێك لە ئاهەنگی دێڕەکاندا ببینرێت. بەڵام ئەگەر ئەم ڕێسا لە کێشانەی شێعری کلاسیکی فارسی و سۆرانیدا، ڕەچاو نەکریٚ، یانی (یەك پلە بۆ بزوێنی کورت a و دوو پلە بۆ بزوێنی درێژی ?) لە ڕێچکەی شێعردا قایل نەبین و بە خێرایی دەنگ (شدت صوت،intensite) لە سەر جەوهەری لەحنی شێعری هۆرامی، نەخوێنرێتەوە ، خێرا جیاوازی نێوان کێشی دو بڕگەکە دێتە هەست پێکرن. لێرەدایە کە ریتمی زوانی هۆرامی لە شێعردا لە کێشی شیعری کلاسیکی عربی، فارسی و کوردی سۆرانی جیا دەبێتەوە. کۆی ئەم کرکە دەنگانە لە سیستەمی «بڕگەیی شێعری هۆرامی» و لەحن و بینخواردنەوەی «سیاوچەمانە»ەدا دەبن بە هێشوەدەنگ. فارسی و کوردی سۆرانی، کە پابەندی دیاردەی عەرووزن، بۆ پڕ کردنەوەی ئەم هەرۆڵیە(بۆشایی) پەنا دەبەنە (ئەختیاری شاعێرانە) کە جۆرێکی حیلەی ئەدەبی و ئاڵۆزی مۆسیقاییە لە کێشانەی شێعردا و هیچی لە گەڵ واقیع و نورمەکانی زواندا تەبا نییە[١]. بەڵام «هێشوە دەنگ» لە زوان و شیعری کوردی هۆرامیدا، زڕە دەنگ سازدەکات و جیاوازی (بزوێنە کورت و درێژ)ەکان لە پێکهاتەی بڕگە و مۆرفێم و واژەدا، دا ئەشاریٚ و گوێمان هەست بە ئاڵۆزی مۆسیقا ناکات و ئیتر پێویست بە دیاردەی عەرووز یان هەر چەشنە قاوغ و

---

[١] – هەمان/ ٧٤

قاڵبێکی دەرەکی–ساختەیی ناکات. ئەمە هەر هەمان کێشی سروشتی و خۆماڵی کوردەوارییە و مامۆستا گۆرانیش بە ناچار پەنا دەباتەوە بەم ئۆخژنە مۆسیقایە خوڕسکە کە لە گەڵ زوان و ژیان و ژیار و سروشتی کوردستاندا تەبا و گونجاوترە و بەم شێوە ڕێسای سواو و رزیوی تەفعیلەکانی عەرووزی «سێ کوچکە»ی خستە پەراوێزەوە. شێعری هۆرامی تا نەخوێنرێتەوە ، توانستەکانی دەرناکەون بۆیە ئەم چەشنە ئوسلوبەمان بە ناو شێعری «مەلحوون» واتە خوێندراوە کە هەڵێنجراوی شێعری فۆلکلۆریکە و لە هەناو جەماوەر و سروشتدا لە دایك بووە و رسکاوە و ماوەتەوە و دەمێنێتەوە، ناودێر کرد. ئەلفبای عەرەبی کە ئێستا نویساری پێدەکرێ بەو دەنگە بەر تەسکانەوە ناتوانێ، توانستەکانی زوانی هۆرامی لە خۆیدا پیشان بدات دەبینین هەندێکی زۆر لەم قابلییەتە زوانیانە لە بنووسدا زەوت دەکرێ، دەنگە بزۆزەکان تەنیا لە خوێندنەوەدا هەست پێدەکرێن.[1]



---

[1] – بو ئاگاداری زۆرتر لەم بارەوە بڕواننە: محمدپور، سوزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا/٨٢–٧٨ و رامان، سالی دوازدەهەم، ژ١٢٨، ٢٠٠٨م

## سەرچاوەکان:

ابوترابیان د. محمد رەزا، از هورامی تا ارومیه، تهران، نشر دلارنگ، ١٣٨٥ ه.ش

اوشیدری د. جهانگیر، دانش نامه مزد یسنا

ایوب رستم، یارسان، سلیمانی، مەلبەندی روشبیری هورامان ، چاپی دوەم، ٢٠٠٦ ز

بهار د. مهرداد، جستاری چند در فرهنگ ایران، تهران، انتشارات فکر زوز، زمستان ١٣٧٣ه.ش

بهار ملك الشعرا،سبك شناسی شعر یا تاریخ تەتەور شعر فارسی، به کوشش علیقلی محمودی بختیاری، تهران، مؤسسه مەتبوعاتی علمی، خرداد ١٣٤٧ ه.ش

بهرامی ایرج، ئوستوره اهل حق، چاپ اول، تابستان ١٣٧٨ه.ش

جامی موئەزن، ادب پهلوانی، نشر قەترە

جمال رشید احمد، لیکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەرباری ولاتی کوردەواری، بەغداد ١٩٨٨ ز

حەسەن پوور ئەمیر، کوردی وەك زمانێکی جووتستاندارد، ٢٢ اوریل ٢٠٠٨، سایتی روانگه

خلف تبریزی، برهان قاتع، محمد معین، ج١، تهران، امیر کبیر، ١٣٦١ه.ش

رامان، سالی دوازدەهەم، ژ١٢٨، ٢٠٠٨م

رەزا جمشیدی، قالب های ویژه در ادبیات یارسان، زریبار، شماره ٦٤، تابستان ١٣٨٦ه.ش

زریبار، شماره ٦٤، تابستان ١٣٨٦ ه.ش

سجودی فرزان، نشانەشناسی ادبیات و نگاهی تازه به ترجمه ادبی، گوواری فرهنگ توسعه، ژ ٤٤،٤٥،٤٦، سال نهم، تیر ١٣٧٩ه.ش

سوڵتانی محمدعلی، قیام و نێهزەت علویان زاگرس در...یا تاریخ تحلیلی اهل حق، نشر سُها

شفیعی کدکنی د. م رەزا، تازیانه های سلوك، انتشارات اگاه

شفیعی کدکنی . م. رەزا، صور خیال در شعر فارسی، ١٣٦٦ ه.ش

شفیعی کدکنی د.محمد رەزا،گزیده غزلیات شمس، چاپخانه سپهر، تهران ١٣٦٥ ه.ش

شفیعی کدکنی د. محمد رەزا، موسیقی شعر، انتشاراتی اگاه، چاپ دوم تهران ١٣٦٨ هـ.ش
صفی زاده صدیق، مێژووی ویژەی کوردی(تاریخ ادبیات کُردی) ج١ و ٢، بانە، انتشارات ناجی، ١٣٧٠هـ.ش
صفی زادە صدیق، نامه سرانجام، کلام خزانه، یکی از متون کهن یارسان
کسروی احمد، کاروند کسروی، بە کوشش یحیی زەکا، تهران، انتشارات فراکلین، ٢٥٣٦ش
محەمەد پوور عادڵ، پڕوسەی بزاوتوویی لیریکای کوردی، زرێبار، سال هشتم، شماره ٥٤، پاییز ١٣٨٣ هـ.ش
محەمەدپوور عادڵ، سوزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردیدا، ژێر چاپ
محەمەدپوور عادڵ، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا ....، سلیمانی، چاپخانەی بابان، ٢٠٠٨ز
محەمەدپوور عادڵ، یەك سەیدی لە یەك دیواندا ، سروە، سالی ٢٤، ژمارە ٢٥٩-٢٥٨، مرداد و شهریور ١٣٨٧هـ.ش
محەمەدپوور عادڵ، در ستردن زنگار کهنگی، وتووێژ، زریبار، ، ژمارە ٦٨-٦٧، بهار و تابستان ١٣٨٧ هـ.ش
محەمەدپوور عادڵ، هەڤپەیڤین، سروه ، سالی بیست و چوارەم، ژمارە ٢٦٣، دی ماه ١٣٨٧ کۆچی هەتاوی
محەمەدپوور عادڵ، پڕوسەی بزاوتوویی لیریکای کوردی، زرێبار، سال هشتم، شماره ٥٤، پاییز ١٣٨٣ هـ.ش
مەنسووری خالید، دوو صەیدی لە یەك دیواندا،ئاوینە، ژمارە٣٢/٣٣، ١٣٧٦هـ.ش
میرزای نازر ابراهیم، ماتیکان گجستك ابالیش، انتشارات هیرمند، چاپ اول ١٣٧٦ هـ.ش
ناتل خانلری د. پرویز،تاریخ زبان فارسی، ج اول، تهران، چاپ دوم، نشر نو ١٣٦٦ هـ.ش
ناتل خانلری د. پرویز،تاریخ زبان فارسی، ج اول، چاپ دوم، نشر نو تهران ١٣٦٦ هـ.ش
ناتل خانلری د. پرویز ، وزن شعر فارسی، تهران، بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٥٤ هـ.ش

هورامانی محمد امین، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا، هەولێر، مرکز فرهنگی دانشگاه صلاح‌الدین، بی تاریخ
هۆرامی صەیدی، دیوان شعر، محمد امین کاردوخی، سلیمانیه، چاپخانه کامران، ١٩٧١م
وەفایی میرزا عبدالرحیم سابلاغی، دیوان شعر، تصحیح: محەمەد عەلی قەرهەداغی، سنندج، انتشارات کوردستان، چاپ یەکەم ١٣٨٨ هـ.ش
یاسمی رشید، کُرد و پیوستگی های نژادی و تاریخیِ او، تهران، انتشارات امیر کبیر، ١٣٦٣هـ.ش

# بابا تایەر، زایەڵەی ڕەسەنی شێوازی هۆرامی( ئورامەن )[١]

**وەڵێنە:**

بابا تایەر ناسراو بە «عوریان» عارف و شاعێری مەزنی سەدەی(٥ی . ک/١١ی . ز/ کۆچ ٤١٠ ک . م) هەم ژیان و بە سەرهات، هەمیش فۆڕم و ناوەرۆکی دەقەکەی ئەمێستاکەش جێگای تێڕامان و سەرنجی شرۆڤە و شیکاری زۆرترن. مخابن بە هۆی ناشارەزایی لێتۆژەرانی ئێرانی و تەنانەت کوردەوە لە بارەی ژانێری ئەدەبی کرکەی«هۆرامی و هورامی بێژی» و تایبەتمەندییەکانی کێشی شێعری هۆرامی و بەراوردکاری لە گەڵ ئوورامەنەکانی بابادا، هێشتا شێوازی ڕاستەکی ئەم ژانێرە(چەشنی ئەدەبی) و ڕێ و ڕێچکەی ئەم شاعێرە بە شێوەی زانستی و شێوازشناسانە، پێناسە و ڕاڤەکاری نەکراوە. «سووچەکانی ژیان و چۆنێتی فێربوونی زانست، ماریفەت و

[١] – ئەم وتارە لە «فێستیڤاڵی بابا تاهێری لوڕ، هەمەدانی بەرواری(١٤–٢٠١٠/١٥ ز) سلێمانی وەک وتارێکی پەسەندکراوی لیژنەی زانستی، خوێندراوەتەوە.

ڕێچکەی عێرفانی ئەو لێڵ و تەماوی و نادیارە ماوەتەوە. تا ئەو شوێنە کە "ئێدوارد هێرۆن ئالێن" بابا تایەر بە کەسایەتییەکی مەڕمۆز و تەماوی دەزانێ و دەڵێ: لە بارەی باباوە هیچ نازانین[١]، ئەمە یانێ ئەو زانیاریانەی کە لە تێکستەکاندا هەن سەقەتن و نەیانتوانیوە سیمای ڕاستەکی ئەم زاتە بناسێنن.

هەندێ لە نووسەران و لێکۆڵەرانی سەردەم، زوانە ئەدەبییەکەی بابا بە «ڕاژی»(اوحدی، ٦٣٤)، «ڕاجی»(ئازەر، ٢٦٣)، «ڕازی»(هدایت، هەمان، هرمان اتە، ٣١) ناودەبەن. لە ڕاژی، ڕاجی و ڕازی مەبەستیان شێوەزاری خەڵکی «ڕەی» لە ناوەندی ئێرانە. هەندێکیش زوانی شێعرەکانی بە «لوڕی» دەزانن(ادیب، ١). "ریپکا" زوانی شێعرەکانی بابا بە «مەحەلی، ناوچەیی» و ئەدەبی سەرزارەکی جەماوەر دەزانێ. "ابراهامیان" پێیوایە نێوان زوانی بابا و کەلیمییەکان نزیکایەتی هەیە(ایرانیکا، ٢٩٦) و "ناتل خانلەری" ئەم بۆچوونەی ڕەفزکردۆتەوە(خانلەری، ٣٨-٣٩). "ئێدوارد براون" ئاماژە دەکات بە پەیلوای هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان و لە زوان "کلمان هوار"ەوە دەڵێت زاری هۆنراوەکانی بابا زاری شێوەکانی ڕۆژاوای ئێران(مادی نوێ، پاڵەوی موسڵمان)ە کە لە گەڵ زوانی ئاوێستادا پێوەندی ڕەچەڵەکییان هەیە.(هوار، ٥٠٣-٥٠٢)[٢]. یان دەنووسن بابا تایەر چەند شێعری بە زوانی کوردی هۆرامی بۆ

---

[١]- دایرەالمعارف بزرگ اسلامی، ج١٠/٧٥١

[٢]- سەرچاوەی وەرگرتن بڕوانە: دایرەالمعارف بزرگ اسلامی، ب ١٠/٧٥٤-٧٥١

ڕوونکردنەوەی ئایینی یارسان، هۆنیوەتەوە و ناردوونی بۆ یارانی ئەلی حەقیقەت(اهل حق)[١]. بە تێکڕا لە تێکستە ئایینیەکانی بەرادەرانی ئەهل حەق بابا تاهێر یەکێکە لە ڕابەرانی کۆنی یارسان[٢] و هاوبیر و ڕا و هاوڕازی "شاخۆشینی لوڕستانی، ٤٦٧-٤٠٦ک.م"[٣]. نووسەرێکیتر دەڵێ بابا تاهێری کورد ڕەسەنترین و مەزنترین دووبەتی بێژی ئێرانە و نازناوی "بابای شاعێران"ی بۆ هێناوە و نموونەیەك لە دوبەیتییە کوردییە لوڕییەکانی چاپکردوە لە گەڵ ئەو تێکستانەدا کە لەم دواییدا چاپکراون و فارسیزە کراون جیاوازی ئەوتۆیان هەیە[٤]. لە ڕاستیدا زوانی ڕەسەنی دەقەکەی بابا هەمان "کوردی لوری، فەیلی و گۆرانی"یە کە لە گەڵ فارسی دەریدا جیاوازیان هەیە و شەمس قەیسیش بە هەڵی زەق و لادان لە عەرووز ناویان لێدەبات[٥] و بە ڕای توێژکاران هەر ئەم جیاوازییە(هەڵەکان) لە ئاستی کێش و زواندا دەبێتە پیشاندەری سیمای واقێعی دەقەکانی بابا لەو دەمەدا ژیاوە[٦].

---

[١]- عەباسی، زرێبار/ ژ ٢، ٦٠

[٢]- زرین کوب/ ١٨٩

[٣]- صفی‌زادە صدیق، دانشنامە نام اوران یارسان، هیرمند، تهران ١٣٧٦هـ.ش

[٤]- یاسمی، مجلە ارمغان/٧٠-٦٦

[٥]- کریمیان سردشتی/٧٦٢

[٦]- زرین کوب/ ٤٠١

ئەم بەڵگانە نیشانەی ئەوەیە کەسایەتی "بابا" هەمە لایەن و زایەڵەی شێعرەکانی فرە دەنگەیە و هەڵگری هەندی ئەدگاری مۆسیقایی و مەنهەجی ئەدەبی تایبەت بە خۆیانن کە لە ڕەوتی مێژوودا بە هۆی هەندێ پارامێتری سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، گۆڕانکاری بە سەر دەقەکەیدا هاتووە و هەر لایەنێك بە ویستی خواست و بەرژەوەندی خۆی ئاوڕی لێداوەتەوە و بەرەو ئاراستەی ئیرادەی خۆی بردوویەتی و "بابا"ی بە موڵکی خۆی لە قەڵمداوە. ئەگەرچی لە سەرخانی هونەرەکەی بابادا هەندێ خاڵی جیاواز –بە دەست تێوەردان، دەبینرێ بەڵام بە لێتۆژینەوەی زانستی زوانەوانی و شێوازناسی ئەدەبی، ڕاستییەکان زووتر و شەفافتر دێنە ڕێچکەی ڕاستی و دەرئەکەوێ کە ژێرخانی زوانەکەی بابا "هۆرامی"یە و کە لە ڕێبازی زەماندا لێکۆڵەران و ڕۆژهەڵاتناسان بە "گۆران" ناویان لێبردوە و هاوبەندی فۆڕم و ناوەڕۆکیی لە گەڵ تەواو شێوەکانی تری کوردیدا هەیە و بێگومان دەبێ بە "سامانی ئەدەبی کورد" بژمێردرێت. هەن ڕاڤەکاران و ڕەخنەکارانێك کە بێدەمارگرژی لە سەر ئەم ڕاستییە بابەتیانە هاتونەتە گۆ و بە پێوانەی لۆژیکی ڕەخنە و لێتۆژینەوەی زانستی لە بارەی ئەم شاعێرەوە هەندێ لەو غەدرەی کە لێیکراوە، سڕاوەتەوە و تۆزی زەمەنی لێ ڕامالڕاوە. وتراوە: بە هۆی دلۆڤانی هۆنراوە پاڵەوانییەکانی(فەهلەوی) ئەم شاعێرەوە لە نێو دڵی جەماوەردا و دەم بە دەم وتنەوەیان، وردە وردە پێکهاتە ڕەسەنەکەیان گۆڕراوە

و یان ئەنقەست بە زوانی ڕەسمی ئەدەبی(دەری)یان نزیك کردۆتەوە[1].

## ڕاژەی ئەدەبی و
## ئاستی کێش ناسی شێوازەکەی بابا



ڕاڤەکار دەبێ بۆ لێتۆژینەوە لە شێعری "فەهلەوی، پەهلەوی، پاڵەوانی" و هۆنراوە جەماوەری و ناوچەییەکان(اشعار عامیانە) و دەقەکەی بابا، دوو مەنهەجی ئەدەبی تێپەڕێنێ: یەکەم پشکنینی بەڵگە نڤیسارییەکان(اسناد کتبی) و ئەو تێکست و دەقانەی کە ڕەنگە هەڵگری هەندێ لەو دەقە شێعرانە بن کە بەم شێوازە وتراونەتەوە. دووەم کۆکردنەوە و کار لە سەر ئەو سروود و تەسنیف گەلەی کە ئەوڕۆ لە نێوان جەماوەری شەقام و بە شێوەگەلی جۆراوجۆر ئاخافتیان پێدەکرێ. مەنهەجی یەکەم ئاکامی پۆزەتیڤی لێ ئاوەگۆز ناکرێ، چوونکای لەم ڕێگادا ناتوانین شێوەی درووستی دێڕەکان لە ڕووی دەقی نڤیسارە تۆمارکراوەوەکان بخوێنینەوە، ئەو بنووسانەی کە ئەم دەقگەلە کەوتۆتە دەستیان بە هۆی ناشارەزایی ئەدەبی و بەراوردکارییان لە گەڵ ئەو شێوە زوانە کە پێی هۆنراوەتەوە، توخمگەلێکی ناراست و هەڵەگەلێکی زەقیان

[1]- صفا، ٣٨٥/٢

خستۆتە نێو ئەم تێکستانەوە کە لەم روانگەوە ناتوانرێ مانای درووستیان لێ دەرك بکرێتن. خاڵێکی تر لەم باسەدا ئەوەیە کە شێعر یان سروودێك کەوتبێتە دەست ئەدیبێك یان بە رواڵەت عەرووز زانێك، خێرا لە گەڵ پێوەرەکانی عەرووزدا هەڵیسەنگاندون و دیاردەکانی ئەم زانستییە بۆ پێوانە کردون و بە کورتی "عەرووزیزەی" کردون. نموونەی راشکاوی ئەم دەستێوەردانە لە نووسراوەکانی "شمس قیس رازی" عەرووزوانی سەدەی هەوتەم دەبینرێت. بەڵام هەر چۆنێك بێت رەوشەکەی "شمس قیس" لە گەڵ ئەوانیتردا جیاوازی هەیە و بێگومان زانستی‌تر دێتە بەرچاو، ئەدیبەکان و عەرووزوانەکان لە سەدەی (٧)ی کۆچی بەم لاوە زەحمەتیان بە خۆیان نەداوە کە لانیکەم وەك "شمس قیس" خاڵە جیاوازیەکان لە هۆنراوە فەهلەویەکاندا بدۆزنەوە و بە شێوەی زانستی بەراوردکارییان بکەن، لە جێی ئەم رەوشە خێرا شێوە درووستەکەیان بە زەوقی خۆیان کێش و زاراوەی دەقەکەیان ئاوەژوو کردوە[١] و بە قەولی خۆیان راستیان کردونەتەوە تا بۆ فارسی زوانەکان شیاوی تێگەیشتن بێت[٢]. ئەوەش بڵێین کە خەڵکی ئاسایی بە پێچەوانەی عەرووز زانەکان شارەزایی ئەوتۆیان لە بارەی رێساگەلی ئەدەبییەوە نەبووە کە بتوانن لە سیمای درووستی هونەرەکەی خۆیان پارێزگاری بکەن، کە کەوتونەتە دەست

---

١- زرین کوب/ ١٨٨-١٨٧

٢- ناتل خانلری، وزن شعر فارسی/ ٦٧

ئەدیبەکان ئاوا سیمای واقیعییان شەمزاندون. سەرە ڕای ئەمە لە دووتۆی بەڵگەلێکی بە جێماو لەو مەودا زەمەنییە، هەن هۆنراوە گەلێك کە هێشتا دیمەنە ڕاستەکییەکەیان وەکوو خۆی ماوەتەوە، وەك ئەم دوو بەیتییە کە بە ناوی "بابا تایەر"ەوە تۆمارکراوە و دێڕی سێهەم لە سەر (فاعلاتن مفاعیلان فعولن) کێشراوە یانێ هەمان تەفعیلەیەك کە "شمس قیس رازی" بە نادرووست، ناڕوا، هەڵەی زەق و لادان لە ڕێسای عەرووز ناوی لێدەبات. ئەمەش دوو بەیتییەکە:

**همه عالم پر از گرده چه واچم**

**چو مُ دل‌ها پر از درده چه واچم**

**سنبلی کشته بیم دامان الوند**

**اونم از تالعم زرده چه واچم**

بەڵام لە «هفتصد ترانه»[١] کە لە ساڵی (١٣١٧ ك) چاپکراوە، هیچ شێعرێك بە ساقی نەماوەتەوە، دیارە کە ئەم دووبەیتیانە لە لایەن "کۆکار" یان پێش لە ئەو لە لایەن کەسانی ترەوە سیمای دروستی ریتمەکەیان گۆڕراوە و بە قەولی ئەوان بە بەراوردکاری زانستی عەرووزی، ڕاستکراونەتەوە[٢]. سەرەڕای ئەمە هەن هۆنراوەگەلێك کە پێکهاتەیان بە ساقی ماوەتەوە. پڕۆفێسۆر "مار" لە بارەی ساقی کێشی ئەم دوو بەیتییە فەهلەوییانەوە، پێیوایە کە کێشی

---

١– کۆکردنەوەی، کوهی کرمانی

٢– هەمان/ ٦٧

فەهلەویات لە چاو کێشی (هەزەجی شەشی قرتاو) کەمتر گۆڕراوە و لەم ڕوانگەوە زۆر کۆنترە لە فۆڕمی عەرووزی عەرەبی[١]. تەنیا ڕێی چارە بۆ بەرگری لە فەوتاندنیان، و پەی بە دەرکی ڕاستەکی کێشەکەیان، دەبێ وەك خۆیان بخوێنرێنەوە تا پێکهاتەی درووستیان دیاری بکرێتن، بەم ڕێبازە دەردەکەوێ کە ئەم شێعرانە لە نەفسدا خاوەنی جەوهەرێکن کە لە گەڵ پێوەری ڕێسای عەرووزدا ناگونجێن و ناکۆك و ناتەبا دێنە ڕێچکەی وێنا کرن. تەنیا و تەنیا دەبێت لە چوارچێوەی یاسای فۆنێتیکی ئەو زوانگەلەدا کە هۆنراونەتەوە، باسیان لە سەر بکرێت[٢].

بۆ وێنە هەر لەم پێناوەدا ئاماژە دەکەین بە بۆچوون و ئەو بەڵگە زانستییە کە د. مێهردادی بەهار، زوانەوان و ئوستوورەناسی توکمەی ئێرانی لە کتێبی "جستاری چند در فرهنگ ایران"دا ئاماژەی پێکردووە. بەهار دەڵێ: ڕەحمەتیی "مجتبی مینوی" لە ژمارەی دووەمی ساڵی چوارەمی گۆڤاری ئەدەبیاتی زانکۆ تاراندا (٢٥) بەیت لە شێعرەکانی بابا تاهێر چاپکرابوو کە بریتی بوون لە دوو پارچە سێ بەیتی و شەش بەیتی و هەشت دووبەیتی[٣]. لە ئەم

---

[١]– مار، وزن شعری شاهنامه، کنگره فردوسی، تهران ١٣١٣ك، وزن شعر فارسی/٦٨

[٢]– ناتل خانلری، وزن شعر فارسی/ ٦٩

[٣]– لە بارەی هەڵەکاری و شێوەی خوێندنەوەی درووستی ئەم تێکستانەوە کاك جەلیلی عەباسی وتارێکی بە پێزی بە ناو و نیشانی "حەقێقەتی عوریان"نووسیوە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕواننە: (زرێبار، ژ ٢، ل ٥٧، وتاری حقیقت عریان، ساڵی ئەوەڵ، ١٣٧٧ ك.ه)

چەند شێعرەدا، جگ لە دوو دووبەیتی ئەویش بە جیاوازیەکی ئەوتۆوە، لە ناو دیوانەکەی بابا تاهێردا نین. ئەم شێعرانە بە ژمارەی (٢٥٤٦) لە مۆزەخانەی قونیەدا بە بەرواری (٨٤٨) تۆمارکراون. بەراوردکاری ئەم شێعرانەو ئەوانەی لە دیوانەکەی بابادا هەن، دەردەکەوێ جیاوازی زەمین تا ئاسمانە. هەر چەن لەم دەقە رەسەنانە نموونەیان نییە لە هەوێڵدا، بەڵام بە توێژینەویەکی تەنانەت مامناوەندی زوانەوانی دەردەکەوێ کە سەرجەمی دیوانەکەی باباتاهێر کە گوایێ هی ئەوە، ئاڵۆز و گوماناوییە. بەدەسەوە بوونی ئەم نموونە شێعرییە رەسەنانە، ئێمەی توێژکاران یاری دەدات کە دیوانەکەی بابا لە سەر پێوەرە زوانیە ئێرانیەکانی رۆژاوای ئێران –کوردی– (جەخت لە نووسەری ئەم وتارەیە)، بە تایبەت زوانی "پاڵەوانی" و یاسای گۆڕانکاری لەم زوانانەدا و بە چاوکردن لە دەقە نووسراوەکانی دەورەی ئیسلامی رۆژاوا – باکووری رۆژاوای ئێران، بەراوردکاری بکەین، تا ئەم دیوانە شێعرە لە بەندی دەست تێوەردانی بە ئەنقەست و ئاشکرای هەندێ کە تەنیا مەبەستیان بە "فارسی کردن"ی ئەم دیوانە بووە، رزگاری بکرێ، کە ئەم گۆڕەپانەش سوارەی چاکی ئەوێ[١]. ئەمە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ چەسپاندنی کوردی بوونی دیوانەکەی بابا تایەر.

[١]- بهار، جستاری در فرهنگ ایران/٢٩٧

ئەمەش بەشێکە لەو (٢٥) بەیتە کە لە فۆڕم و ناوەڕۆکدا نزیکە بە لەحن و شێوازی شێعری کوردی هۆرامی(ئورامەن):

**(زارج)ەم دی وەرایی (مورج) ئەدخورد**

**(مورج)انی دو دەستی وە (خودا) دەرد**

**ناگەهان بامد ئان بازو داری**

**(زارج)ەش کوشت و موران (زارج) ئەدخورد**

**(داڵ)یٚ (جە) ئەڵوەند (کۆهان) کەرد پەرواز**

**(باز)ش بکوشت و خونش پاك واخوەرد**

**بامەد (نەچیرەوان) (دەرد)ین وەدایین**

**بە وەکدەش تیر و (داڵ) ئەژکار با دەرد**

**بشە (نەچیرەوان) دەستت (وەچا)دەست**

**چ (ئینەت) (وەدکارە) ئەژکار با دەرد**

**فەنا میٚ (نەشیێیٚ) (ئینە) وەدکە من (کەرد)**

**بە من هەر (ئان)ە (کەران) هەر وەد کە من (کەرد)**

ئەو واژەگەلە وان لە نێو کەواندا هۆرامی رووتن و ئێستاش بێژەرانی هۆرامی گۆی پێدەکەن. وەك: **زارج**(ژەرەژ، کەو)، **مورج**(**مرۆڤە**، **مێلوورە**)، **داڵ**، **نەچیروان**، **ئینەت**، **نەشێی**، **ئینە**، **کەرد**، **ئانە**، و...

واتە:

«کەوێکم دیت، خۆراکی مێلۆرەکانی دەخوارد

مێلوورەکانیش، دەستی نزایان بۆ خوا بەرزکردەوە

کتووپڕ بازێکی راوچی بەدەسەڵات هات و
کەوەکەی کوشت و ئەم جار مێلوورەکان، کەوەکەیان دەخوارد
هەڵۆیەك لە بەرزایی کێوی ئەڵوەندەوە هاتە فڕاندن
بازەکەی کوشت و خوێنەکەی هەموو هەڵمژی
راوچی بێ رەحم و قین لەدڵیش، پیاگەیی
تیرێکی هاوێشت و هەڵۆکەی خست.
بڕۆ راوچی، دەستت خۆش بێ
ئەم بەدکارەتە لەکار خست
ئەم کارە دزێوە کە من کردم نابێتە هوی ناوداریم
هەر کارێکم کرد ئەوانیش بە منی ئەکەن.»

لێکۆڵەران و راڤەکارانی ئەدەبی پێیان وایە هۆکاری سەرناس بوونی "بابا تایەر" وا لە دوو بەیتییە هەمەکی فەهم و تایبەت پەسەندەکانیا، کە هۆنراوەگەلێکی-لانی کەم- چوار دێڕی و لە فۆڕمی دوو بەیتی کە زۆربەیان بە زاراوەگەلی رۆژاوای ئێران هۆنراونەتەوە[١]. ئەم هۆنراوەگەلە کە دیمەنیان هێشتا ساق، رەسەن و خاوێن ماوەتەوە لە سەدەکانی دواییدا ناوی دووبەیتی یان(تەرانە) برا بە سەریاندا، ئەگینا پێشینیان بەم جۆرە هۆنراوانە دەیانگوت"فەهلەوی یان فەهلەویات"، کە لە هەر لە دێر زەمانەوە

---

[١]- مەبەست کۆی شێوە زوانەکانی کوردیە(لوڕ، کەڵهوڕ، لەك، هۆرامی، سۆرانی، کرمانجی و...) کە لە رۆژاوای ئێران نیشتەجێن.

دانیشتوانی "ڕۆژاوای ئێران" هۆگری ئەم چەشنە هۆنراوە بووگن[١] و جگ لە ڕۆژاوای ئێران «لە بڕێ لە ناوچەکانی‌تری ئێران فەهلەوییەکان، ناعەرووزی بوون و لە سەر ریتمی بڕگە وتراونەتەوە، وەك دووبەیتییەکانی "شەرەفشاە" شاعێری "گیلەکی زوان" لە سەدەی(٨)ی کۆچیدا ژیاوە[٢]. وتنەوەی شێعری هیجایی تەنیا پێوەندی بەم ناوچانەوە نەبووە، شێوەکانتری ئێرانی وەك "تەبەری، گیلەکی، کازروونی، سمنانی، همدانی" و... باقی لەهجەکانی تر هەر بەم ئوسلووبە شێعریان هۆنیوەتەوە[٣]. دیارە بابا تایەر کە بە ڕەچەڵەك کورد بووە لە بازنەی ئەم ئوسلووبە شێعرییە قوتار ناکرێ و تەنانەت بە لووتکەش دەژمێررێت. ئەم جارڕدانە تەنیا سەرخانی دیوانەکەی بابا دەگرێتەوە، ئەگەر بە رووکردی زانستیانە و وردەکاری توێژینەوە بڕۆینە نێو ژێرخانی دەقەکانی ئەم هۆنیارەوە، شتێکیتر دەستگیرمان دەبێت. زوانەوانەکان پێیان وایە کە کرکە یان«لەحن، تون، Ton»ی هۆرامی(اورامن) ژانێرێکە لە سروود و (مەلحوناتی فەهلەوی) کە هی «پارسی»یەکانە و بە زوانی «پالەوی» وتراون و شێعرەکانی لە سەر پێوانەی(یانزە بڕگەیی) کێشراون. لەم روانگەوە«ئورامەن»، کۆنتر دەنوێنرێت لە زانستی (عەرووزی) عەرەب. عەرووزوانەکان بۆ ئەوەی

[١]– شمس قیس، شەمیسا/١١٢–١١٣–١٦٢

[٢]- شمیسا، سبك شناسی شعر/١٥

[٣]– صفا، گنج سخن، ب ١/سی و چهار و ناتل خانلری، وزن شعر فارسی/ ٦٨

فۆڕماسیۆن(تانووپۆ)ی ئەم کێشە ڕەسەنە لە گەڵ پێی(افاعیل) زانستی عەرووزدا بگۆنجێنن و (عەرووزیزەی) بکەن، بە پێوەری ڕێساکانی عەرووز خوێندراوەتەوە و فۆڕمی (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن، U– – – ، U – – – ، U – –) ، دەریای هەزەجی شەشی قرتاو(محزوف) یان کورتکراویان(مقصور) بۆ کێشانە کردوە[١]. بەڵام ئەم چەشنە وتنەوە لە زوانی فەرهەنگی جەماوەری ناوچەکە(ادبیات عامیانه محلی)[٢] وەرگیراوە بۆیە پێیان گوتوە: «مەلحوون» یانێ سەرزاری و گوتاری، تا لە زاری ئەو خەڵکانەوە کە دایانناوە، نەخوێنرێتەوە، کێشە ڕاستەکییەکەی دەرناکەوێ. هەندێ لە توێژکاران ئەم شێوە سروودانە بە ناو «شێوازی هۆرامی» لە ئاوازی کوردیدا(سبك هورامی در اواز کُردی)[٣] ناو بردووە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە لەحنی«هۆرامی» لە زوانی کوردیدا، بە شێوازێکی تایبەتی گۆرانی وتنەوە«اوازه خوانی» دەوترێ کە ڕێخ و بنەماکەی بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور دەگەڕێتەوە. ئەمێستاکە تەنیا لایەنێکی کەم لە هونەرمەندانی کۆرد زوان کە سینە بە سینە لە پێشینیانەوە وەریانگرتووە، کەسێکیتر ناتوانێ ئەم شێوازە دابەزێنێ واتە «اجرای اواز» بکاتن[٤]. دیارە مەبەستی ئەم شیکارە "گۆسان"ەکان[١]

[١]– شەمیسا، سیر رباعی در شعر فارسی/٢٩٠–٢٨٩

[٢]– دایرەالمعارف بزرگ اسلامی، ب١٠/٧٥٤

[٣]– ابوترابیان/١٠

[٤]– هەمان/٩

یان«سیاوچەمانە بێژان»ی[٢] هۆرامییە، کە دەتوانن ئەم «لەحن»ە بڵێنەوە.

ڕێخی دەستە واژەی«هۆرامی» لە «ئورامون» یا «ئورامەن»ی «ئاوێستا»وە وەرگیراوە و لە زوانی «پالەوی»دا بە هەمان شێوەی «هۆرامی» هاتووە. هورامی لە زوانی پالەوی لە دوو توخمی «هو» یانیٚ خوش و «رامی» بە مانای "جوانی و رامش" کە لە فارسی «دەری»دا گۆڕراوە بە«خورەمی» یا «خورمی»[٣]. ئەمێستاکە لە کوردستان و باقی ناوچەکانیتری ئێراندا هەندیٚ واژە و دەستەواژە وەرگرتە لەم تۆخمە ڕەسەنە هەن، وەك: «هۆرامان» یا اورامان و «ورمیٚ، ئوورمیٚ یا ئوورمیە» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و «اورامین،

---

[١]– بروانە( خالقی موتلەق/ ٤٤–٢٧–٢٢). و کتیبی سۆزی لیرزیکا لە نووسەری ئەم دێڕانە.

[٢]– لێرەدا مەبەست لە «سیاوچەمانە»ی هۆرامی تێکڕا هەموو گۆرانی هۆرامییە بە «چەپڵە، Čeple و شێخانە، êŞxane و وردەبەزم، Wirdebezim و خاو، Xaw، گێڵای، Gêlay و...». ژێرخانی شێعری برگەیی هۆرامی(فۆلکلۆریك و شاعێران) لە سەر ژانێری جوانخاسی لیریکای عاشقانە و بەیانی هەستی تاکی چێکراوە، بنەمای دەربڕینی ئەم گۆرانیانەش زۆرتر وەسفی جوانخاسییەکانی سروشت و ئەوینی تاکەکانە، کە وابوو دەستە واژەی «سیاوچەمانە»ش یانیٚ وەسفی جوانخاسان و چاورەشان. دابەشکردنی ئەم شێوازە هونەرییە بە «چەپڵە و شێخانە و...»لە روانگەی «رەوشناسی»یەوە لۆژیکی نییە، رەوتی زەمانی و ناوەرۆکی ئەم شێوازە لە رەورەوەی مێژوودا ئەمە ناسەلمێنیٚ.

[٣]– فەرەوەشی/٢٣٢–٢٣١ و (عادڵ محەمەدپوور، کتێبی شەبەنگی زوانی هۆرامی لە گاساکان تا...، ل٧١–٧٠) و (گۆڤاری زرێبار, ژ: ٥٩/٥٨ ل: ٢٩٣)

ورامین» لە ناوەندی ئێران. سەرچاوەکانیتر لە سەر ئەم توخمە ڕەسەنە شرۆڤەیان کردوە و نووسیویانە: «ئوورامەن چەشنێك گۆرانی و وتنەوەی تایبەت بە «پارس»ەکانە! و شێعرەکەشی بە زوانی «پالەوی» بووە. و یان ناوی گوندێکە ناسراو بە«اورامە» و چوونکە ئەم شێوە«گۆران»یە لە لایەن کەسێك لە گۆرانیبێژان(خنیاگران، هونیواکار)ی گوندەکەوە دانراوە بە «اورامن» ناوی دەرکردوە[1]. «اورامنان ملحونات فهلویات» لە بەحری هەزەجی موسەدەسی مەحزوف، دەریای شەشی قرتاو پێکهاتووە[2].
کۆنترین سەرچاوە کە لە بارەی توخمی «ئورامەن و مەلحوناتی فەهلەوی» هاتۆتە شرۆڤاندن، نووسراوەیەکی چڕوپڕ و وتارێکی «زانستی–فەنی»یە لە لایەن عەروززانی ناوداری سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی، شمس قیس رازی(کۆچ ٦٤٠ ك.م). لە بەشێکی ئەم سەرچاوەدا نووسراوە:«خۆشترین کێشەکانی فەهلەویات دەریای هەزەجی شەشی قرتاوە(هزج مُسدس محزوف) و ئەمە هەر ئەو کێشەیە کە «خەسرەو و شیرینی نێزامی و وەیسی و رامینی فخرالدین ئەسعەدی گورگانی» پی چێکرابوو... کە لەحنی(الحان اوان) ئەم کێشە، پێدەڵێن «اورامنان». و دەریایەکیتری تازە(مستحدس) هەیە کێشەکەی (فاعلاتن مفاعیلن فعولن)ە کە پێیدەڵێن بەحری (مشاکل) کە لە سەر پاژێکی(مەحزوف)ی ئەم

---

[1]- قاتع برهان/١، ١٨٢
[2]- هەمان/ژێر واژەی اورامنان

دەریا، ئورامەن(فەهلەویات) وتراوەتەوە وەك ئەم ئورامەنەی خوارەوە کە بێگومان هی بابا تایەرە و دوایی پێکهاتەکەی گۆڕراوە و خراوەتە نێو بازنەی خەفەکراوی دەریای هەزەجەوە:

**ئەر کەریمون خواری ئەج کیٚ تەرسی**

**وەر کوشیمون بە زاری ئەج کیٚ تەرسی**

**ئەزی نیمە دل، نە تەرسوم ئەج کیٚ**

**ئی کێهان دڵ تیٚ داری ئەج کیٚ تەرسی** [١]

نووسەر لە بەشێکیتری ڕاڤەکەیدا دەڵیٚ: جەماوەری هەمەدان(مەبەست کوردەکانە، جەخت لە نووسەری ئەم دێڕانەیە) و زەنجان(مەبەست ئازەرییەکانە کە زوانەکەیان سەر بە بنەماڵەی کوردە، نەك تورکەکان کە دوایی هاتوون و لە ناوچەکەدا جێنیشتە بووگن) کاتیك ئەیانەویٚ شێعری (پالەوی) بهۆننەوە، ناخۆئاگا دوچاری هەڵەی زەقی خوێندنەوە دەبن. لەم ئوسلووبەدا، دێڕێك بەم پێیە (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن، U---/U---/U--) کێشانە ئەکەن و پاشان ئەو دێڕەکەیتر بە پێوەری (فاعلاتن، مفاعیلن،

---

[١] ئەم دووبەیتییە بە تۆزی پاش و پێش بە باباتایەر(کۆچ ٤١٠ ك.م) نسبەت دراوە:

کُشیمون گر بە زاری از کە ترسی/ برونی گر بە خواری از کە ترسی

بە این نیمە دل از کس نترسم/ دو عالم تە داری از کە ترسم  بڕوانە: (ابوترابیان/١١ و ناتل خانلری، وزن شعر فارسی/٦٧)

زۆربەی واژەگەلی ئەم جووت دووبەیتییە وەك: کریمون(چاوگی کەردەی هۆرامی)، ئەج(جە)، کُشیمون(چاوگی کوشیما)، از(ئەز، من)، ای(ئی، ئەمە)، تە(تۆ) هۆرامی رووتن و ئەمێستاکەش گۆ دەکرێن.

فعولن، –U--/U---/U--) دادەنێن. و هەر وەها زۆربەی پێوانەی (فاعیلاتن، ----) لە جێی (فاعلاتن، -U--) و (مفعولاتن، ----) لە جیی (مفاعیلن، U---) چێدەکەن[١].

قەبووڵ و باوەڕکردنی ئەو وتە چەندان ئاسان نییە، ئایا لەو کاتانەدا یانێ سەدەی(٧و٦)ی کۆچی هەمەدانییەکان و زەنجانییەکان(ئازەرییەکان و کوردەکان)، لە هۆنراوەکانیاندا دووچاری دوو هەڵەی زەق بوون؟ ئەگەرچی بە پەیلوای "شمس قیس" کە هەندێ هۆنراوەی پالەوی(فەهلەوی) لە ڕێسای عەرووزی عەرەبیدا لایان داوە، بێگومان بۆچوونێکی زانستی و لۆژیکییە، بەڵام ئەمە کامە زانستە کە بە ئەو ئیجازەی دەست تێوەردانێ ئەدات کە هۆنینەوەکانی نەتەوەکانیتر کە خاوەنی هەندێ دیاردەی تایبەتن، درووست یان نادرووست لە قەڵەم بدات، و جەخت بکات و بڵێت مادام هۆنراوەگەلێك کە لە ڕێسای عەرووزدا نەگونجێن ئیتر هەڵەی زەق بە ئەژمار دێن؟!"شمس قیس" خوی لە شوێنیکیتردا لە لەحنی اورامن(موسیقی هۆرامی) بە باشی یاد دەکات و جەخت دەکات و دەڵێت: « بە گشتی جەماوەری ئێران لە عالێم و عامی، و بڵند پایە و نەوی پایە، خوشحاڵن بە هۆنینەوە و خوێندنەوەی شێعری فەهلەوی، و تێدەکۆشن بە دڵ گوێی بۆ ڕاگرن، چما هیچ

---

[١]- رازی شمس قیس، المعجم/١٠٥-١٠٤

دەنگێك و نەوایەك لە شێوەكانی عەرەبی و دەری و گۆرانییە سێحراوییەكانیتر دڵیان و هەستیان نابزوێنێت جگە ئەم كركە:

**لەحن ئوورامەن و بەیت پەهلەوی**

**زەخمەی روود و سەماع خەسرەوی...** [1]



بێ گومان ناخۆئاگا مەبەستی شەمس قەیس لە هەڵە زەقەكانی هەمەدانیان و زەنجانیان(كوردەكان و ئازەرییەكان) بە هەمان توخمی كركە دەنگ(شدت صوت)ە و توخمی(تەكیە) لە پێكهاتەی شیعری هورامییدایە كە ئێستاش جگ لە كەسانێكی زوانزان، شارەزا و هونەرمەند كە ئەبێ شارەزاییان لەم بارەوە ببێت و ئەم كركە دەنگانە دروست وەك خۆیان بخوێننەوە(ملحون)، تا پەی ببەن بە ئوسلووبی رەسەنایەتی مۆسیقا دەرەكییەكەیان، بۆیە عەروزوانێكی توكمە وەكوو (شمس) بە دیدی پێوانەی بەرامبەری برگە كورت و درێژەكان(قید تساوی) و ڕێسای عەرووز لەم دیاردە دەكۆڵرێتەوە و ئەم رووكردە زوانییەی (همدانی)یەكان و (زنجانی)یەكان بە لادان لە ریساكان و پێوانەكانی عەرووز و هەڵەی زەق وەسف دەكات. نووسەری ئەم دێڕانە پێیوایە ئەم چەشنە شێعرانە بۆیە پێیان دەوترێ «مەلحون»، كە خوێندنەوەی درووستیان مەرجی سەرەكییە بۆ دەرخستنی كێشەكەیان. هەروەها كە لە شێعری زاراوەگەلی جۆراوجۆری ئەمرۆی ئێران وەكوو(كوردی، لوڕی، تەبەری و...) تا

[1]- رازی شمس قیس، المعجم/ ١٧٣و ابو ترابیان/١٣-١٢-٩

درووست وەك زارەكەی خۆیان نەخوێندرێنەوە، كێشە درووستەكەیان دەرناكەوێ. دەقە بڕگەیی كۆنەكانی «گاساكان» و «درەختی ئاسووریك»، «ماتیكان گجستك ابالیش» و هەندێ بەڵگەی تر... پێش ئیسلام و ڕەوتی چواردە سەدەی شێعری هۆرامی پاش ئیسلام لە هورمزگان، یارسەكان، ئورامەنەكانی دەقەكانی دایە تەورێزی هۆرامی(٤ ك.م)[١]، جەلالە خانمی لورستانی(٤ ك.م)[٢]، دایە خەزانی سەرگەتی(٥ ك.م)[٣]، بابا تایەری لۆڕ(٤ ك.م)، شێخ سەفی هەردەوێڵی(٨ –٧ ك.م)[٤] و صەیدی هۆرامی(١٣ هـ.ق)بەڵگەی تۆكمەن بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە.

---

[١]– صفی زادە، تاریخ ادبیات كُردی/١، ٧٦

[٢]– هەمان/١، ٩٧

[٣]– هەمان/١، ١٣٠

[٤]– كسروی/٣٤٩ و صفیزادە/٣٩٨

## ئەنجام:

پێکهاتەی مۆسیقای دەرەکی ئەو دووبەیتیانە کە لە مێژووی چواردە سەدەی شێعری کوردی بە تایبەت لە شێعری هۆرامیدا تۆمار کراون و عەرووززانەکان ویستوویانە بە زۆرە ملێ پێکهاتەی کێشەکەیان بگۆڕن و جیاوازییەکان بە پێوەری دیاردەی عەرووز لێکبدەنەوە، شێوازی هۆرامی یان(ئوورامن)ە. بە راڤەی ژێرخانی زوانەکە دەردەکەوێ کە ئەمە کرکە دەنگ یا زڕە دەنگە( پڕۆسەیەکی دەنگ سازییە(فرایند واجی، phonemic process)، کە شێعری (مەلحون) و مۆسیقای دەرەکی ئەم دەقانە لە گەڵ رێساکانی عەرووز، جیا دەکاتەوە و "ریتم" و "هارمۆنیا" لە چامەکەدا ساز دەکات، نە بەرامبەری برگەی کورت و درێژ لە دوو دێڕدا(قید تساوی). بێگومان دەقەکەی "بابا"ش لەم یاسا قوتار نییە.

## سەرچاوەکان:

ابوترابیان د. محمد ڕەزا، از هورامی تا ارومیه، تهران، نشر دلارنگ، ١٣٨٥هـ.ش
بهار محمد تقی، سبك شناسی شعر، ج ١ مۆسسه مەتبوعاتی علمی ١٣٤٧ هـ.ش
بهار مهرداد، جُستاری چند در فرهنگ ایران، نشر فکر روز، ١٣٧٣هـ.ش
تاوەگۆزی مەولەوی، دیوانی شێعر، لێکدانەوەی عەبدولکەریم مودەڕێس، چاپ سەیدیانی مەهاباد
جامی مۆئەزن، ئەدەبی پەهلەوانی، نشر قەتره
خالقی موتلەق جەلال، گل رنج های کهن، تهران، نشر مرکز، ١٣٧٢هـ.ش
خلف تبریزی، برهان قاتع، محمد معین، ج١، تهران، امیر کبیر، ١٣٦١هـ.ش
دایرەالمعارف بزرگ اسلامی، ب١٠، سازمان چاپ و انتشارات وزارت ارشاد اسلامی، تهران ١٣٨٠ك.هـ
دوستخواه جلیل، اوستا جلد ٢ تهران، نشر مروارید ١٣٧٠
دهخدا علی اکبر، مقدمه لغت نامه، مقاله دکتر احسان یار شاتر، تهران، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٧٣
رازی شمس قیس المعجم فی معاییر اشعارالعجم، تهران، انتشارات زوار، اردیبهشت ١٣٦٠هـ.ش
رازی شمس قیس، به کوشش سیروس شمیسا، تهران ١٣٧٣ك.هـ
رامان، ساڵی دوازدهەم، ژ ١٢٨، ٢٠٠٨م
زرین کوب د.عبدالحسین، جستجو در تصوف ایران، انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٦٣هـ.ش
شەمیسا د. سیروس، سبك شناسی شعر، انتشارات فردوس، تهران ١٣٧٤ ك.هـ
شەمیسا د.سیروس، سیر رباعی در شعر فارسی، تهران ١٣٦٣ك.هـ
شفیعی کدکنی د.محمد ڕەزا، گزیده غزلیات شمس، چاپخانه سپهر، تهران ١٣٦٥ هـ.ش
صفا د. زەبیحاللە، گنج سخن، ب ١، انتشارات ققنوس، تهران ١٣٦٣ك.هـ
صفا د. زەبیحاللە، تاریخ ادبیات در ایران، ب ٢، انتشارات فردوس، تهران ١٣٦٦ ك.هـ
عەباسی جەلیل، حقیقت عریان، زرێبار، ژ٢، ساڵی یەکەم، ١٣٧٧ك.هـ

فرەوشی بهرام، فرهنگ پهلوی، چاپ اول، تهران، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٤٦هـ.ش
کریمیان نادر سردشتی، تاریخ هورامان، نشر احسان تهران ١٣٨٦هـ.ش
کسروی احمد، به کوشش یحیی زەکا، تهران، انتشارات فراکلین، ٢٥٣٦ش
محەمەدپوور عادڵ، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، پەخشکاری ئێحسان، تاران ١٣٨٨ک.هـ
محەمەدپوور عادڵ، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا...، چاپخانەی بابان، سلێمانی ٢٠٠٨ی ز
ناتل خانلری د. پرویز ، وزن شعر فارسی، تهران، بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٥٤ هـ.ش
هورامی صەیدی، دیوان شعر، لێکۆڵینەوە محمد امین کاردۆخی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٧١ز
صفی زادە صدیق، مێژووی وێژەی کوردی ب١ و ٢، بانە، انتشارات ناجی، ١٣٧٠هـ.ش
یاسمی رشید، مجله ارمغان، سال دهم، صص ٧٠-٦٦

# مەولانا خالید، شەیدایی و لە خۆبایی‌بوون

## هەڵوێستەیەکی مێژوویی:

شەبەنگی بیرۆکەی عارف و بیرمەندی مەزنی مەنهەجی ڕێگای حەقێقەت، مولانا خالد شارەزوری (١٢٤٢ـ ١١٩٣ ك/ ١٨٤٠–١٧٨٩ز)، هاوکات بووە لە گەڵ ئاوابوونی دەسەڵاتی کەریم خانی زەندی بە ڕەچەڵەك کورد(١٢٤٤–١١٩٣ ك) و «تێپەڕبوون لەو دۆخە لەرزۆکەی کە بە هۆی فەترەیەکی سیاسییەوە بەدیهاتبوو کە سەرکردە ملهوڕەکانی ئەو دەمە، وەك نادرشای ئەفشار و باقی هاڤاڵانی پێکیان هێنابوو، ئەنجا سەقامگیرکردنی ئۆقرەیی و ئاسایش لە ئێرانی ئاڵۆسکاو و پچڕپچڕدا، لە لایەن سەرکردەیەکی توکمە و ملهوڕ، وەك ئاغا محەمەدخانی قاجارەوە(١٢٦٠–١٢١٢ ك)[١]»، بەڵام بە زۆری داسەپاندنی شمشێر. ئەگەرچی لە دەرەوەی وڵاتی ئێران و کوردستانی ئەو دەمە –کە بەشێك هەرە زۆری سەر بە کاستی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتی ئێران بووە– لە جیهاندا

---

[١] – راوەندی مورتەزا، تاریخ اجتماعی ایران، ج ٢، امیرکبیر، ٢٥٣٦

گۆڕانکاری ئەوتۆ سەریهەڵدابوو: هەڵایسانی شۆڕشی جەماوەر لە وڵاتی فەرانسە، سەرکەوتنی(ناپلوئونی بەناپارت)، هاتنە گەڕی ناسیونالیزم و دەوڵەت–نەتەوەکان. بە واتا بزاڤێکی هەمەلایەنەی سیاسی و رۆشنبیری لە وڵاتانی ئوروپادا تەشەنەی کردبوو، بە پێی کاردانەوەی ئەم گۆڕانکارییە، بیری نۆژەنی و پێشکەوتنخوازی و رێنسانسی بیری و هزری و زانستی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا گۆپکەی کردبوو، کەچی هێشتا هورووژمی ئەو شەپۆلە هزری و پیشەیی و زانستی و رۆشنبیرییە، نەیتوانیبوو رۆحی خەمۆکی ئێرانییەکان - چ چین و توێژەکانی خەڵك و چ دەسەڵاتدارێتی وەخت - لە خەوی چەندین ساڵە، راچەنێ و بیانهەژێنێ. هەروەها ئەو شێوە گەندەڵکاریە سیاسی و پۆپۆلیزم و کوێلەتییە لە رۆح و هەناوی تاك و کۆمەڵدا بەردەوام دەبێ[١]. کەچی لەو سەروبەندەدا، ئەو نیازە فیکری–روشنبیرییە لە قاوغی بزاڤی سۆفیگەریدا لە فرەیی لە وڵاتاندا سەریهەڵدا و تەنانەت گەشەشی کرد. ئەم بزاڤە بە شێوەیەکی پارادۆکس و دژبەر لە فەرهەنگی وڵاتی ئێمەدا کاردانەوەی هەبووە. «ئەرێنی و نەرێنی». ئەرێنی بووە کە تەکانێکی دا بە باری جمەی هزر و بیرمان، نەرێنی بووە، بۆ ئەوە نەریتێکی سەر سپاردەیی و بیرێکی هێژمۆنیی وەستاوی لە ئاستی هزر و بیری ئێمەدا چاندوە و سەقامگیری کرد کە یەکەڵا کردنەوەی

[١] – ازصبا تا نیما، د یحیی ارین پور، ج. ١ ، انتشارات فرانکلین، تهران، ٢٥٣٥

ئەم باسە مەودایەکیتری ئەویٚ. ئەم بیرۆکە لە هەوەڵدا لە لایەن نەوەکانی شاە نعمت اللە وەلی لە وێلایەتی «دەکەن» دا خەریکی پڕوپاگەندەی عیرفانی دەبن، ئەم مەڵبەندەش هەر لە مێژە — تەنانەت بەر لە ئیسلام—سەنتەرێك بووە بۆ نەشر و بڵاوەی سوفیگەری و کانزای بیرۆکەی ئیلهاماتی عیرفانی. ئەم ئاقارە عیرفان ئامێزە نە تەنیا بوو بە هۆی پاراستنی تەرێقەتی «نعمت اللهی» لە سەروبەندی «سەفەوی»دا، بەڵکوو بوو بە ناوەندێك بۆ تەشەنەی رەچەڵەکی «قادری» و پاشان «نەقشبەندی»یەکان لە کوردستان و باقی دەڤەرە «سوننە» نشینەکان لە «ماوراالنهر» و «خوراسان» و «ئەفغانستان» و باکووری«ئافریقا» و هەندیٚ لە وڵاتانی تر[1]. تەسەوفی ئێران و هێند هەر لە مێژە لە یەك بەنداوەوە سەرچاوەی گرتووە و هەمیشە لە رەوتی مێژووی عێرفاندا، پێکەوە تەبایی و هەماهەنگیان بووە. گرینگترین فیرقەی تەسەوفی ئێران و هێند سەرەتا فیرقەی «قادری» بووە کە لە ئێراندا کەمتر و لە وڵاتانی «هێند و ئەفغانستان» زۆرینەی مورید و مەنسووبیان بووە. دومین رەچەڵەك فیرقەی «نەقشبەندی» بووە کە پێش لە «بهاالدین نەقشبەند» مەشایخی «خواجگان» بوون بەڵام لە سەروبەندی«بهاالدین نەقشبەند»دا ئەم رێچکە گۆڕراوە بە«نەقشبەندی». تەریقەتی نەقشبەندی لە سەدەی دەهەمی کۆچی

---

[1] – زرین کوب د. عبدالحسین، دنباله جستجو در تصوف ایران، امیرکبیر ١٣٦٦، ل ٢٠٦ و...

مانگیدا لە «کوردستان و ئاسیای بچووك» پەرە ئەسێنێ و لە سەدەی دوازدەی ك.م، لە لایەن «شێخ خالدی شارەزووری»یەوە بە تەواوی لە کوردستان سەقامگیر دەبێ و بە «خالدیە» ناو دەردەکات[١]. ئەوە بوو«مەولانا خالدی شارەزوری» بۆ دەربازبوون لەو هەڵپە ئەستەمکاری–سیاسی–کۆمەڵایەتییەکان کە ڕۆحی گلێرگەی کوردستانی هێنابوویە تەنگهەڵچنین و تووی خەمۆکی لە تاکەکانی کۆمەڵدا چاندبوو، پاش چەند گەشتێك لە شارە گەورەکانی ئێران و وڵاتانی دراوسێ و بۆ وەدەستهێنانی ئەزموونی سلوکی نەزەری و عیرفانی پراکتیکی، بە ڕێنوێنی یەکێك لە موریدەکانی لە ساڵی ١٢٢٢ی ك.م، لە وڵات پەڕەوازە دەبێ و پاش ماوەیەکی زۆر دەگاتە کێشوەری هێندوستان و لە خزمەت قوتبی ربانی شاه عەبدوللای دێهلەوی دا، دەگیرسێتەوە.لە هێندوستان پاش یەك ساڵ بە وەرگرتنی ئیجازەی تەریقەت و سلوك لە سەردەستی شا عەبدولادا، دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەس دەکات بە پڕوپاگەندەی سوفیگەری و پەرە پێدانی مەنهەجی نەقشبەندییە، تا ئەم بەروارە کە تەریقەتی ناوبراو لە کوردستان چەندان برەو و بایەخی مەنهەجیی نەبووگە، لەم هەڵسووکەوتەدا، بە چەشنێك دەکەوێتە برەو و هەڵایسان کە تەنانەت سەرکردە سیاسی و زانایان و مامۆستایان، ڕوو ئەکەنە ئاستانەی مەولانا بۆ وەرگرتنی

[١] – نفیسی سەعید، سرچشمه تصوف در ایران، چاپ مروی، ١٣٦٨ ل، ١٩٧ و ١٩٨

ڕێگای تەڕێقەت بەم شێوە هزری عرفانی «نەقشبەندی» لە کوردستان سەقامگیر دەبێ و ڕێگا سازدەبێ بۆ بنەماڵەی شێخانی تەوێڵێ.[١] کە پتر دوسەد ساڵ خزمەت بە ژیار و باری مەعریفی کوردستان و ئێستاش هەر سەنتەرێکی ئەکتیو و بە پێزە بۆ قەڵەو کردنی هزر و مەعنەوییەت لە دەڤەرەکاندا بەڵام بە لەونی خۆی.

## *شێعر، یەکەی دەربڕین بۆ بزاڤی سۆفیگەری

بە پێی ئەو پۆلێبەندییە کە یۆنانییەکان بۆ ژانێری شێعری دەکەن : شێعر بریتییە لە چوار جۆر: الف: شێعری Epic (حەماسی)، ب: شێعری دراماتیك (نمایشی،Dramatic )، ج: شێعری Etic ( ئەخلاقی و ئاکاری و مۆچیاریئامێز ) د: شێعری Lyric (غنایی)[٢]. ). بە پێویست ئێمە لەم وتارەدا، لە سەر رۆڵی ژانری شیعری غنایی(لیریك) کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە باسەکەمانەوە، ئەدوێین. بە پەیلوای ڕەخنەڤانان و لێتۆژەرانی مەزنی ڕۆژاوا«لامارتین» و «موسە» و هەر وەها شاعێرانی سەر بە قوتابخانەی ڕۆمانتیك، شیعری غنایی(لیریکا) بۆ دەربڕینی «هەستە تاکییەکانی شاعیرە»، لەم ڕوانگەدا شێعر، ژانرێکە کە لە گەڵ «خودی خۆی» دا

---

١ – نەقشبەندی عوسمان، بر پهنه یاد، چاپی اوّل انتشارات کردستان، ١٣٧٩

٢ – صفا زەبیح اللّه، حماسه سرایی در ایران، امیرکبیر ١٣٦٣، پیش گفتار

دانوستاندن دەکات، یانیٚ شاعێر، پانتای ڕۆحی خۆی، دەکاتە سوژە بۆ خورپەبەخشی و داهێنانی ژانری هونەری و ئیستەتیکی. ئەم ڕێچکە هونەرییە پێیان وابوو شێعری (لیریك و غنایی) شێعرێکی شەخسییە و تەنیا شاعێر خۆی دەلاوێنێتەوە[١]، کەچی بڕپکتر لە ڕەخنەڤانان پێیانوایە، شێعری لیریکی شێعرێکی سۆسیاییە و سەر بە پێکهاتی گلێرگەیە، بەڵام دو چەمکی «هەست» و «شەخسی»بوون، گرینگترین فاکتی هونینەوەن بۆ ژانری شێعر. دەڵێن: شاعێر بەشێکە لە گلێرگە، خۆی لە هەمبەر کۆمەڵگەکەی بە «دەرەوەست، متعهد» دەزانیٚ[٢]. ئەو دەقە شیعرییە سۆفیانە کە لە ڕەوتی ئەدەبی فارسیدا لە سەرەتای سەدەی شەشی کۆچی مانگیدا هەن، ئەم بۆچوونەی ئێمە بەباشی دەسەلمێنیٚ. «سەنایی غەزنەوی» و «عەتاری نەیشاپووری» لە سەرەتای ئەم سەدەدا، دەبنە پێشاهەنگی بزاڤی شێعری تێئۆکراتیانەی سۆفیگەری بۆ بە گژداچونەوەی نابەرابەری کۆمەڵایەتی. بەم جۆرە لە بەکگراوندی گلێرگەدا، بزاڤێك سەرهەڵدەدا، کە توخمی «زوهد و مەسەل» دەبێتە گورزێکی کاریگەر بۆ پەرچدانەوەی ناتەبایی و نابەرابەری سامانی دەسەڵاتدارانی ئەو دەمەی ئێران. تا ئەو دەمە، «زوهد و تەسەوف» تەنیا رولێکی تاکی و تەجریدی و سەلبی و نیگاتیڤی هەبووە بۆ

---

[١] – شمیسا د. سیروس، انواع ادبی، انتشارات فردوس، ١٣٧٤، ل١٢٠

[٢] – شفیعی کدکنی، درامدی بر ادبیات غنایی، مجله رشد اموزش زبان و ادبیات فارسی، شماره ٣٣ و ٣٤

جەماوەر. نوسراوەکان تەنیا بۆ حەسانەوەی رۆحی تاکی و وەرزشی نەفسی خۆیان بووە. «سۆفی و زاهید» بەشێك بوون لە کاستی دەسەڵات. بە لە دایك بوونی قەسیدەکانی «سەنایی غەزنەوی» بزاڤی کۆمەڵایەتی عیرفان دێتە رۆگەی هەبوون و سیمای زوهدو عێرفان روخسارێکی ئیجابی و پۆزەتیڤ بە خۆیەوە دەگرێ، و ئەم شاعێرە بەم شێوە دەبێتە ئەوەڵێن رەخنەڤانی گلێرگە بە داهێنانی قەسیدەی کۆمەڵایەتی، سەرەتا رەخنە لە کەسایەتی نەفسانی خۆی دەگرێ و بە گژ خۆیدا دەچێتەوە، ئەنجا قامچەکانی ریازەت بە خۆیدا دەماڵێ و پاشان لە کۆیلەتی گلێرگە دەکۆڵێتەوەو بە «رەخنەڤانی کۆمەڵگە» دەناسرێ. سەنایی لە دەقە قەسیدەکانیدا توانی تەجروبە رۆحانییەکانی عارفان و زاهدانی سەدەی پێشوو(دوم، سوم، چوارەم و پەنجەم) کە لە ئاسەواری پەخشانی: «اللمع سراج و قوت القلوبی ابو تالبی مەکی و رێسالەی قوشەیرە و ئێحیا علوم الدینی غەزالی»دا رەنگی دابوویەوە، لە گەڵ توخمی «زوهد و مەسەل» تێکەڵ بکاتن و شێوازێکی نوێ لە تەسەوف بخولقێنێ.

**مکن در جسم و جان منزل که این دون است و ان والا**

«ملکەچی لەش و گیانت مەبە و مەڵێ ئەمیان خراپە و ئەویان چاك»

**قدم زين هردو بين نه نه اينجا باش نه انجا**[١]

«لە هەر دووی ئەمانە دەرباز بە و نە ئەمی بە و نە ئەوی»

**بيت من، بيت نيست اقليم است**[٢]

یانیّ: شێعرەکانی من، شێعر نین بەڵکوو هەرێمێکن، لیپان لیپ لە واتا و دەلالەت، بە ئیهام بەیت یانیّ: ماڵ، دڵ، دڵی من ماڵێکی بچووك نییە بەڵکوو هەرێمیّ واڵا و پڕدەرەتانە.

**بمير اى حكيم از چنين زندگانى**[٣]

**كزين زندگانى چو مُردى بمانى**

«ئەی حەکیم بمرە لەم ژیانەت

ئەگەر لەم ژینەت بمری، نەمر دەمێنیتەوە»

**برگ بى برگى ندارى، لاف درويشى مزن**

**رُخ چو عياران ندارى، جان چو نامردان مكن**[٤]

یانیّ: «سامانی دەروێش بوونت نییە، لاڤی دەروێشی لیّ مەدە

بە سەربەرزی ناتوانی بمری وەك ناجوانمێران مەمرە»

پاشان ئەم بزاڤە هزری و فیکرییە بە رەچەڵەك دەگاتە «حافز» و قوتابخانەی «ڕیند و ڕندخوازی» لە پانتای لیریکای فارسیدا،

---

[١] – شفيعى كدكنى د. محمدرەزا، تازيانه هاى سلوك، انتشارات اگاه، ١٣٧٢، ل، ٧٢

[٢] – شفيعى كدكنى د. محمد رەزا، تازيانه هاى سلوك، انتشارات اگاه، ١٣٧٢، ل، ٤٢

[٣] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩

[٤] – هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧

پێکدەهێنێ و «مەولەوی بەلخی» لیریکای عیرفانی فارسی دەباتە لووتکەیەکی بەرزە چڕ.

**حافزا می خور و «رندی» کن و خوش باش ولی**

**دامِ تزویر مکن چو دیگران قران را**[1]

«حافز مەی بخۆرەوەو و ڕێندی(عاشقی) بکە و خوش بیگوزەرێنە،

بەڵام وەك زاهێدانی ریاکار قورئان مەکە بە داوی فێڵ و تەڵەکە»

«بە راشکاوی دەڵێم و لەم وتەی خۆشمە خوشحالّم،

بەندەی عەشقم و لە هەر دوو دنیاش ئازادم»

**ما نه مرغان هوا نه خانگی**

**دانه ی ما (دانەی بی دانگی)**

**هر کبوتر می پڕد زی جانبی**

**وین کبوتر (جانب بی جانبی)**[2]

«ئێمە نە باڵندەی ئاسمانین و نە دانەچنی ماڵی،

دانەی ئێمە بێ دانەگییە، هەر کۆترێك بەرەو ئاقارێك دەفڕێ،

کەچی ئەم کۆترە فڕینی بەرەو لامەکانە»

مەولەوی بە هاوردنی پارادۆکسی(دانە ی بی دانگی) و (جانب بی جانبی) باس لە سەر ئینسانی نزمی (ناسووتی) و ئینسانی بەرزی (لاهووتی)کە وێنەیێکی بەرزە فڕە، دەکات.

---

[1] – دیوان حافز، بە کوشش د.خ. رهبر، انتشارات صفی علیشاه، ١٣٧٠، ل:١٤

[2] – مەسنەوی مەولەوی، بە نەقڵ از موسیقی شعر، شفیعی کدکنی، ل: ٣٧

## *پێوەندی هزری مەولانا خالد و ئەو چەمکە فیکرییانەی کە پێوەندی ناوەڕۆکیان بە قوتابخانەی «خوراسان» و لیریکای قەلەندەرانەی «سەنایی غەزنەویی»یەوە هەیە



وەك ئاماژەمان پێدا ساحەتی مەعنەوی و دەروونی ئیسلام بە گشتی و عیرفانی ئێرانی بە تایبەت بە «زوهد» و «پارێز»ەوە دەست پێدەکات و دەگاتە خاڵێك کە دەبێ پێی بوترێ «تەسەوف»، ئەنجا لە کاتی تەشەنەی پرۆسەکەدا ئەو هەموو مێتود و مەنهەج و تەرێقەتگەلە سەرهەڵدەدەن، عارف شاعێر بۆ دەبڕینی سۆزی دەروون، پێویستی بە یەکەیەك دەبێ بە ناو ئەدەبی عیرفانی یان بە شێوازیکتر بڵێن، ئەدەبیاتی «موغانە، یان قەلەندەریات». پڕۆسەی ئەدەبیاتی تەسەوف بەگشتی لەم دیاردە رۆحانییەدا، بەم شێوەیە: زوهد – تەسەوف – قەلەندەریات.[1]

ئەوانەی قۆناغەکانی سەیرو سلووکی عیرفانی بە شێوەی پراکتیکی تێدەپەڕێنن، بە شێوەی خۆرسك و زاتی زۆربەیان، دەبنە شاعێری هەست ناسك، چونکای لە کاتی دانووستاندنی موجاهەدە و ریازەت و وەرزشی نەفسدا، هەستی ناخەکییان دەبزوێ و لە نەست و ناخوداگایاندا، شەپۆلی خەیاڵ ورووشە دەکات و لە میکانیزمی خەلاقدا، بە شێوەی هونەری «شێعر و پەخشان و پەخشانە شێعر و

---

[1] – شفیعی کدکنی د. محمد رەزا، تازیانە های سلوك، انتشارات اگاە، ١٣٧٢، ل، ٤٣

چیرۆکە شێعر» و... دەری دەبڕن. دەقەکانی سەنایی، عەتار، مەولەوی و باقی عارفانی ناودار لەم موکاشفە زەینییە کەڵکیان وەرگرتووە.

**من چه گویم یك رگم هشیار نیست**

**شرح ان یاری که او را یار نیست**[١]

«من چی بڵێم، تەنانەت ڕەگێکیشم وشیار نییە(وام لە دنیای داهێنان و شهود و لاشعووردا)

باسەکەم باسی یارێکە کە خۆی پێویستی بە یار نییە»

*لەم پارچە لیریکادا، مەولانا خۆی لە گەڵ پیرهەرات«خاجە عەبدوڵا ئەنساری»دا بەراورد دەکا و کاردانەوەی لێ وەردەگرێ ودەڵێ:

**هرگز ترحمی به من مبتلات نیست**

«هەرگیز روحمێك بە منی دەردەداری عەشقت نەکرد»

**معلوم شد مرا که تو بیم خدات نیست**

«بۆم دەرکەوت کە تۆ ترست لە خودا نییە»

**ما در قمار عشق تو جان باختیم لیك**

«ئێمە عاشقان لە پێناوی عەشقی تۆدا گیانمان لە دەستدا»

**با ان دو رخ تو شاهی و پروای مات نیست**

«بەم دوو گۆنا جوانەوە، تۆ سوڵتانیت و دەربایسی کوشتنی ئێمەت نیە. (ڕوخ و شا و مات لە مەلزوماتی شەترەنجن، دەتوانێ ئیهامیش

---

[١] – سجادی علی محمد، گزیده ابیات مەسنەوی، دانشگاه شهید بهشتی، ل٦٣

بێ، شاعێر لێرەدا بە وشە کایەی کردوە.«مات» جیناسە هەم بە مانای: «ما، و جێناوی ت=تو و هەمیش بە مانای «مات» لە ناو بردن زاراوەیەکە لە شەترەنجدا باوە).»

**بهر بلای جان سخنی جستم از لبت**

«بۆ بەڵای گیانم وتەیەکم لە لێوت هەڵێنا»

**خرسند کن بلا تو مرا گر بلات نیست**

«گەر بەڵات نییە، دەی من رازیکە»

**گفتم مگر حیات بود لعل جان فزات**

«گوتم مەگەر لێوە سورەکانت بۆ من ژیانبەخشن؟»

**گفتا کلام بیهوده کم گو حیات نیست**

«گوتی قسەی موفت کەم بکە، ژیانبەخش نین، یان حەیات نیە. (حیات لێرەدا، ئیهامە بە دوو مانا هاتووە).»

(**خالد**) **ز کلکت این غزل دلگشا که ریخت**

**جز درخور بلاغت** (**پیرهرات**) **نیست**[1]

«ئەی خالد، چۆڕاوەی ئەم چامە پاراو و دڵڕفێنە کە لە نوکی خامەکەتەوە دەتکێ تەنیا شیاوی ڕەوان بێژی پیری هەرات(ئەنساری) نەبێ هی دیکە نییە.(بە ئیهام و موفاخرە و شانازی بە خۆ، یانێ: تەنیا ئەنساری دەتوانێ وەك من چامەی ڕەوان دابنێ)»

[1] – مودەڕڕیس مەلا عبدالکەریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، نەشری کوردستان،١٣٨٥، ل، ٤٨٨

# *تیۆری وەحدەت وجود و ئینسانی کامڵ

داهێنەری تیۆری سیستماتیکی وەحدەت وجوود لە عێرفانی نەزەریدا بە شێوەی عیلمی و تیۆریك، محی الدین ابن عەرەبی(سەدەی ٧ ك.م، ١٣ ی ز) بووە، بێ گومان ئەوەڵین عارفێکیش کە لە بیرۆکەی ئیبن عەرەبی کەڵکی وەرگرت و وەك سیستەمێکی مەعریفی هێنایە نێو ئەدەبی عیرفانی فارسییەوە، سەنایی غەزنەوی بووە. سێ بابەتی سەرەکی بیرۆکەی عیرفانی: یانێ «خوا، جیهان و ئینسان»ی لە بەرهەمەکانیدا(بەتایبەت حدیقەالحقیقە و شێعرەکانی) تیۆریزە کرد، ئەم جیهان بینییە دوایی دەبێ بە سەرچەشن و نموونە بۆ عەتار و مەولەوی و دەقەکانیان بەم بیرۆکە دەگاتە لووتکەی ئەدەبی غنایی جیهان[١]. پێناسەی ئینسانی کامڵ لە سیستەمی فیکری–جیهان شناسی عیرفان و تەسەوفدا، بە شێوەیەکی سانا، یانێ ئەو کەسەی بە وتەی چاکە و ڕەفتی چاکە و ئاکاری چاکە دەگاتە لووتکە، ئەم مرۆڤە بەدیهاتووی(مەخلووق) خودایە، بەڵام هەموو شمەکێکی خوداییە و بۆ خودایە، ئەوەی سەفات و ئاکاری ربووبییە لەودا کۆ دەبێتەوە و بەم فاکتە ڕۆحانیانە دەگەیێتە خاڵی یەکبوون(وەحدەت)، لە دیدی

[١] – شفیعی کدکنی د. محمد ڕەزا، تازیانەهای سلوك،انتشارات اگاه، ١٣٧٢، ص، ٤٤

«ئیبن عەرەبی»دا، ئینسانی کامڵ هەمان «حەقێقەتی موحەمەدییە» کە ٢٧ «فص» لە «فص»ەکانی «فصوص الحکم» بەم تیۆرییەوە تایبەت دەدات، بەم شێوازە «حەقێقەتی موحەمەدیە» هاوتایە لە گەڵ کەلیمەی وجودیەی یا تەکوینییەی«کن» کە خوداوەند بەم واژە هەموو دنیا و خەلایق و ماسوی اللەی پێکهێناوە. لە ڕەوتی فیکری ئیبن عەرەبیدا،«اکمل» حەزرەتی محمدە(د.خ)، «کامل» پێغەمبەرەکانن، «خەلیفەی کامل» وەرەسەی پێغەمبەرانن، مرۆڤەکان تر کە نین لە نیم دایرەی کەماڵدا، پێنەگەییو(ناقص) و ئینسان–ئاژەڵن[١]. لە راڤە و ڕەخنەی ئەم بۆچوونەدا ئەبێ بوترێ، عارفانی ئازادە و ڕپندانی کامڵ، ڕێزی تایبەتیان هەیە بۆ ئینسان و ئیدە و بیروبڕواکانی. بە رای ئەوان زمانی عیرفان زمانی عەشقە، سەمفۆنیای فەغان و کوڕنۆشە، تایبەت بە من و تۆ و ئەوی دی نییە، هی هەموو ئینسان و مرۆڤێکە کە خاوەن هەرێمی تایبەتی خۆیەتی، جیاوازە لە ڕەنگ و ڕەچەڵەك، دەچێ بە ریشەی مەزهەب و دەمارگرژی و لوتبەرزی و خۆ بەزل زانیندا. مەولەوی ڕۆمی لەم دێڕەی خوارەوەدا، هەر چەشنە دەمارگرژی و سەختگیریەك بەرامبەر بە «ئەوی»تردا، ڕەتدەکاتەوە، پێیوایە دەمارگرژی کاری ئینسانی ناتەواوە و دەشوبهێنێ بە«جنین» لە زگی دایکدا:

**سخت گیری و تعصب خامی است**

---

[١] – دایرەالمعارف بزرگ اسلامی، جلد دهم، ص ٣٧٧ به نقل از "الانسان " ابن عربی

**تا جنینی کار خون اشامی است**[١]

یان شێخ ئەبوسەعید ئەبولخەیر دەڵێ: «به عدد هر زره موجودات راهی است به حق[٢]»

واتە: بە پێوانەی ئەژماری هەر زەرەیەك لە کەوندا، ڕێگایەك هەیە بۆ گەیشتن بە حەقێقەت. ئەمە یانێ تەکسور و پلۆرالیزمی فیکری و ڕێگەدان بە هەریمی ئازادی فیکری «ئەوی» دی. لێرەدایە پەیلواکەی ئیبن عەرەبی جێگای سەرنج و ڕەخنە و تێڕامانە. واتە: ئینسانەکانی تر مادام لە هەرێم و بازنەی دیاریکراوی ئەودا نەبن، ناقص و پێنەگییون. ڕەنگەش مەبەستی ئەوە بووبێ کە ڕێگا بدا بە ئینسانەکانی تر، سەرومڕ بۆ دۆزینەوەی «حەقێقەت» لە هەوڵ و تێکۆشان و ئەندێشەوەرزیدا بن و لە یەك رادە و ئاستی فیکری و هزریدا نەمێننەوە.

**ای برادر تو خود همان اندیشه‌ای**

**مابقی تو استخوان و ریشه‌ای**[٣]

واتە: «ئەی برام تو وجوودت هەمووی ئەندێشەیە، ماباقی لەشت ریشە و ئێسقانە».

**فاش می گویم و از گفته ی خود دلشادم**

**بنده ی عشقم و از هر دو جهان ازادم...**

---

[١] – مەسنەوی مولوی بلخی

[٢] – محمد بن منور، اسرارالتوحید، تصحیح احمد بهمنیار، تهران، ل ٣٢

[٣] – سجادی علی محمد، گزیده ابیات مەسنەوی، دانشگاه شهید بهشتی، ل، ٨

**سرم به دنيا و عقبی فرو نمی ايد**

**تبارك الله فتنه‌هايی كه در سرماست** [١]

واتە: «بەراشکاوی دەڵێم و لەم وتەشم خوشحاڵم، بەندەی عەشقم و لە هەردو جیهان(ئەم دنیاو ئەو دنیا)ئازادم. لە هەمبەر ئەم دنیا و ئەو دنیادا نابەزم، چەن مەزن و جوانن ئەو بیرۆکانەی وان لە مێکمدا». ئەمەیە کە دەڵێن «حافز» گەورەیە و کەسایەتییەکی جیهانی هەیە. خۆی بە بەندەی عەشق دەزانێ، دەزانێ کە عەشق هەرێم و بازنە و بڤەکاری تیادا نییە. بۆیە بە ئاوەڵناوی«ڕێند[٢] و ڕێندباز» یانێ ئینسانی سەربەست و ئازادە و ئەلی عەشق، ناوی دەرکردوە.

حافز لە دەقەکانیدا هەمیشە بە گژ «ریا و ریاکاری و زاهدانی ریاکار» و سوفی نماکاندا دەچێتەوە، پێیوایە زاهدی ریاکار، چوون

---

[١] – – دیوانی حافز، بە کۆششی د خەتیب ڕەهبەر، ل، ٤٢٧

[٢] – لە سەدەکانی چوار و پەنجی کۆچی مانگی لە ئەدەبی فارسیدا،(ڕێند) بە مانای «مرۆڤی بێ سەرۆ پا، سپڵە، لات و ئۆباش و درێو ...» هاتوە. لە سەدەی شەشی کۆچی بەملاوە لە لای(سەنایی غزنوی، عەتار و حافز و ...)ەوە، ئەم زاراوە دەلالەتی دەگۆڕێ و دێتە نێو ئەدەبی عیرفانی راستەکییەوە و مەدلوولی«ئینسانی کامڵ و حەقیقی» بۆ ساز دەبێ. پاشان لە دەقەکەی حافزدا مەدلوولێکی هەمە لایەنە و فرە واتا(مەنشووری و فرە ڕەهەند)، بە خۆیەوە دەگرێ. ئەم واتاگەلە بۆ «ڕێند» لە حافزدا بەکار براوە: «قەلەندەری یەك لاقوبا، ئازادە، مەلامەتگەر(مونتەقێد)، ئەهلوی زەرافەت و جوانی ژیان، ئیهام بێژ، دژ بە ریا و ریاکاری، ئانتی تێزێك بۆ زاهێدی ریاکاری، ئاسانکار و موسامێحەگەر و... لە کۆی ئەمانەدا یانێ: ئەهلی ئەعشقی». بڕواننە: خرم شاهی بهاالدين، حافز نامه، بخش اول ل: ٤٠٣ تا ٤١٣

«رێند، ئازادە و عاشقی واقێعی» نییە شیاوی هیدایەت نییە، لە گەڵ خۆی و ئینسان و کەرامەتی ئینسانیدا درۆ دەکات:

**زاهد ار راه به رندی نبرد معزور است**
**عشق کاری است که موقوف هدایت باشد**[1]

## *شەیدایی و
## لەخۆبایی بوون

بە قەولی بیردۆزان شێعر، لیریکای عێرفانی، شێعری «حیکمەت»ە، حیکمەتی دینی نە عەقڵی [2]، بە پێچەوانەی رای هەندێك کە رووکردی عیرفانی بە رووکردێکی سەرسپێردراو و دابڕاو لە جەغزی گلێرگە دەزانن، من پێموایە ئەگەر باری نابەرابەری و کۆیلەتی کۆمەڵگە نەبوایێ نە سنایی یەك و نە حافزێك و نە مەولەوی بەلخییەك و نە مەولانا خالدێك لە دایك ئەبوو و نە دەبووینە خاوەن ئەم دەقە نەمرانە کە ناسراون بە «تازیانەی سلووك» و «رەخنەڤانانی گلێرگە»[3]. شێعری «مەولانا» ئەو جۆرەی کە خۆی ئەڵێت، شێعری دەرد و جنون و لاشعوری و بێخودییە. شێعرێکە کە لە گەڵ عەقڵدا تەبایی نییە بەڵکوو شێعری عەشق و جنوونی سوکر جەزەباتی

---

[1] – هەمان سەرچاوە پێشوو، ل، ٦١٥

[2] – زرین کوب عبدالحسین، صدای بال سیمرغ، انتشارات سخن، ١٣٧٩، ل، ١١٧

[3] – شفیعی کدکنی د. محمد رەزا، تازیانە های سلوك، انتشارات اگاە، ١٣٧٢، ل، ٤٠

ڕۆحی و مەعنەوییە کە چوون زمانی قامووس و زارەکی توانستی دەربڕینی مەبەستەکان و چەمکەکانی عیرفانی نییە، بە زمانی خوازە و مەجاز دێنە گۆکرن.

**هر انکو مست صهبای جنون است**

**همه کارش زحیرت واژگون است**[١]...

«هەرکەس مەست و شەیدای شور و جەزبەی شەرابی لە خۆبایی بوون بێ

لە شیفتەگی و سەرگەشتەگیدا، هەموو کاروباری ئاوەژوو دەبێ»

**از بس کە زصهبای هوس بیخود و مستم**

**بیرون شده سررشتەی ادراك زدستم**[٢]

«ئەوەندە لە نەشئەی بادەی ئەوینی مەعشووق، مەست و لە خۆبایی بووم

کە سەرڕشتەی ئاوەز و شعووری زاتیم لە دەست داوە»

## *ڕەخنەڤان و هاوارکەر و وشیارکەرەوەی نەفسانی

تەسەوف و عیرفان وەك هەر سیستەمێکی هزری، لە شوێن کات(زمان و مکان) و هەل و مەرجی گلێرگە و ژیانی جەماوەر

[١] – مدرس عبدالکریم، یادی مردان، جلد دوم، کوردستان، ١٣٨٥، ل ٦١٥

[٢] – هەمان سەرچاوە، ل، ٥٤٤

موتەئەسیر دەبێ، بە پێچەوانە بیرۆکەیەك کە بە شێوەی رادیکاڵ تەسەوف بە دابڕاو لە کۆمەڵ دەزانن، ئەڵبەت هەبوون تایفەێکی عارف کە پێوەندیان بە عەقڵیەتی کۆمەڵگەوە نەبووە، بەڵام بە گشتی ناتوانین بڕە بۆچوونێکی عیرفانی و پەیوەستەگیان بە جەمارەوە رەت بکەینەوە. نمونەی ئەم ئوتوپیا(Utopiya) عیرفانییە(نزامی ئەحسەنی عارفان)دەتوانین لە دەقەکانی «سەنایی، شێخ ئەبو سەعید ئەبولخەیر، مەولەوی و حافز و مەولانا»دا ببینین. وتمان «مەولانا»ش لە کەش و هەوای کۆمەڵگەی دواکەوتوو و پۆپۆلیستی و ئوتوریتەی سیاسی و ژیانی نالەباری جەماوەری ئەو دەمە، رسکا و (ئیلهام)ی وەرگرتووە، لۆژیکی نییە وەك رۆشنبیرێکی ئەمرۆژی لە گەڵ دید و بیروباوەڕیدا، دانووستاندنی لە گەڵدا بکرێتن. وێڕای ئەمە مەولانا مرۆڤێکی توکمەی ئایینی سەر بە تەرێقەت و بەرماڵ و خانەقا بووە. بەڵام بەم حاڵێشەوە توانیویەتی لەم دۆخە رزیو و لەرزۆکەدا، هەندی هزری ئایینی و عیرفانی تەزریق بکاتن بە رۆحی خەمۆکی کۆمەڵگە، لانیکەم تووی بیرکردنەوە و رێگای هەرەوەزی و رێز لە ئینسانیەت، بە دیدی عارفانە، بچێنیێ. خانەقاکەی، دەرس و ئامۆژگارییەکانی، نامەکانی، سەفەرەکان و چامەکانی، سەرچەشنێکن بۆ قەڵەو کردنی فەرهەنگێکی رۆحانی و ناوەکی و ئایینی کە بەشێکن لە پێکهاتی ئەوگلێرگەیە، تەعامول و تەزاروب و گۆڕینەوەی راوبۆچوون و دەرك بە هەندێ تەنگەژەی کۆمەڵایەتی و نابەرامبەری ژیان و ژیاری دەرەبەگایەتی و چینایەتی

خەڵکی کوردستان، فۆرماسیۆنی دەقەکانی «مەولانا خالد»ن هەمووی وێنەگەلێکی رەخنە ئامێزن بە زوانی «سیمبولیك و رەمز و هێما و خوازە».

**فریاد زدست فلك سنگین دل**

**بیداد ز بیداد مه مهر گسل**[1]

یانیٚ: هاوارم لە دەست فەڵەکی دڵرەق و بێرەحم!

هانام لەدەست مانگیٚ(خوازە بۆ مەحبوب) کە رانەگری ئەوین و خۆشەویستی عاشقە!

**ای گشته چو مجنونم در عشق تو افسانه**

**از بهر خدا لوتفی با این دل دیوانه**

**پروانه صفت ماییم برگرد رخت دایر**

**وز سوز و گداز ما هیچت غم و پروا نه**[2]

یانیٚ: «ای مەحبوبێك کە رادەی عەشقی تۆدا وەك مەجنوونم

لە رەزای خوا لوتفێك لە دەرهەقی ئەو دڵە شەیدامە

ئێمەین وەك پەپوولە هەڵسووڕاوی دەوری سیمای رووناکت

کەچی تۆ لەم سوتان و کزە و برێژەی دڵی ئێمە ئاگات نییە(دەربایس نیت)»

**از شعبده های پس پرده غافل نباید بود. مدار کار خاتم است، و رەزای پیران در ترك وجود و بەزل مجهود و قناعت به**

---

[1] – مدرس عبدالکریم، یادی مردان، جلد دوم، کوردستان، ١٣٨٥، ص٦١٧

[2] – هەمان سەرچاوەی پێشوو

**موجود، و نسيان ماسوى به مشاهده جمال بى همال رب ودود است...**[١]

یانی: ئاگاداری ئەو فێڵانە بە کە لە پشت پەردەوە بەرامبەرت دەکرێ، هەڵسوڕێنەری کارەکان خاتەمە، و ڕەزای پیرانی تەرێقەت وا لە تەرکی وجود و سەخا و بەخشش و قەناعەت بەو شتەی کە هەیە و فەرامۆشی ئەوەی جگ لە مەعبوودە و دیتنی جەماڵی بێ وێنەی مەعشووقی خۆشەویست.

## * توانەوە، پوختەیی و گەیشتن بە لووتکەی حەقێقەت

دەڵێن: «کەسێك عارفێکی دیت کە لە رووبارێکدا خەریکی خواردنی گەڵا داکەوتووەکانی بن درەختێك بوو، گوتی ئەگەر خزمەتی سوڵتانت بکردبایێ، پێویسیتیت بەم گەڵادارە نەئەبوو. عارف وڵام ئەداتەوە کە: تۆش ئەگەر بە ئەم گەڵادارە قەناعەتت بکردایێ نۆکەری سوڵتانت نە ئەکرد»[٢]. سەرتاسەر بەرهەمەکانی مەولانا تەژین لە گەڵ ئادابی تەعلیمی و فێرکاری مەعنەوی و دەرسی زۆهد و تەنەسوك و دەربازبوون لە کۆتی کۆیلەتی دنیا و رزگاری بەرەو

---

[١] – هەمان سەرچاوە، نامەی ١٧٦ بۆ یەکێ لە مەنسووبانی نوسیویە، ل، ٣٠٦

[٢] – خرقانی ابوالحسن، رسالەی قشیریه، ل ١٥ بە نەقلێ لە شناخت عرفان و عارفان ایران، علی اصغر حلبی، زوار، ١٣٥٤، ل، ٤٣

داهاتوویەکی نەبڕاوە و سەعادەت مەندی دنیای جاودانە. ئەمانە هەمووی قسەی رووت نییە بەڵکوو دەرسی مەقاماتی سالکان و رێڕەوانی رێگای حەقێقەتە.

**حاصل عمرم سه سخن بیش نیست**
**خام بدم، پخته شدم، سوختم**[١]

خامی(تەخلیە)، علم الیقین و پوختەیی(تەحلیە)، عین الیقین و سوتانیش(تەجلیە)، حق الیقین

## * عەشق، عەوداڵی و جەزبە

قەلەندەریەك بە شێوازی رێندانەی حافز:

**به معمار غمت نو ساختم ویرانەی خود را**
**به یادت کعبه کردم عاقبت بتخانەی خودرا**
**فرو ماندند اتبای جهان از چارەام اخر**
**به دردی یافتم درمان دل دیوانەی خود را**
**زسودایت چنان بدنام گشتم در همه عالم**
**به گوش خود شنیدم هر گرف افسانەی خود را**
**به گرد شمع رویت بس که گشتم ماندم از پرواز**

[١] – مەولەوی بەلخی، مەسنەوی مەعنەوی

**سرت گردم چه زیبا سوختی پروانەی خود را**

**ادیب من جلیس من شود در حلقه رندان**

**به گوشش گر رسانم نالەی مستانەی خود را**

**در اقلیم محبت از خربی هاست معموری**

**به سیل اشك باید کند اساس خانەی خود را**

**سراپا نعمتم با این همه درماندگی (خالد)**

**نمی دانم چه سان ارم به جا شکرانەی خود را**[١]

## *دونیا پارێزی و زوهد و تەنەسوك

وە ئەودالْ نەکەم، وەئەودالْ نەکەم

تاکەی چوون قەیس خۆم وەئەودالْ نەکەم

بازووی دەروێشیم پڕ خرخالْ نەکەم

پۆشاکێ جه لونگ شا دەسمالْ نەکەم

چەنی دەیریان مالْ بە چۆلْ نەکەم

تەحسیڵ ڕۆزی بە کەشکۆل نەکەم

فەناییم بە خاك سەحرای بەڕ نەکەم

بەو کانی و سیڵاو دیدە تەڕ نەکەم

---

١ – مدرس عبدالکریم، یادی مردان، جلد دوم، کوردستان، ١٣٨٥، ل٤٧٠

...

(خالد) بێ ڕەفێق ڕۆژ وەشەو نەکەم

چون تاف ئاوان تەرك خەو نەکەم[١]

## *بیرۆکەی «خەیام» و پەندگرتن لە دنیا

–سایەی این خرگە نیلی کە را مامن بود

یا در این دنیا کجا اسایش یك تن بود...

چشم عبرت برگشا و تاق کسری را ببین

پردەدارش عنکبوت و جغد نوبت زن بود

شهریارانی کە بر اورنگ زرین خفتەاند

نیك بنگر تا کجاشان منزل و مسکن بود

«پا بە خاك اهستە نە (خالد) کە این خاك سیاه

از غبار خەت مە رویان سیمین بود»[٢]

## *پێناسەی ڕێڕەوی کامڵ و شەرمزاری زاهێدی ریاکار و دەغەڵباز

---

[١] – هەمان سەرچاوە، ل، ٦٢٢

[٢] – مودەڕێس مەلا عبداکەریم، یادی مەردان، ل، ٥٠٠

– به اکسیر حیل هر خاك راهی زر نخواهد شد
همه بد اصل سنگی در بها گوهر نخواهد شد
سلیمانی نزیبد هرکه را خاتم بود در کف
هر ان کو اینه می سازد اسکندر نخواهد شد
همه کس خویش را عاشق تواند کرد چون بلبل
ولی پروانه‌اش جویای ترك سر نخواهد شد
همه گلگون سواری خسرو پرویز نتوان گفت
همه زیبا رخی شیرین دلبر نخواهد شد
به عالم هر که بینی (خالد) بیچاره است اما
چو ابراهیم کس زیبندەٍ افسر نخواهد شد[١]

## *پیاهەڵدانێك بۆ ئینسانی کامڵ

–سرور عالم من دلداده و حیران توام
واله و سرگشته ی سودای توام
شاه تخت قاب قوسینی تو، من کمتر گدا
کی بود یارای ان گویم که مهمان توام
رحمت عام تو اب زندگی، من تشنه‌ای
مرده بهر قەترەای از اب حیوان توام...[٢]

---

[١] – هەمان سەرچاوە، ل، ٤٩٧–٤٩٦

[٢] – هەمان سەر چاوە، ل، ٥٨٠

## *وەسفی تەجەلی مەعشووق

...

– زهی شاهی که نايد غير اندر رشتەی وصفش

زگنج عرش اعظم هر دری شهوار می ايد[١]...

–سرو و شمشاد و صنوبر، بيد مشك و نارون

ايستاده صف به صف چون دلبران نازنين[٢]...

– خوبی و عشق بود خاص تو كون و مكان

گاه در شيوه يوسف شوی ای دوست عيان

گاه در كسوت يعقوب به رويش نگران

می كنی جلوه نخست از رخ خوبان جهان

وانكه ديده ی عشاق درو می نگری[٣]...

---

[١] – هەمان سەرچاوە، ل ٥٠٤

[٢] – هەمان سەر چاوە، ل ٥٥٥

[٣] – مودەڕێس مەلا عبداکەریم، یادی مەردان، ل ، ص ٦٠٢

سەرچاوەکان:

١- راوەندی مورتەزا، تاریخ اجتماعی ایران، ج ٢، امیرکبیر، ٢٥٣٦
٢- ازصبا تا نیما، د یحیی ارین پور، ج. ١ ، انتشارات فرانکلین، تهران، ٢٥٣٥
٣- زرین کوب د. عبدالحسین، دنباله جستجو در تصوف ایران، امیرکبیر ١٣٦٦، صص ٢٠٦
٤- زرین کوب د. عبدالحسین، صدای بال سیمرغ، انتشارات سخن، ١٣٧٩، ل، ١١٧
٥- زرین کوب د. عبدالحسین، جستجو در تصوف ایران، امیرکبیر ١٣٦٧
٦-نفیسی سەعید، سرچشمه تصوف در ایران، چاپ مروی، ١٣٦٨ ص، ١٩٧ و ١٩٨
٧- نەقشبەندی عوسمان، بر پهنه یاد، چاپی اوّل انتشارات کردستان،١٣٧٩
٨- صفا زەبیح الله، حماسه سرایی در ایران، امیرکبیر ١٣٦٣، پیش گفتار
٩- شمیسا د. سیروس، انواع ادبی، انتشارات فردوس، ١٣٧٤، ص١٢٠
١٠- شفیعی کدکنی، درامدی بر ادبیات غنایی، مجله رشد اموزش زبان و ادبیات فارسی، شماره ٣٣ و ٣٤
١١- شفیعی کدکنی د. محمد رەزا، تازیانه های سلوك، انتشارات اگاه، ١٣٧٢، ل، ٧٢
١٢- دیوان حافز، به کوشش د.خ.رهبر، انتشارات صفی علیشاه، ١٣٧٠، ل:١٤
١٣- مەسنەوی مەولەوی، بە نەقڵ لە موسیقی شعر، شفیعی کدکنی، ل: ٣٧
١٤- مودەڕڕێس مەلا عبدالکەریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، نەشری کوردستان،١٣٨٥ل، ٤٨٨
١٥- دایرەالمعارف بزرگ اسلامی، جلد دهم، ص ٣٧٧ به نقل از "الانسان " ابن عربی
١٦- محمد بن منور، اسرارالتوحید، تصحیح احمد بهمنیار، تهران، ل ٣٢

١٧- خرقانی ابوالحسن، رسالەی قشیریە، ، ل ١٥ بە نەقڵ لە شناخت عرفان و عارفان ایران، علی اصغر حلبی، زوار، ١٣٥٤، ل، ٤٣
١٨- حافز نامە، بهاالدین خرمشاهی، بخش اول ل: ٤٠٣ تا ٤١٣

# مەولەوی
# وێنای ڕۆحێکی جیهانی،
# ئاگایی و خۆدئاگایی و...[١]

**گووشراوی باسەکە:** زێدهاتی دەقە شێعرییەکانی ئەوسای کوردی پێکهاتووە لە ژانێری ئەدەبی «لیریکا» وێڕای ئەمە هەندێ واتای فەلسەفی لەو تێکستانا دەبینرێ. ئەم نووسراوە ئەیەوێ بڵێ هەوێنی ئەو سێ چەمکە«عەقڵییەتی گشتی یان جیهانی، ڕۆحی قەومی و خوداگای مێژوویی» کە دەزگای فەلسەفی «هێگێل»یان پێکهێنابوو لەم چامەی مەولەوی کە دەخوێنرێتەوەو هەستی پێدەکرێ.

**کرێڵ واژەکان:** مەولەوی، هێگێل، لیریکا، ڕۆحی جیهانی، ئاگایی، خوداگایی قەومی و...

[١] – ئەم وتارە پەسەندکراوی لیژنەی زانستی«دیداری مەولەوی» بووە لە سلێمانی (٢٠١٠ز) و لە لایەن نووسەرەوە لەو کۆڕەدا پێشکەش کراوە.

وەڵێنە:

ئەم پەیلوا(بۆچوون) ڕاستە کە هەر لە مێژە بەکگراوندی مەعریفە و قەڵای فەلسەفی و تەلاری ڕۆشنبیری کورد شێعر بووە، شێعر تاکە ئیستاتیکای «بوون» و شوناسی «نەتەوایەتی» بووە بۆ کورد، بە هۆی هەندێ هۆکاری سیاسی–کۆمەڵایەتی لە ڕەورەوەی مێژوودا، بێبەش بوە لە باقی ژانێرە فەلسەفی، ئەدەبی و هونەرییەکانیتر. زۆربەی ئەو دەقانەی ئەمڕۆ لە نێو ئارشیڤی «چواردە سەدە»ی شێعری ئەوسای  کورددا هەن: هەر لە «کرکە»ی هورمزگان، تا شۆڕشە مۆسیقاییەکەی فۆڕم و ناوەرۆکی گۆران، هەموویان یەك توخم بە ناو «لیریکا Lirika، غنایی» بە هەموو سەرچەشنەکان و واتاکانیەوە[١]، دەیانگرێتەوە. باری کۆمەڵایەتی–سیاسی، نەبوونی دەسەڵات، فەقری مێدیا، سروشتی تایبەتی کوردستان و تەجروبە تاکییەکانی شاعێرانی کورد، بۆتە هۆکارێك کە ئارشیوی شێعری

[١] – یۆنانییەکان شێعریان بە چوار جۆر دابەشکردوە: حەماسی(پالەوانی،Epic )، غنایی(لیریکا، Lyric) ، تالیمی و مۆچیاریئامێز(تعلیمی،Etic)، و نومایشی(Dramatic) . وادیارە شاعێرانی کورد تەنیا ئیهتمامیان بە لیریکا بووە. «لیریك(غنایی)باسکردن لە باری هەست و عاتیفەی تاکی شاعێرانە، بە مەرجێك ئاسۆی واتاکی دوو چەمکی «هەست» و «تاکی» بەرفراوان لە بەرچاو بگرین، یانێ هەموو باری هەستەکان لە نەرمترین هەست تا زبرترینیان بە هەموو واقیێعەکانی ژیانەوە. هەستی تاکی بەو واتاو کە لە ڕۆحی شاعێر سەرچاوە دەگرێ و شاعێریش تاکێکە لە گلێرگە و ڕوحیشی لە هەمبەر هەموو دیاردەکانی گلێرگە بەرپرسیارە». (شفیعی کدکنی، زبان و ادبیات فارسی/ل٦١ )

ئەوسامان بێ بەریی بێ لە ژانێری حەماسی(داهێنانی فەلسەفەی مێژوویی کورد) و نومایشی(دراماتیك) بە واتای راستەکی.

زێدهاتی دەقە شێعرییەکانی ئەوسای کوردی پێکهاتووە لە ژانێری ئەدەبی «لیریکا»، بە مەرجێك هەموو لایەنەکانی ئەم ژانێرە لە بەرچاو بگرین. عێرفانی، تێئۆکراتی و ئەشرافی، عاشقانە، تەغەزولی–حەماسی، نەتەوایەتی–کۆمەڵایەتی، سروشتخوازی، تەجروبەی تاکی، بۆنە تایبەتەکان و... یەکدەستی چەشن و مەزموونی ئەدەبی خەسارێك بووە بۆ شێعری نەتەوەییمان، زۆربەی شاعێرەکانی ئەوسا(ئەڵبەت هەفتا هەشتاساڵ پێشتر لە ئێستا) کەمتر چووگن بە قەرەی کێشەکانی کۆمەڵگە و کەمتر پرسیان درووستکردوە. ئێمە دەقێکی «حەماسی/پاڵەوانی» وەك «شانامەی فێردەوسی»مان نەبووە کە «فەلسەفەی مێژوو» درووست بکاتن لەولاشەوە بێبەش بووگین لە رەخنەڤانێکی توکمە و شێوازناسێکی کارامە کە بتوانێ بە شێوەی رەوشمەند و ئاکادمی، دەقەکان بخوێنرێتەوە و قۆناغەکان کەشف و پێناسە و شێوەی رسکانی فورم و ناوەرۆکی ئەم بزاڤە درمناسی بکاتن. سەرەڕای ئەمانە هەر بەم سامانە ئەدەبییە کە هەمانە ئەبێ گەش بین ئەگەر بە وردی بە مێتۆدی رەخنەی زانستی ئەم دەقانە بخوێنینەوە دەتوانین توخمەکانیتر پێناسە بکەین. بۆ چەسپاندنی ئەم مەبەستە چامەیەکی غەنایی «مەولەوی تاوەگۆزی، ١٨٨٠-١٨٠٦ ز» بە شێوازی هێرمنۆتیك(راڤەکاری ئەدەبی) و نیشانەشناسی ئەدەبی

دەخوێنمەوە و پەیلوای خۆم ئاراستە ئەکەم. لەم خوێندنەوەدا هەوڵمداوە ئەو مەبەستانەی لەم چامەدا هەیە لە گەڵ بیرۆکەی بیرمەندی مەزنی رۆژاوا، «هێگڵ، ١٨٣١-١٧٧٠ ز » بەراوردکاری بکەم. رەنگە کارێکی شاز و دوور لە لۆژیك و مەنهەجی زانستی بێتە بەرچاو، تەنیا مەودای زەمانە کە لێکیان نزیك دەکاتەوە، ئەگەرچی مەولەوی پەنجا ساڵ پاش ئەم بیرمەندە ژیاوە و قەت هێگێلی نە ناسیوە، بەڵام هەردووکیان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە دوو بیری جیاواز و دوو کۆمەڵگەی لێکنەچوو (مۆدێڕن و عەشیرەتی)ژیاون. بەڵام حوجەت و بەڵگە بۆ من تەنیا دەقەکەی مەولەوییە، کە «زیندوو، سەربەخۆ و قسەکەر» هاتۆتە رێچکەی دیالۆگ و رۆگەی شرۆڤاندن بە قەولی «ریکۆر» ویستوومە کاکڵەی دەقەکە زەوت(تەساحوب) بکەم. بە تێگەیشتنی من لەم دەقەدا ئەم سێ چەمکە«رۆحی جیهانی، رۆحی قەومی و خوداگایی مێژوویی» کە دەزگای دیالێکتیکی هێگێڵ پێکدەهێنن، لەم دەقەی مەولەویدا هەستیان پێدەکرێ. ئەمە بیرۆکەی منە، چاوەڕێی بیروڕای جیاوازم، مەرج نییە هەموومان وەك یەك بیر بکەینەوە، «ئەگەر قەرار بێ هەموو کەس وەك یەك بیر بکەنەوە ئەوا هیچ کەس بیر ناکاتەوە».

## بیرۆکەی دیالێکتیکی-فەلسەفی هێگێل

گێئۆرگ ویلهێلم فێردریش هێگێل(١٨٣١-١٧٧٠ز) بیرمەندی توکمەی ئاڵمانی لە بەستێنەی فەلسەفەی ڕۆژاوادا خاوەن هەندێ تیزی فەلسەفی خۆیەتی، بە تایبەت لە بارەی پرۆسەی «عەقڵی گشتی، ئاگاهی و خوداگاهی مێژوویی-قەومی». «لە بیرۆکەی «هێگێل»دا، جیهان پێکهاتەو گۆڕەپانی کردار(کنش) و هەوڵدانی خوداگای ڕۆحی پیرۆزە(مینوی ناب)ە. کۆششی ڕۆح(سووژە) بۆ درووستکردنی جیهانی(ئۆبژە)، سیما و دەروونێکی ئاوەزمەندانەی هەیە، وەك زانایان وتەنی، ئەم هەوڵە لە ڕێی گریمانەی زانستی(قوانین علمی) دێتە ئەنجام. وێنای ئەم گەوهەرەش «عەقڵێکی گشتی، یان ڕۆحێکی جیهانی»[١]یە کە لە

[١] - مەولەوی ڕۆمی لەم بەیتەدا ئاماژەی بەم «عەقڵە گشتییەی کردووە:

این جهان یك فکرت است از عقل کل/ عقل شاه است و صورتها رسل (بەلخی مەولەوی، مەسنەوی، دەفتەری دووەم/ بەیتی ٩٧٨).

واتە: ئەم جیهانە بیرۆکەی عەقڵێکی گشتییە. عەقڵ سوڵتانە و وێنەکان(شتەکان) ڕەسووڵەکانن.

یان ئەم بەیتە: کل عالم صورت عقل کل است/ کوست بابای هر انك اهل قُل است (همایی/٤٧٣)

واتە: کۆی ئەم جیهانە وێنایەکی عەقڵی گشتییە، هەر ئەوە باوك و سەروەری ئەو کەسەی کە ئەهلی«قول، بلێ» یە.

مێژوودا بەخشراوە بە سووژەیەك بە ناو مرۆڤ کە بکەری شناسا و نموودی ئاوەز و ئاگاهی، ژیار و ژیانی فەرهەنگییە. ڕۆحی جیهانی بۆ وێناکردنی بوونی خۆی لەم «گێتی»یەدا، لە یاسایەك پێڕەوی دەکات کە ئێمە بە ناو ئاوەز«عەقڵ، خرد» دەیناسین. وێنای ڕاستەکی ئەم ڕۆحە پێدەڵێن«ئاگاهی». ئاگاهیش گەوهەرێکی بزاڤمەند و هەوڵدەرە سەرو مڕ وا لە هەوڵداندا بۆ گەیشتن بە «خوداگاهی قەومی، self-conscinsness». ئەم ڕۆحە «مینە»وییە–پیرۆزە– هەوڵدەدا تا نموودەکانی لە «جیهانی مادی»دا وێنا بکاتن، یانێ ئەگەر بیەوێ گەوهەری «ئاگاهی» بە گەوهەری«مادی» بگۆڕدرێت، دەبێ بێ وچان لە هەوڵی گۆڕاندا بێ، تا لەم کێشمەکێشەدا، چەمکی «ڕۆحی قەومی» بۆ ئەو مرۆڤانە کە بە خوداگایی مێژوویی گەیشتوون دابین بکات بەم چەشنە هەر قەوم یان هەر نەتەوەیێ دەبێتە خاوەنی ڕۆحی تایبەتی–قەومی خۆی.«هێگێڵ» پێیوایە ئەم ڕۆحە بۆ هەموو نەتەوەکان یەکسان نییە. نەتەوەکان بە گوێرەی ڕادەی هەوڵدان و مادیکردنی «مینە»[١]کان وەك (ئاوەز، فەرهەنگ، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی سیاسی ئایینی و ئەفسانەییەکان و...) دەگەنە ئەم بەهرە ڕۆحیی–جیهانییە و لێی بەرخوردار دەبن. واتە ئەگەر هەر نەتەوەیەك بۆ«خوداگاهی

---

[١] – «مینە» واژەیەکی کۆنی ئاوێستاییە بە شێوەی(Man) هاتوە و لە پالەویشدا وەك(Men) بە مانای «ئەندێشە» هاتوە. (ساقێب فەر/٣٥٩)

قەومی» خۆی باشتر هەوڵدەبدات زووتر دەگاتە لووتکەی هەبوون، ئەوەش لەم دۆزە هەڵەتە دەبێ بێ گومان لە بازنەی ئەو ڕۆحە پیرۆزە– گشتییە دوور دەکەوێتەوە و گلۆڵەی دەکەوێتە لێژی. بە کورتی دەزگای دیالێکتیکی فەلسەفی «هێگێل» بۆ گەیشتن بە «لووتکەی شوناسی نەتەوەیی» بەم سێ ئاراستەدا تێدەپەڕێ: «١–ئاگاهی(نموودی ڕۆحی جیهانی، سوژە، زێهن، تێز) ٢ – بە شتکردنی ئاگاهی(مادیکردنی مینەکان، ئۆبژە، عەین، ئانتی تێز) ٣ –گەیشتن بە خودئاگاهیی قەومی، سێنتێز، فەلسەفەی مێژوویی، self-conscinsness»[١]. هێگێل پێیوایە ئۆبژە(عەین) یەکەی ناسینی جیهانی هەستپێکراوە(مەحسووسات)، ئۆبژە لە عەینی یەکبووندا(وحدت) بە پاژگەلێکیتر دابەش دەکرێن(کپرت) کە دەبنە وێنای سوژەکان، لە نێوەنج ململانێ و دژکاری (سووژە، تێز و ئۆبژە، ئانتیتێز) پرۆسەی «خوداگاهی، سێنتێز» لە دایك ئەبێ[٢].

---

[١]– ساقێب فەر/ ١٢–٨

[٢] – و.ت.ستیس/ ج٢، ٤٨٦

## بیرۆکەی مەولەوی لەم دەقەدا

مەولەوی زۆرتر وەك شاعیرێکی عارف ناسراوە، لکاندنی چەمکی فەلسەفەی "هێگێل" بۆ ئەم زاتە پارادۆکسە لە گەڵ کەسێتی شاعێر و دۆخی زەمەن و باری شارستانی ئەم دوو زانا مەزنە. بەڵام رەنگە پرۆسەی راڤەکاری و دیالۆك لە گەڵ ئەم دەقەدا بە مەبەستەکە نزیکمان کاتەوە.

"پۆڵ ریکۆر لە رەوتی راڤەی دەق دا، سێ قۆناغی زنجیری بە ناو «کەوانی هێرمنۆتیکی» دەخاتە بەرچاو راڤەگەر.

یەکەم: روونکردنەوە( تەبیین )ی پێکهاتە(ساختار)ی دەقەکە، بریتییە لە بەیان کردنی رەهەندی گوتار و کاکڵەی واتایی واژەکان و رستەکانی دەقەکە.

دووەم: تێگەیشتن (فەهم)، لەم قۆناغەدا راڤەگەر لەگەڵ «واتا» - واتای تایبەت - رووبەڕوو دەبێتەوە، واتایەك کە مەبەستی دانەرەکەیە. لەم روانگەدا نابێ واتا (معنا) لەگەڵ چەمك (مەفهووم) تێکەڵ بکرێت. چەمکی (مەفهووم)، تێگەیشتنی خوێنەرە لە دەقەکە، بەڵام مانا تێگەیشتن لە مەبەستی نووسەرەکەیە(دانەر، مولف). لەم وتاردا مەبەست چەمك یان«مەفهووم»ە نە «مانا».

سێهەم: زەوت کردن (تەساحوب)ی دەق، کاتێك روو دەدات کە راڤەکار لە «دۆزی دانەر» تێدەگات و دەتوانێ چەمکی دەقەکە بەرەو ئاراستەی بۆچوونەکانی راگوێزی بکات. دەبینین ئەم سێ

رەهەندە لە خوێندنەوەی دەقێکدا بە شێوەی زنجیری و دینامیك بە یەکەوە بەستراون، چێژوەرگرتن لە دەقێك کاتێك روو دەدات کە ئەم سێ قۆناغە بە سانایی بۆ خوێنەر و راڤەگەر بە شوێن یەکدا تێپەڕن"[1].



[1] – قایمی‌نیا/٤٣-٤٤

سەرەتا

خوێندنەوەی دەقەکە:

نەی گەهوارەی دەور، تای دەسرازەی خەم
تاکەی سەرەنگوشت خەفڵەت نە تۆی دەم!
بازیت پێ وەردەن هەریەك وەلایێ
سەدای دایەنان وە لایە لایێ
های! نە فەرقش هەن، ئەو سەداو تەئسیر
تا ئەو لاوناو ئەو مەزەو ئەو شیر
هەر تفلێ بێ شك نەی بێشك خەفتەن
جەی دایە بڕیان، بەو دایە جفتەن
وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان!
بڕیانەوەی تۆیچ سەروەختش ئامان
ها وە قەفاوە یەند شی بە وێدا
چەم پەی بینایی مدێۆ بە وێدا
قەزا وە قومار نە پای بەختمەن
قامەت حەڵقە بەست وەخت باختمەن
موترێب سازەکەت، ئۆف! چ وەش تەرز بێ
ئی جارەیش وەك دەنگ مەجلیس هەر بەرز بێ
تا کوورەی زاریم بڵێسە سانۆ
داخ لوای وێم جە دڵ نەمانۆ

**داڵ نمەڵۆ داڵ شین، مالوومەن لێم**
**دمای وێم پەرێم، هیچ کەس وێنەی وێم**[1]

## ڕاڤەکاری دەقەکە:



لەم دەقەدا نیشانە زمانییەکان وەرگرتەن لە زمانی راستەکی دانەر و پێوەرێك بۆ زەمەنی خۆیان و رەمزێك بۆ ویژدانی ناخۆئاگای کۆیی و شاعێرانە، خوازەیەك بۆ ئیستاتیکای ئانتالۆژی نەتەوەیەك که ساڵهای ساڵە لە ناخوداگای زێهنی نەتەوەکەیدا پەنهان و بزر ماوەتەوە، هەنووکە لەم مەودا زەمەنییەدا توانستە بزۆزەکانی دەخەینە روو. رێساگورێزی(هەنجارگورێزی) زمان(لادان لە رێسای ئاسایی) و کەڵك وەرگرتن لە پرۆسە(فەرایەند)ی خوازە—نەك فەراوردە— یەکێکە لە رێکارە هونەرییەکانی مەولەوی
داهێنەر، شارەزایانە پرۆسەی دابەزاندن یان «ئیجرائییەتی شێعریی» لە پێکهاتەی دەقەکەدا بەکارهێناوە. واتە سەرکەوتوانە توخمە زوانییەکانی بەرەو ئاراستەی «هەست و تەجروبە»ی شێعری لە داهێناندا راگوێز کردووە. وەك دەزانین لە پرۆسەی داهێناندا، ئەمە«هەستی شێعرییە»— نە ئێحساس— کە ئاستی «بزاڤێتی» دەقەکە نیشان دەدات. ئەم «چامە» وەك «کومپۆزیسیۆن، و

---

[1] – تاوەگۆزی مەولەوی/٤٤٩

ریتم»ێکی ئەستوونی و سیستماتیك دێتە بەرچاو. «دابەزاندن» لە داهێنانی شێعردا یانێ جمەی«بزاڤێتی» بێ پسانەوەی بەیان و دەربڕینی واتا بە زوانی ئیستەتیکی و هونەری. مەولەوی ئاگاهانە بە بەکاربردنی توخمی «گێڕانەوە و لەحن، Ton»ی حێسی، ویستوویەتی تەنها یەك مەبەست پیشان بدات. ئەڵبەتە ئەبێ نێوان شێعری «حێسی» و «ئێحساسی» جیاوازی قایل بین. لە شێعری «حیسی»دا باری دەروونناسی واژەکان لە بەرچاو دەگیرێ، واتە توخمەکان لە سەرخانەوە بۆ ژێرخانی زوان ڕۆ دەچن و لەم پڕۆسە فرەچەشنی و فرەدەنگەدا«وێنە، واتا و وردە مەزموون»، شاعێر دەگاتە سەرەڕۆیی زەمان(فراروی تاریخی). بەڵام لە شێعری «ئیحساسی»دا واژەکان لە روبەری زوانی تەوسیف و هۆنراوەدا ئەمێننەوە و توخمەکان تەنیا یەك دەنگ و یەك واتا ئەخولقێنن[١]. لێرەدایە سنووری «شاعێر و شێعرنووس» جیا دەبێتەوە.

"فۆرمخوازەکان دوو ئەرك و هەڵوێست بۆ زمان دیاری دەکەن و رەوتی ئەم دوو کارکردە لە یەك جیا دەکەنەوە: کارکردی خودکاری زمان (Automatication) و بەرجەستەکاری (Foregrounding)[٢].

تی . اس. الیۆت، دەلێ: «لە دابەزاندنی لە دەقێکی بەرجەستەی شێعریدا، سێ لەحن یان گێڕانەوە هەست پێدەکرێ:«یەکەم: دەنگی

---

[١] – ئاقاجانی، گۆڤاری نافە، ژمارە٧–٦–٥

[٢] – سەفەوی/ش ٣٨–٣٧، ل٣٥

خودی شاعێر. دووەم: دەنگێك كە شاعێر لەگەڵ خوێنەردا ئەدوێ. سێهەم: دەنگێك كە شاعێر دەكۆشێ كەسێتێكی دراماتیكی/نومایشی بخولقێنێ»[1].

لەم دەقەی مەولەویدا كۆی ئەو سێ زایەڵە(لەحن) هەست پێدەكرێ. داهێنەر بە دیدێكی پێشڕوانە لە فەلسەفەی ژیان ئاوڕێ ئەداتەوە و بە مەنەلۆگ و «خۆدواندن» تاكەكانی كۆمەڵگەی كردۆتە بەردەنگ و رولی بەرچاوی «ئاوەز و ئاگاهی» نمایشكردووە، ژیان ئاراستەیەكی بێهوودە نییە، ژیان ئەبێ گەوهەری «ئاگایی، ئاوەز»ی لە گەڵدا بێ، با چاوبەستراو، تەسلیمی ئاكاری قەزاو قەدەر نەبێتن. مەولەوی یان هەر شاعێرێكی راستەقینە پێشڕەوی زەمانەی خۆیەتی، زۆر ساڵانێك لە پێش خەڵكانیترەوە دەژێی. چما ئەم زایەڵە بۆ ئەم كۆڕە كولتووری–ئەدەبییە وتراوە. پەیام دەنێری، وشیار دەكاتەوە و دەڵێ: «ئەم شوناسە دەمانێكە لە بێشكەی شارستانی و ئارشیڤی نەتەوەیەكدا خافڵ ماوەتەوە، دایكی راستەقینەی نەبووە، زڕدایك(دایە) لایەلایەی فێڵبازانەی بۆكردوە و ئاگادار نییە كە تەنیا ئەیخڵافێنێ، ئەوا خەریكە پشتی ئەكۆمێتەوە، چاوی تەنیا بەرپێی خۆی ئەبینێ، مێژینەیەكی چەن هەزار ساڵەی هەیە، «موترێب» وەرە ئاهەنگی بێداری لێبدە تا یاران لەم كۆڕەدا، هەستییان ببزوێت و سروودی كۆی«خوداگایی قەومی» بڵێنەوە.

[1] – ئاقاجانی/٧–٦–٥

لە بەیتی هەوەڵدا:

**نەی گەهوارەی دەور، تای دەسرازەی خەم**

**تاکەی سەرەنگوشت خەفڵەت نە تۆی دەم!**

گەهوارەی دەور: یانێ زەمانە، جیهان، رۆحی جیهانی، عەقڵی خودایی ئەو زاراوانە کە پێخۆری فەلسەفەی دیالێکتیکی«هێگێڵ» بوون. ئەم دێڕە ئاماژەیە بە لە دایك بوونی هەوەڵ، تەوەللودی یەکەم، دەسپێکی ژیانی مادی. مەولەوی لەم«موکاشفە»دا بە مۆنۆلۆگ روو ئەکاتە خۆی و دەست دەکات بە خود سەرزەنشی و دەڵێ: تاکەی وەك ساوایەك لە بێشکەی زەماندا، بە دەسرازەی خەمۆکی بەستراویتەوە و قامکی غەفڵەت ئەنێی بە دەمتەوە. ئەیەوێ خۆی لە نائاگایی و بەفیڕۆدانی مەودای ژیان هایدار بکاتەوە و زەمینە خۆش بکات بۆ دۆزە ڕەواکانی «عەقڵییەتی جیهانی» کە مرۆڤی ئاوەزمەندی(فاعل شناسا)، دەرەوەست کردوە لە هەمبەر ئەو گەوهەرە کە ناوی سووژەی«عەقڵ و ئاوەز»ی مرۆییە کەمتەر خەم نەبێ.

دووبارە لە بەیتی دووەمدا:

**بازیت پێ وەردەن هەریەك وەلایێ**

**سەدای دایەنان وە لایە لایێ**

دووبارە جەختی مەولەوی لە سەر سووژەی«ئاوەز، عەقڵ»ی مرۆڤ و ژێدەر بوونی عەقڵییەتی تاك و پارێزکردن لە مێکانیزمەکانی«نائاگایی»کە بە لایەلایەی بە سۆزی دایە(زڕدایك،

نەفس، هێزە پاڵنەرەکانی دەسەڵاتی وەخت) ناوی لێدەبات. لە روانگەی «هێگێل»ەوە تیشکی ئەم ئاوەزە لە مێژووی مرۆڤدا، هەمان بەشی خوداگای «رۆح» یان سووژەی«رۆحی جیهان»ییە[١].

مەولەوی زوانی شێعری زۆر ساکار، خۆمالی و شەقامییە. ئەمە یەکێکە لە خاڵە ئەرێنییەکان جوانخاسی شێعری مەولەوی. بەیتی سێهەم بە ناوە دەنگی وشیارکەرەوەی «های» کە وشەیەکی زارەکی و فۆلکلۆرییە، دەستپێدەکا.

**«های» نە فەرقش هەن ئەو سەدٚا و تەئسیر**

**تا ئەو لاوناو ئەو مەزەو ئەو شیر.**

مرۆڤەکان ئاگادار ئەکاتەوە و دەڵێ فرە وریا بن سۆزی ئەو لایەلایە و ئەو لاواندنەوە هەڵخەڵەتێنەرە، کاردانەوە هەتاهەتاییە، نەکا ملکەچی ئەم فێڵکارە بن.

لە بەیتی چوارەم و پێنجەمدا:

**هەر تفلێ بێ شك نەی بێشك خەفتەن**

**جەی دایە بڕیان، بەو دایە جفتەن**

**وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان!**

**بڕیانەوەی تۆیچ سەروەختش ئامان**

بایەخوو و ئەرزشەکانی «فەلسەفەی ژیان» دەخاتە بەرچاو و تاکەکان کە خاوەن بەهرەی «ئاوەز»ن، لە پووچەڵخوازی و ژیانی

---

[١] – ساقێب فەڕ/١٠

بەتاڵ بەرگرییان لێدەکات. میسداقێك دەخاتە بەرچاو بۆ مرۆڤی ئاوەزمەند. دەڵێ هەر زاڕوێك لە گەهوارەی دەوردا نووستوە بێ گومان رۆژێك ژیانی روو بە کۆتایی دەڕوات و دەنووسێ بە بەری دایەی قەبرەوە(گۆڕ بەرهەمی ژیانە). دووبارە بایەخی ژیان لە مێژووی مرۆڤ وەبیرمان دێنێتەوە، مادام ئینسان لە بەستێنەی «رۆحی جیهان»ی نەگاتە «ئاگاهی» ژیانەکەی پووچەڵ دەنوێنێ. لە دیدی «هێگێڵ»یش «رۆحی گشتی هەمان سەرچەشنی ئاگاهی ئینسانە»[١].

لە بەیتی شەشەم و حەوتەمدا:

**ها وە قەفاوە یەنێ شی بە وێدا**
**چەم پەی بینایی مدێۆ بە وێدا**
**قەزا وە قومار نە پای بەختمەن**
**قامەت حەڵقە بەست وەخت باختمەن**

دووبارە جەختکردنە لە سەر هەمان سووژەی وشیاری، بێداری و ژیانی مەبەستدار کە ژیان ئەوەندەی نەماوە، پشت کۆم بۆتەوە کە ئەڕوانێ بە ڕێدا چاوی هیچ نابینێ، قەزاو قەدەریش وەك قومارچی لە مەتەرێزدایە کە جەوهەری ژیانی ئاگاهانەی مرۆڤ بدۆڕێنێ و

---

١ – هەمان/١٠

سامانەکەی بە تاڵان ببات. جەختکردن و تەئکید لەم دێڕانەدا، نیشانە دەرەوەستی مەولەوییە بە چرکەکانی ژیان و قۆستنەوەی ئامڕازەکانی سووژەی«ئاگاهی» و تێگەیشتن لە ژیانی مێژینە. مەولەوی وەك مرۆڤێکی پێشاهەنگ و پێشڕەو، داوای وشیاری کۆیی دەکات بۆ گەیشتن بە «خوئاگایی». داوا دەکات مل کەچی قوماری قەزا کە دژبەرە لە گەڵ ئۆبژەکانی ژیانیدا، ئاوەزمەندانە چاوبەستراوی نەریتی کۆن و بیری دواکەوتوو نەبێتن، وەك سوهراب سێپێهری وتەنی: «چشمها را باید شُست، جور دیگر باید دید...». لێرەدایە بە رای من مەولەوی وەك شاعیرێکی ژیر و پێشڕەو، بە دیدێکی جیاواز، هێڵە سوور و پاوەنکراوەکان، بە خورپەبەخشی لە پرۆسەی دیالێکتیکی هێگێل، دابە رزیوو پێش فەرزەکان و مێشکەبەستەڵۆکی و کلێڵ دراوەکان ، دەبەزێنێ و مرۆڤ بەرەو داوەری سووژەی«عەقڵ و ئاوەز» کە پێوەرێکی پۆزەتیڤی دنیای سەردەمە، ڕێنموونی دەکات.

لە بەیتی هەشتەم و تادواییدا:

**موترێب سازەکەت، ئۆف! چ وەش تەرز بیٚ**
**ئی جارەیش وەك دەنگ مەجلیس هەر بەرز بیٚ**
**تا کوورەی زاریم بڵێسە سانۆ**
**داخ لوای وێم جە دڵ نەمانۆ**
**داڎ نمەڎۆ داڎ شین، مالوومەن لێم**

## دمای وێم پەرێم، هیچ کەس وێنەی وێم

لە پێکداچوون و چنگاوەش بوونی ئاگاهی(تێز) و نائاگاهی(ئانتی تێز)دا، تەك گۆییەکانی مەولەوی قووڵتر دەبێتەوە باشتر دەڕوانێتە هەناو و مێکانیزمی خەلاق. لەم قۆناغە دەروونی–داهێنانەدا، بە شێوەی مۆنۆلۆگ روو ئەکاتە مونادای«موترێب» –هێمای دەنگی نۆژەنی و سرووشی رۆحی تازە– دەخوازێ کە سازێ خۆشتەرزی بۆ لێبدات و رۆحە بە خەفڵەت چووەکەی بە ئاهەنگی نوێ ببزوێنێ و لە کۆڕی کۆبەستەی یاراندا(رەمزی عەقڵی جەماوەر، کۆمەڵگە) بەرز بێتەوە و کوورەی زاری بڵێسە بسێنێ، تا لە بەستێنەی ژیاندا تا ماوە داخەکانی نەمێنێ، متمانەبەخش بێ بە ژیان، بۆی رۆونە تەنیا تاك بە پشتبەستن و داوەری ئاوەز و بڕیاری خۆیەتی کە دەتوانێ گۆڕانکاری لە ژیاندا بەدی بهێنێ، ئەگینا دوای مردن شینی هەڤاڵان هیچ سوودێکی بۆ ئەو نییە، ژێدەر بۆ خۆی تەنیا خۆیەتی و بەس، تا بۆ لەدایك بوونێکیتر و تەوەللودێکی دووبارە و سەعادەتێکی نەمری و هەتاهەتایی، بگاتە بە خولیای «خۆئاگایی»، قۆناغی سێهەمی دیالێکتیکی هێگێل«سێنتێز».

**هەرکەس تەوەللود دووبارەش نیەن**
**ئەڵبەت سعادەت ستارەش نیەن[١].**

---

[١] – تاوەگۆزی مەولەوی/٢٧٩

**ئەنجام:**

ئەمە هەر ئەو بیرۆکە بوو کە پێکهێنەری یەکێك لە چەمکە فەلسەفییەکانی «هێگێڵ»بوو. «**اندیشه اندیشه را می‌اندیشد و به خوداگاهی می‌رسد**.»[1] واتە: ژێدەر بۆ ئەندێشە تەنیا ئەندێشەیە کە ئەندێشەی لێ ئەبێتەوە. **اگاهی بر جهان خارج، اگاهی از خویشتن است و این مرحله تازه«خوداگاهی» نام دارد**[2]. یان «**اگاهی هر قوم، اگاهی از هستی خویش است**»[3] . واتە:« ئاگاهی هەر تاك و قەومێك یانێ ئاگاهی لە هەبوونی خودی ئەو قەومە و ئەم قۆناغە پێیدەڵێن خوداگاهی».

[1] – ساقێب فەڕ/١٠

[2] – و.ت.ستیس/ ج٢، ل ٤٨٥

[3] – هەمان/١١

## سەرچاوەکان:

ئاقاجانی شەمس، گوڤاری نافە، ژمارە ٧-٦-٥

ایوب رستم، یارسان، سلیمانی، مەلبەندی روشنبیری هورامان ، چاپی دووهەم، ٢٠٠٦ ز

بەلخی مەولەوی(ڕۆمی)، مەسنەوی مەعنەوی، دەفتەری دووەم، رینولد.ا.نیکلسون، ئینتیشاراتی ئەمیر کەبیر، تاران ١٣٦٣ ك.هـ

بهار ملك الشعرا،سبك شناسی شعر یا تاریخ تەتەور شێعری فارسی، بە کوشش علیقلی محمودی بختیاری، تهران، مؤسسە مەتبووعاتی علمی، خرداد ١٣٤٧ هـ.ش

تاوەگۆزی مەولەوی، دیوانی شێعر، لێکدانەوەی مدرس عبدالکریم، مەهاباد،چاپ صەیدیان، ١٣٦٤هـ.ش

جەماڵ رەشید ئەحمەد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری، بەغداد ١٩٨٨ ز

ساقێب فەر مورتەزا، شاهنامە فردوسی و فلسفە تاریخ ایران، انتشارات قەترە- موعین، تاران ١٣٧٧ ك.هـ

سەفەوی کورش، گوڤاری فرهنگ توسعە، سالی هەفتوم، رەشەمەی ١٣٧٧، ژ ٣٨- ٣٧، ل ٣٥

شفیعی کدکنی د. م رەزا، تازیانەهای سلوك، انتشاراتی اگاه

شفیعی کدکنی د.م رەزا، زبان و ادبیات فارسی عمومی، نشر چشمە، چاپ هفدهم، تهران، نشر چشمە، ١٣٨٢هـ.ش

صفی زادە صدیق، مێژووی وێژەی کوردی(تاریخ ادبیات کُردی) ج١ و ٢، بانە، انتشارات ناجی، ١٣٧٠هـ.ش

قایمی‌نیا علی‌رەزا، متن از نگاە متن، انجمن معارف اسلامی، پاییز سال ١٣٨٠ هـ.ش

محەمەدپوور عادڵ، خانەبەندی شێعر کوردی هۆرامی لە دەسپێکەوە تا ئەمڕۆ(ادوار شعر کُردی هورامی از اغاز تا بە امروز)، ئامادەی چاپ

محەمەدپوور عادڵ، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردیدا، پەخشکاری ئێحسان تاران، ١٣٨٨ ك.هـ

محەمەدپوور عادڵ، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا ...، بە هاوکاری مەڵبەندی رۆشنبیری هۆرامان سلیمانی، چاپخانەی بابان، ٢٠٠٨ز
محەمەدپوور عادڵ، وتاری هورمزگان سەرەتای دەسپێکی مێژووی شێعری کوردی، رامان، ساڵی دوازدەهەم، ژمارە ١٢٩، ٢٠٠٨م
و.ت.ستیس، فلسفه هگل، ترجمه دکتر حمید عنایت، ج١،٢، چاپخانه سپهر، تهران ١٣٧٠ک.هـ
همایی جلالدین، مولوی نامه، بخش اول، موسسه انتشاراتی اگاه، تاران ١٣٦٢ ک.هـ
هۆرامی صەیدی، دیوانی شێعر، محمد امین کاردۆخی، سلیمانی، چاپخانەی کامەران، ١٩٧١م
یاسمی رشید، کُرد و پیوستگی های نژادی و تاریخی او، تهران، انتشارات امیر کبیر، ١٣٦٣هـ.ش

# چن وردە پەیلوایێ سەروو شێوازەو دیوانەکەو مەڵا هەسەنوو دزڵێی

الف) گەرەکمانە بزانمێ یاگێ مەڵا هەسەنی جە دەورەکا شێعرەو ئەوسای هۆرامی کامێنە و ئیشارە کەرمێ بە بڕێ تایبەتمەندێی شێوازەو شێعرەو مەڵا هەسەنی.

ب) نیشاندای و ورد کەردەیۆ سەرپایی بڕێ خەسارەکا دیوانوو ئی شاعێرییە، سەرچەمە جە کۆکەردەیۆ و شیکەردەیۆ بەرێز مامۆستا«ئەحمەد نەزیری».

* **دەسوەشانە**: کاری ئەدەبی مانیاییش ئینا شۆنیەوە ئاذێچ کەسێ پێسە مەڵا هەسەنوو دزڵێی کە ئەگەر ئەرەمانیایی و ئەرەگێڵآیی مامۆستای رێزدار "نەزیری" نەبێی بێگومان ئیسە ئێمە بێبەبەش و قوتارێ بێنمێ چی سامانە ئەدەبییە. چێگەنە من جە لاو وێم جە لاو شیکارا و شاعێرا گردوو کوردیەوە و هەر پاسە خەڵکوو ئاوایی دزڵێی و هۆرامانیوە دەسوەشانە ماچوو پی ئەدیبیە هۆردەسییە و هۆمیدۆوارەنا نموونەشا فرەتەر بۆ پەی بووژنایۆ و

ئەرەژناسای ئا شاعێر و عارێف و زاناگەورا کە هێشتا تۆزەو زەمانی جە دیمەنشانە نەسڕیانۆ و هیشتا دەسنویسێنیٚ و خاك وەرا یان ئینیٚ دلیٚ سینەو یان سەروو زوانوو پیرە ژەنا و پیرە پیایا هۆرامانینە کە ئەشۆ بە ئەرەمانیا بە وزە و بە ورە، کێشیا بەر و ساق کریاوە.



*مەبەست ئی چندٚ خاڵە کە وەروو پێشخوانەو ئی دیوانییە، خوانەخواسە خرابنای کارەکەو مامۆستای نیا بەڵکوو وەڵیٚ گردٚ چیوینە بەروستەی بایەخوو زەحمەتەکاو ئا دلۆڤانینە و هەر پاسە تەمامکەردەی هەوڵەکا ئادٚی و گەورەیی مەنزوومەو هۆنەری مەڵا هەسەنی.

**جە باسوو تیۆریکی ئەدەبو ئارۆینە:** «نیشانە شناسی ئەدەبی» پەی وانایۆ دەقەکا و ورسنگنایشا بایەخی فرەش هەن. دەق کارەساتیٚ زوانین، سەربەویٚ و زیندٚەن، مەنشووریٚ فرەچەشنەن، هەردەم وێنەیی تازە مدۆ جەوێش و جە جیهانیٚ کە خولقیان. پێسەن ئاویٚ قەڵوەزە پێکۆ و شەفاف جمە کەرۆ و وەردەنگ هەریۆ وێنەو وێش ئێزۆوە. جوانخاسی شێعریٚ و ئەدەبیاتی ئینا چێگەنە کە نیشانەکاش و تەسویرەکاش جیاوازێنیٚ. «مەتن» بە مانای واقێعی، قابلییەتوو ئانەیشە هەن کە بە دیدی جیاواز ونیۆوە و «مانا»یتەرش چەنە ئاوەگۆز کریۆ، چوونکای «دەق» مەرکەز گورێزا و فرەدەنگەن، پۆکەی من ئی پەیلوایا ئاراستەو وەنیارەکا مەڵا هەسەنی کەروو.

*مەلا هەسەن بەشێن جە هەیکەلوو شێعرەو هۆرامی، هەر پاسە کە شێعرەو هۆرامی بە گردێ پاژێن جە ساختاروو شێعرەو ئەوساو کوردی.

**دەورەکا شێعرەو هۆرامی جە دەسپەنەکەردەی تا ئارۆ هەوت دەورێنیۘ:** وەڵتەر ئیشارەم کەردەن بە دەورەکا شێعرەو هۆرامی چێگەنە تەنیا ئیشارە کەروو بە دەورەو ششو دماو مەولەوی کە "مەڵا هەسەن" چی دەورەنە بییەن.

**دورەو ششەمی:** دورەو دماو مەولەوی و شاعێرەکا شۆنکەوتەو مەولەوی(قەڕنەو ١٤ و دماتەر) کە مەڵا هەسەن یۆ چانیشانە فرێ بیێنیۘ. پێسە: شیخ محمد نسیم مردوخی(متوفی ١٣١٩ ھ.ق) سید یعقوب ماهیدشتی(١٣٢٦-...ھ.ق) تاهێر بەگوو جافی(١٣٣٧-١٢٩٥ھ.ق) عبدالله بەگوو هۆرامی(متوفی ١٣٦٣ ھ.ق) **مەلا حەسەنو دزڵێی، یان هێجری(١٣٦٤-١٢٧٥**ھ.ق)، عنایت‌الله-ئاغا عنایت-(١٣٣٥-١٢٦٠ھ.ش/...) مُلا محمد صادق نگڵی-صادق-(١٣٤٥-١٢٨٠ھ.ش) محمد تاهێر سید زادە هاشمی-تاهێر-(...-١٣٣٢ ھ.ق)، شیخ عوسمان نقشبندی()،امین نقشبندی-بیوەی-(...١٣٥٠ھ.ق/...١٩٣١م)، محمد امین کاردۆخی(١٤٠٢-١٣٣٧ھ.ق/١٩٨٢-١٩١٦م)، مُلا عبدالکریم مدرس، مُلا عبدالله کاتب-فنایی-(٢٠٠٤-١٩٣٢ م/١٤٢٥-١٣٥٣ھ.ق)، محمد امین میرزایی-میرزای هورامی-()، محمد ولی مجیدی(بی گُل نەسەناری)، عبدالله اقدسی(١٤٠٦-١٣٤١ھ.ق/١٩٨٦-١٩٢٢م) ، محمد بهاالدین

ملا صاحب–دانا هورامی–(١٩٧٩–١٩٣٤م)، محمد صديق مفتی زادە، محمد فهيم و فرە شاعێرانیٚ تەریٚ ...

**تەشك شناسی هۆنراوەكا مەڵا هەسەنی:**

*فۆڕم: مەسنەوی، غەزەڵ، قێتعە، دوە بەيتی(نە بەماناو ئەدەبيش) و...

*كێش: هيجايی(بڕگەيی)، عەرووزی

*زوان: هۆرامی، سۆرانی، فارسی و عەرەبی، بە زوانیٚ: سادٚە، سەميمی و جۆراوجۆر

**مەژگە(محتوی) ئينێنیٚ:**

***مەزموونگەرايی:** كۆمەڵايەتی، ئايينی،سياسی، تەنز و تارۆز، بۆنەكا، نامەنويستەی، وەسفوو سروشتی و...

***فەزاو شێعریٚ:** تەنز و تەرەبناكی، گاڵتە و شۆخ تەبعی، يۆ جە خاڵە ئەرێنييەكا مەڵا هەسەنين.

*«**تەنز، هەزل و هەجو شێوازیٚ دەگمەن پەی شێعرەو كوردی هۆرامی**» بە راسی ئينە خاڵی ئەرێنين پەی مەڵا هەسەنی. چا مەودا زەمانينە كە فەقری فێكری، پێوەندٚی و فەرهەنگی عەشيەرەتی–دەرەبەگايەتی زاڵ بييەن پی شێوازە شێعر واتەيوە، دەگمەنا جە ئەدەبوو هۆرامانينە. چوونكای ئی نەوعە واتەيۆ تايبەتوو "گلێرگەی كريواينۆ" شەفاف و بیٚ پەردە، بابوو دلٚوو وێش زامەكا كۆمەڵگەيش بەر وستێنیٚ. ئينە تەنيا ئەشيۆ بنيەشەرە بەحەسابوو ئاستوو رۆشنبيری و ويرو كريايۆە خود و مەڵا هەسەنی.

بە یەریٚ جۆریٚ جە حەوزەو ئەدەبی غەیر جیددینە شیٚعریش واتێنیٚ:"تەنز، هەزل و هەجو".ئەڵبەت ئی یەرە نەوعە ئەدەبیە پێوە جیاوازیشا هەن:

لەفزوو «هەجو»ی ڕەکیك و دژمانئمائێزا، مەبەست مەسخەرەکەردەی و گاڵتەجاڕی و خوونایا، «هەزل»یچ مەبەستش تەنیا سەرگەم کەردەی و خوونای کەسەکان. بەڵام تەنز، ئەگەرچی خوای هەن بەڵام مەبەستش خوونای نیا بەڵکوو نیشتەی بزەن سەروو لچاوە، بزێوە کینایە ئامێز، تاڵ، جیددی، دەردناك و نێشدار. تەنز بیناش تەمیٚ کۆمەڵایەتین و سەرەنجام ئیسڵاح و تەزکییە و مرۆڤ پاریزین، نە مەنع و لۆمە و مەردم ئازاری. تەنز کاردەو جەڕڕاحین... دەقەکەو مەڵا هەسەنی تێکەڵێن چی یەرە ژانێرە ئەدەبیا.

**هەجو**: تۆ ڕواسەنی و هەورێشەی حەیزی/ ناگای عەمروو زەید جە دەیز و بەیزی... (ل ٤٠)

**هەزل**: جە قەنڎ شیرینتەر، هەنگوێنی لەزیز/ باش ئوسای زیرەك ئوسا ئەولەزیز... (ل ٧٥)

داخم هەر ئینەن جۆرە کەسانیٚ/ پا کافرمانیٚ، لاقنگ هەسانیٚ... (ل ٧٦)

**تەنز(ئایرۆنی)**: باد صبا دەخیلك از حد گُزشت شوقم/ بهر عزیمت شهر، اخیز کن ز جا را...

پیر و مەریز و عاجز چون عنکبوت لاغر/ ڕووت و شڕۆڵ و پڕپۆڵ چون دار هانەوا را... (ل ١٢٧...١٢٤)

***هەمەچەشنی فۆڕم و موحتەوا، یۆتەر جە تایبەتمەندییەکا ئی شاعیرینە**

*ئاشنایەتی بە شێعرەو فارسی و عەرەبی، بە تایبەت ئونس چەنی حافزی و مەولەوی بەلخی

* یۆ جە هۆکارەکا مەنەیۆ هۆنراوەکاش، مەقبووڵییەتی گردی لاو خەڵکیوە و یاگەنیشتەی دلێ دڵوو پیرەژەناو پیرەمەرداو هۆرامانین.

*بە پێچەوانەو صەیدی هۆرامی، هۆنراوە فارسی و عەرەبیەکا مەلا هەسەنی جە حەیسوو ساختارییەوە فرە هۆردەستەرەنێ تا چامە بڕگەییەکاش. هۆکارەکەش ورگێڵۆوە پەی هوردەسی عیلمی و زاڵ بیەی مەڵا هەسەنی چیدوە زوانانە.

**کاردەوەژێ**[١] **دیوانەکەی**: بەر وستەی بڕێ هەڵەی ساختاری و رەوشوو کوکەردەیۆ و مانا کەردەیۆ دیوانەکەو مەڵا هەسەنی...

* دوێ جۆرە پەیلوای پەی ئی چەشنە ئەدەبیە هەنێ:

*الف) ئێسنادی(کتابخانەیی) ب) مەیدانی(واتەیو ئەژنییەی، پەرسنامە)

*جە کاری شیکاری ئەدەبینە، کۆ کەردەیۆ و راسکەردەیۆ شێعرەو شاعێرا، ئێسنادی هۆردەسا، بەڵام ئی دەقە کریۆ تێکەڵێ بۆ «ئیسنادی–مەیدانی»

---

[١] – ئی دەسە واچەمە دەموو مامۆستا "نەزیری" یەوە ئەژنییەن پەی یاگێ ورکۆڵیەی پێکئاماو مەژگە(فرم و محتوی) و شێعرێ پێشنیاز کریۆ.

وەرەچەم نەگێرتەی شێوەو پانویس و ئیستفادە نەکەردەی جە سەرچەمەکا، یۆ هەرۆڵییەکا ئی دەقینە.

**شیکەردەیۆ و ریشەشناسی «واچە»کا(فیلۆلۆژی):**

*دەربەنجە وچیان یانێ«دەربەن جەهە»، دەربەنجە، دەربەنچە، دەربەن+ جە یا دەربەنچە یانێ دەربەنێ وچکلە «جە یا چە» دماینەن پەی سووککەردەیۆ و وچکلە کەردەیۆ واژەو دەربەنی. نە «دەربەنجەهە» دەربەند جیهاد؟!

*«پاڵێ» (ل ١٨) ریشە شناسی نەکریان. واچەیێ کۆنا جە ئاوێستانە(Perethu) و جە سانسکریت(Parĉva) و پالەوی(Pahlûk) و گیلکی(Palû) و مازنی(Palî) و هۆرامیەنە(Palê) ئامان، بە ماناو «شار» یا مرۆڤی «ئازا و چەنەئامای یان نامێ وڵاتێن کە زوانی «پالەوی» مەنسووب پا وڵاتینە و یا زوانوو پایتەختوو «کیان»ی بییەن.

(برهان قاتێع، ج ١، پانویس ل ٤٣٠، شەرحەو د.م.معین)

«کلکەو پاڵێ» جە دزڵیەنە بەڵگەیەن پەی ئی پەیلوایە.

*«یەزد گرد» نویسیان «یەزد گورد» ل١٨، مانایچش نەکەردەنوە،«گرد» یانێ درووسکریا، بەدیئاما، تەپۆڵکە و... «گرد، Gird) واژەیێ کۆنا جە «شاهنامە»نە، «سیاوەخش گرد، سیاوەش گرد» ئا شارنە کە «سیاوەش کوڕوو کەیکاووس»ی شاو ئێرانی جە «توران» زەمینەنە بیناش کەرد:

سیاوەخش گردش نهادند نام/ همە مردمان زان بە دل شادمان

(دهخدا، لغتنامە، ج ٨، ل ١٢٢٢٨ چێروو واژەو سیاوەخش گرد)

کە ئیسە جە کوردستانەنە یاگەگەلیٚ پی نامیٚ حوزوورشا هەن پێسە: پێسە: گردە رەش، گردی سپی، گردە سوور، گردەنازیٚ، گردە پان، گردەبەردان، و... (گردەڵ و گردەڵە) چی واژەیە درووسیٚ بێنیٚ.

پە زانیاری فرەتەری بڎیە:

(هەژار، هەنبانەبۆرینە، ل ٦٩٠، سروش ١٣٦٩ ک.ر)

***هەڵە چاپی و ڕا نڤیسەکا، فرێنیٚ وەخت نیا ئیشارەشا پەنە کەروو.**

**راسکەردەیۆ چنڎ مانا شێعرێی** (بە پەیلواو وێم):

*بەدر ویلایەت، شەمس نەبووەت/ هەردوو موزەییەن سەماو (عەلووەت)عولووەت (ل٣٢)

ماناکریانەوە: «وەکوو مانگی چواردەیت لە ناو وەلیەکانا، باقییەکەی خۆت مانای کە من نازانم مەبەستی چیە.»

دەڵیٚ شێخ، موراد، قوتب... بەدری ویلایەتوو و شەمسوو نبوەتیا، هەردوی گێڵۆوە پەی بەدر و شەمسی(لف و نشر) کە زینەت بەخشوو سەما و بەرزاییەکا عاسمانییەنیٚ. بە تەشبیە تەفزیل یانیٚ و دیدی ئیغراق ئامێز: مورادوو من بەزرتەر جە ئاسمانییا و یاگیٚ مەلەکووتیەش هەنە.

*توند و تۆڵ و ڕەق وێنەی مەڕ مەڕ بان/ هاژەباڵ وێنەی هەسارەی کەڕ بان

تەنیا میسراعی هەوەڵ مانا کریانوە، میسراعی دووەم... ؟

«کەڕڕ» یانێ گێڵاێۆ شەو و ڕۆی یۆ یۆ دماو یۆی، کەڕڕات و تێکرار. بڎیە: (دهخدا، ل ١٦٠٦٥، ج ١١) ، چێروو واژەو «کەرڕ»ی. ئی واچە چەنی ئی واچا هەم خێزانا: «کریر، کرار، تکرار، مکرر و...» یانێ کلاّشەکێ چەنی توندێ و تۆڵی و ڕەقی ئنڎە چابوکێ و عالێبا، کەرام «بەلەپا».

# ستایشکارانی
# دایك

❖ هەڵسەنگاندنێکی شێوازناسانەی بابەتی فیکری–ئەدەبی–زوانیی نێوان دوو دەقی لیریکی «قانێعی مەریوانی و ئیرەج میرزا» بە ناو «دڵی دایك».

**ئیرەج میرزا** (١٣٤٤–١٢٩١ ك.م)

کوڕی غوڵام حسێن میرزا سەدرولشوعەرا، شاعێری ناودار و بەدەسەڵاتی سەردەمی بزاڤی مەشرووتەی ئێرانی لە ساڵی (١٢٩١)ی کۆچی مانگی لە شاری تەورێزخونچەی تەمەنی دەپشکوێ. باوك و باوەگەورەی هەردوو خاوەن چێژی شێعری دەبن" ئیرەجیش هەر ئەم دیاردە لەوانەوە بە زگماگ وەردەگرێ. هەر لە منداڵییەوە لەو شارە زوانی فارسی، عەرەبی و فەرانسی فێردەبێ. لە تافی شانزەساڵیدا دەبێتە خاوەن هاوسەر و خێزان" لە هەمان تافی لاوێتیدا چێژی هونەری دەرسکێ و دەست دەکا بە شێعر وتنەوە و لە لایەن ئەمیر نێزام کە خۆی ئەدیب، بیرمەند و شێعرناس دەبێ"

خەڵات و ستایش دەکرێ. ئیرەج لە نۆزدە ساڵیدا دەبێ بە شاعێری دەرباری موزەفەرەدین شا، چەند جار بۆ سەفەر رەسمی رەوانەی ئوورووپا دەکرێ و ماوەیەك لە گومرێکی کرماشان دەکرێ بە وەرگێڕی راوێژکارە بەلژیکییەکان و پاشان بۆ ماوەیەك دەبێ بە بەرپرسی سندۆقی پۆست و گومریك لە (سنە) ناوەندی پارێزگای کوردستان و ... تا کۆتایی ژیانی، چەندین ئەرکی ئیداری — سیاسی — کارگوزاری پێدەسپێردرێ. تا کوو لە رۆژی ٢٨ی شەعبانی ساڵی ١٣٤٤ (ك.م) بە هۆی وەستانی دڵ لەم دنیا ماڵاوایی دەکا. دەڵێن سەرەتا لەم شاعێرە نزیکەی چوار هەزار بەیت شێعر کە زۆربەیان شێعری گلێرگە و تارۆز و گاڵتەجاڕی و ... کە بە زمانێکی ساکار و گوتاری نووسراون" بە جێماوە و لە دیوانێکدا چاپکراوە و خەسرەو میرزای کوڕی پێشەکی بۆ نووسیوە. لەم دواییەدا دیوانەکەی بە هەوڵی دوکتۆر محمدجعفر محجوب لە ساڵی ١٣٤٢ ی کۆچی هەتاوی سەرجەم شێعرەکانی لە گەڵ ژیاننامەی بڵاوکراوەتەوە و چوار جار لە چاپ دراوە. یەکێك لەو شێعرە باشانە، شێعری «دڵی دایك»ە و قانێعیش ناوەڕۆکی ئەم تێکستەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زوانی کوردی سۆرانی و لەم وتارەدا دەخرێتە بەر تیشکی بەراوردکاری زوانی—ئەدەبی و لە سەر ئەم دوو دەقە باس دەکەین.

## قانع (١٨٩٨-١٩٦٥ ز)

سەرەتای وەرزی تاڵی ژیانی ئەم شاعێرە لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە، واتە لە ساڵی ١٨٩٨ ی زایینییەوە دەست پێدەکات. دوای ئەوەی دەرەبەگەکانی ناوچەی مەریوان ئەم شاعێرەیان ئاوارە کردوە و ملك و ماڵی داگیر کراوە، بە دەم ئەم لێقۆماویەوە وەکوو مناڵی دەربەدەرێك لە ڕۆژی (١٥)ی ئەیلوولی هەمان ساڵ لە ئاوایی ریشێن لە بناری شارەزوور لە دوای چواردە خوشك چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. بەو حاڵەشەوە کلۆڵی دەستی لە یەخەی نەکردەوە" لە تەمەنی (٤٠) ڕۆژیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و تازە پێڕەوەکە ئەبێ دایکیشی دەمرێ، مامەکانی نازی ئەکێشن... تا ماوەیەك بە هۆی خزمێکی دووریانەوە کە خەڵکی (چۆڕ، ئاواییێك لە مەریوان) ئەبێ، پێ ئەنێتە زەمینەی ژیانێکی ترەوە. ناوبراو ئەیباتە لای خۆی و لە حوجرە ئەینێتە خوێندن... هەر لەو تافەدا دەس ئەکا بە شێعر وتنەوە، شێعر لەو کاتەدا شەوچەرەی کۆڕی شەوانە و کەرەسەی ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر دەبێ، بۆیە ئەمیش یەکێك ئەبێ لە سەوداسەرەکانی بازاڕی شێعر... چمکی ئاگری یەکەمین شەڕی جیهانی لەم کاتانەدا دەگەیێتە ناوچەی مەریوان و قانع ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەم شەڕەدا بەشداری ئەکات و کاردانەوەی ئەبێ لە سەر بیر و هزری ئەم شاعێرە... لە سەرە تای چلەکانەوە ، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری دوەمین شەڕی جیهانیدا، ڕێبازی سۆشیالیستی وەکوو دیاردەیەکی

سیاسی زیندوو لە ناو شێعرەکانیدا دەرکەوت و سەریهەڵدا... هاتنە پێشەوەی بازاڕی دوەمین شەڕی جیهانی ناوەرۆکێکی نوێی خستە ناوشێعرەکانی ... بەلایەوە وابوو دوای کۆتایی شەڕ مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان بە تایبەت گەلی کورد بە لایەکا ئەخرێ... لە سەرەتای پەنجاکانا دەستی کرد بە چاپکردنی هەندێك لە شێعرەکانی بە هاریکاری چەند دۆستێك لەوانە: مامۆستا عەلائەدین سەجادی و شوکور مستەفا و کاك برایم ناوێك و... (گوڵاڵەی مەریوان، باخچەی کوردستان، چوارباخی پێنجوێن، شاخی هۆرامان و دەشتی گەرمیان) ... بەهاری ساڵی ١٩٦٥ دا بە ماڵەوە لە دێی (لەنگەدێ) لە ناوچەی شلێر نیشتەجێ ئەبێ و بە نەخۆشی لە ١٩٦٥/٥/٧ لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بە دەم گۆشەگیرییەوە کۆچی دوایی ئەکات، تەرمەکەی لە گۆرستانی شێخ ئەوڕەحمان کە گۆڕستانێکی بچووکە و کەوتۆتە بەری رۆژاوای دێی ناوبراو، نێژراوە. لە سەر سێ پارچە بەردی مەڕمەڕ کورتەیەکی مێژووی ژیانی و ئەم چوارینە شێعرەی خۆی لە سەر نووسراوە:

**نەبوو رۆژێ لە کوردستان سەرۆکێ یا خۆ خەمخوارێ**
**هەمیشە ئەبێ کوردان بەڵاو ناسۆری لێ بارێ**
**ئەگەر مردم لە سەر قەبرم بنووسن توخوا یاران:**
**شەهیدی عەشقی میللەت بووی، کەچی نەتدی پەلامارێ**

پاش کۆچی دوایی، بەشی یەکەم لە شێعرەکانی کە ناوی (گوڵاڵەی مەریوان) بوو لە چاپ درایەوە، لە گەڵ بەشی یەکەمی

(پاشمەرگەکەی) چاپکرا... پاشان سەرجەم شێعرەکانی لە کتێبێکدا بە ناو دیوانی قانع، شاعێری چەوساوەکانی کوردستان، لە لایەن (بورهان قانع) لە چاپ دراوە...

پلە بە پلەی شێعرەکانی روخسار و ناخی ژیان و باری کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەی تیا دیارە کە تیایا ژیاوە و پیایانا ڕۆیشتوە... ناوەرۆکی شێعرەکانی ئاوێنەی واقیعی تاڵی ژیانی خۆی و کۆمەڵی کوردەواری هاوچەرخی خۆی نشان ئەدات. (بڕوانە: دیوانی قانع، شاعێری چەوساوەکانی ک.ردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی دووەم ١٩٩٩)



هەر وەها کە باسکرا، کاتی ژیانی ئەم دوو شاعێرە لە یەك سەردەمدا بووە" ئیرەج شاعێرێکی باڵادەستی خوێندەواری فەرمی سەر بە کاستی دەسەڵات" بەڵام قانع شاعێری نەتەوەیەکی بندەست و چەوساوە و کۆیلە و دەسپەروەردەی حوجرەی کوردەواری و فرێدراوی دەستی دەسەڵات.

شێعری "دڵی دایك" لە بنەوەڕا پارچە هەڵبەستێکە بە زوانی "ئاڵمانی" کە ئیرەج بە مەبەستی بەشداری لە کێبەرکێی ئەدەبی لە گۆڤاری "ئێران شەهر" چاپی بەرلین، وەریگێڕاوەتەوە سەر زوانی فارسی. ئەم دەقە نێردراوە بۆ ئەو گۆڤارە و لە کێبەرکێکەدا ئیرەج پلەی یەکەمی وەدەس هێناوە. ئەم دەقە شێعرییە بە قەدرێ بە دەسەڵاتی هونەری و تەکنیکی شاعێرانە وەرگێڕراوەتەوە کە بوەتە هۆی ناوبانگی شاعێرەکە و شێعرەکەیش بوە بە ڕۆژێڤی ڕۆژنامەکان

و تەنانەت بە دەنگی (قمرالملوك وزيرى) گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەو دەمە، خوێنرایە سەر سەفحەی گرامافۆن و بوو بە شاکاری ئەدەبی وەخت. ئەم شێعرە تەنیا ناوی وەرگێڕانە، ئەگینا، ئیرەج ئەم دەقەی دووبارە بە شێوازێکی نویٚ و داهێنانە، خولقاندوە کە کەس هەست بە تێم(Tem) و فەزای وەرگێڕان ناکات. لە چاو دەقە ئاڵمانییەکەی دەقەکەی ئیرەج، سەد قات بە پێزتر و هونەرمەندانەتر ئەفرێندراوە. لەو دەمەیدا لەم دەقە بە باشی لە لایەن خاوەنڕایان و رەخنەگرانەوە پێشوازی لێکرا. د. (يحيى ارين پور) لە کتێبی از صبا تا نیما دەڵێ: "ئیرەج شاعیرێکی بە دەسەڵات و مەزنە و دەچێتە ریزی پێشاهەنگانی سادەبێژییەوە". یان بە قەولی (سعید نفيسى) "ئیرەج شیرینترین شاعێری سەردەمە".

دەقەکەی ئێرەج:

**قلب مادر**

داد معشوقه به عاشق پیغام
که کند مادرِ تو با من جنگ
هر کجا بیندم از دور، کند
چهره پر چین و جبین پر آژنگ
با نگاه غضب آلود زند
بر دل نازک من تیر خدنگ
از در خانه مرا طرد کند
هم چو سنگ از دهن قلماسنگ
مادر سنگ دلت، تا زنده است
شهد در کام من و توست شرنگ
نشوم یک دل و یک رنگ تو را
تا نسازی دل او از خون رنگ
گر تو خواهی به وصالم برسی
باید این ساعت بی خوف و درنگ
رَوی و سینه ی تنگ اش بدُری
دل برون آری از آن سینه ی تنگ
گرم و خونین به منش باز آری

تا بُرُد ز آینه ی قلبم زنگ
عاشق بی خرد ناهنجار
نه، بل آن فاسقِ بی عصمت و ننگ
حرمت مادری از یاد ببرد
مست از باده و دیوانه ز بنگ
رفت و مادر افکند به خاک
سینه بدرید و دل آورد به چنگ
قصد سرمنزلِ معشوقه نمود
دلِ مادر به کفش چون نارنگ
از قضا خورد دَمِ در به زمین
و اندکی رنجه شد او را آرنگ
آن دل گرم که جان داشت هنوز
اوفتاد از کف آن بی فرهنگ
از زمین باز چو برخاست، نمود
پیِ برداشتن دل، آهنگ
دید کز آن دل آغشته به خون
آید آهسته برون این آهنگ:
«آه دست پسرم یافت خراش!
وای پای پسرم خورد به سنگ!»

دەقەکەی قانع:

## دڵی دایک

"جارێکیان لاوێك سەرگەرموو مەغروور
لە ناو یارانا بە نەزان، مەشهوور
ئەیدا لە دایکی هەتا ئەیتوانی
وتاری باوکی بە هیچ ئەزانی
دڵی چووە سەر دراوسێ ماڵێ
ژنێکی زۆر زان خۆش خەت و خاڵێ
ئیشارە بە چاو پێکەنین بە دەم
بە بەینیانا چوو، لە زۆر و لە کەم
گا شەڕە چەپۆك، گا پاڵ پێوەنان
هەتاکوو ئیشیان لە ئیش ترازان
دایکی لاوەکە بەم ئیشەی زانی
کەوتە تەدبیری زۆر بە ئاسانی
وتی خوشکەکەم مەیێ بۆ ماڵم
خرابمان مەکەو مەشکێنە باڵم
ئەم کوڕەی منە سەرسەری مەکە
لە ژینی دونیا بێبەری مەکە
ژنی دراوسێ کەزانی وایە
تەرکی ماڵی کرد نەهات بۆ کایە
لە پاش یەك دوو ڕۆژ، کوڕە هیلاك بوو

بۆ نەهاتنی یار تەواو خەمناك بوو
شەوێك لەشەوان زۆر بە پەنهانی
چوو بۆلای دۆسە هیچ کەس نەیزانی
وتی گیانەکەم بۆ تەرکت کردم
بەچاوت قەسەم ئەوا من مردم
وڵامی داوە مەعشووقەی عەیار
وتی خۆشەویست، بۆ من بریندار
دایکت زانیویە، ئابڕووی بردم
نازانی پیرێ کەچی پێکردم؟
تازە من و تۆ بۆ یەکتر نابین
هەتاکوو مردن بۆ لای یەك ناچین
کوڕ هاتە وتار: ئامان سەد ئامان
لێم زویر نەبی دەستم بە دامان
توچی ئەفەرموویت سەرم لە ڕێتە
پەردەی دڵەکەم، خاکی ژێرپێتە
وتی ئەتەوێ بم بە میوانت؟
(دەسکەمە ملت، بێمە سەر ڕانت؟)
دایکت زگ بدڕە و دڵی دەربێنە
مەیخە بەیانی ئەمشەو بۆم بێنە!
منیش ئەوساتە وەکوو جارانم
هەرچی بلێی پێم، بەندە فەرمانم

کوڕ بە نەزانی ڕایکردۆ بۆ ماڵ
زگ دایکی دڕی سا بە هەر ئەحواڵ
دڵی دەرهێناو خستیە سەر دەستی
بردی بۆ یاری، دوو دیدە مەستی!
هێندە پەلەیکرد کوڕی مل قەوی
پێی هەڵخلیسکاو کەوتە سەرزەوی
بەزوانی حاڵ دڵ هاتە زمان:
«وتی ئەی ڕۆڵە ئامان سەد ئامان!
هۆشت بیٚ دەخیل، بریندار نەبی
لە نەخۆشخانە زارو خوار نەبی
قەزات لە گیانم لەسەر خۆ بڕۆ
ئێشت پیٚ نەگا، بم کەی ڕەنجەڕۆ
هەرکەس بزانیٚ کە دایک کامە؟
هەتاکوو مردن چەشنی خوڵامە
چاو بقونجێنە لە نان و ئاوت
پەڕوو گوو شۆرین بێنە پێش چاوت
ئەم جار ئەزانی کە دایک چییە
بۆ تۆزیٚ ئێشت ئارامی نییە".

(دیوانی قانع، شاعێری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوی: بورهان قانع، چاپی دووەم ١٩٩٩)

## بەراوردکاری فاکتە فیکری-ئەدەبی-زوانییەکانی

## ئەم دوو دەقە:

الف: یەکێك لەو خاڵانە هاوبەشانەی کە ژێر خانی ئەم دوو دەقە پێکەوە گرێدەدات، رووکردی رەخنەگرانەی گلێرگەیە. قانع بە هۆی ئاشنایەتی لە گەڵ ژانی گەلەکەی و ژیانی ناهەمواری خۆی و چێژ و هەست بە نابەرابەری لە سیستەمێك کە چەوساندنەوە و کۆیلەتی و تواندنەوە یەکێك لە پرەنسیپەکانی بووە: بۆیە هونەرەکەی بۆتە زمانحاڵی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتیە، هەر وایش لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەم شاعێرە ناسراوە بە شاعێری چەوساوەکانی کوردستان. "مەریوان وریا قانع" لە بارەی رووکردی گلێرگەیی وەسیەتەکانی ئەم شاعێرە پێوایە:"لە پشتی هەر وەسیەتێکدا هەوڵدانێك ئامادەیە کە دەخوازێت قورساییێکی ئەخلاقی و رەمزی گەورە بەو دید و تێگەیشتنە تایبەت بدات کە کەسی وەسیەتکەر بۆ دنیا و ژیان و ئایندە هەیەتی. لە وەسیەتدا ئینسان تێگەیشتنەکانی خۆی و ئارەزوەکانی دەکاتە کۆمەڵێك داواکاری و دەیداتە دەست نەوەکانی دیکە". (سەردەمی رەخنە، ژ: ٤، ٢٠٠٦) . قانع بەو دیدە تایبەتیەوە کە بۆ بەختیاری گەلەکەی هەیبوە بە راستی هەستی بە دەرەوەستیەکی مەزن و قورس و قووڵی کردووە، بە چەشنێك ئامانجەکانی لە قاڵب وەسیەتدا بگەینێتە نەوەکانی داهاتوو، تا رادەی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە نەتەوەکەی رابگەیەنێ. قانع شاعێرێکی نەتەوەپەرست بووە و هەستی بە ناتەبایی ئەو مێژووە

کردوە کە دەسەڵاتچیان بەکگراوندەکەیان گڵاڵەرێژ کردبوو. بەختیار عەلی لەم پێوەندییەدا دەڵێ:"قانع لەو نووسەرانەیە کە پێوەندی بەو ناوکۆییە مێژوەی خۆیەوە، پێوەندییەکی تەبایی و هاوجووتیە. ئازارەکانی قانع ئازارەکانی مۆراڵیستێکە کە بۆ وێنەیەکی ئیدئالی نەتەوە دەگەڕێت و کۆی هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە ئەو نرخە ئەخلاقیانە لە هەموو فەردێك و هەموو کۆمەڵگا ببینێتەوە". (سەردەمی رەخنە، ژ: ٢: ٢٠٠٥)

لە هەمبەر ئەم دەرەوەستییە سۆسیاییەی قانع، ئیرەج میرزایش رەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی بووە" لە دەقە شێعرییەکانیدا ئەم دیاردە بە باشی رەنگی داوەتەوە. لە بواری کۆمەڵایەتیدا، ئەو هەڵس و کەوتانە کە لە گەڵ نورمە سۆسیاییەکاندا کۆك نەبایەتن و پێی جوان و ئیدئالی نەبوایەن، بە زمانی تارۆز و تەنز و گاڵتەجاڕی ئاماژەی پێدەکردن. هەر چەند لە گڵاڵەرێژکردنی کێشەکانی گلێرگە، خاوەن دیدێکی قووڵ و پەیلوایەکی توکمە نەبووە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە ئەو کێشە ناهەموار و ئاستەنگە دزێو و ناحەزانەی کە لە کۆمەڵگەی داڕزیوی ئەودەمەی ئێراندا هەبووە لە قاوغی واژە و دەستەواژەگەلێکی گاڵتەجاڕی و تەنزئامێز بە زمانێکی نانۆرماڵ و ناحەز لە شێوەی نەزم و هۆنراوە دەربڕیون، کە ئەم شێوە دەربڕینە ئەوەندە نائاسایین ناکرێ بە شێوەی راستەوخۆ بەیانکرێن. بە قەولی نادر نادرپوور "زۆربەی شێعرەکانی ئیرەج، دەبێ پەناوەکی بخوێندرێنەوە، چوونکای بە ئاسایی نالوێ لە

بارەیانەوە ئەخافتن بکرێت". (یوسفی د. غلامحسین، چشمە روشن، ل: ٣٦٢)

ب: خاڵێکی تری هاوبەشی "ئیرەج و قانع" چۆنییەتی سەرخانی زمانی ئەدەبییە لەم دوو دەقەدایە. بە بە خوێندنەوەی راوردکاری شێعری "دڵی دایك" بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی ئەدەبی هەر دوو شاعێر: گیرا، کاربەخش، ساکار و وەرگرتەیە لە واژە و دەستەواژە و لێکدراوە لە خەرمانی زوانی »گوتاری–شەقامی گلێرگە« و ئەو توێژە کە لە گەڵیاندا هەڵس و کەوتی ژیانیان کردوە:

"مادر تو با من جنگ کند، چهره پر چین و جبین پر اهنگ، دل نازك من، به وصالم برسی، دم در، از در خانه، سینەی تنگ، نسازی دل او از خون رنگ، این ساعت، به زمین خورد، ئاه، به سنگ خورد، وای، و... "

## یان لە زاری قانع:

"لاوی سەرگەرموو مەغروور، ئەیدا لە دایکی هەتا ئەیتوانی، دڵی چووە سەر دراوسێ ماڵێ، ئیشارە بە چاو، شەڕە چەپۆك، پاڵ پێوەنان، سەرسەری مەکە، نەهات بۆ کایە، پیرێ کە چی پێکردم، سەرم لە ڕێتە، پەردەی دڵەکەم خاکی ژێر پێتە، دەس کەمە ملت، بێمە سەر رانت، کار لە کار ترازا، زگ دڕین، پێی هەڵخلیسکا، ئەی ڕۆڵە ئامان سەد ئامان، پەڕو گوو شۆرین و ... ".

ئەمانە پاژێك لەو واژە و دەسە واژە و لێکدراوە و وێنە ساکار و جەماوەریانەن کە ئەم دوو شاعێرە لەم دوو دەقەدا بە کاریان

بردوه. ئەڵبەت بە نیسبەتی ئیرەج، قانع لە گەڵ ساکاری زوانی ئاسایی گلێرگە راهاتووتره.

"ڤیلیام ڤۆردز ڤۆرس" لە پێشەکی دەقە بە پێزەکەی خۆیدا (گۆرانییە لیریکییەکان، Lirical) قایل بە جیاوازی نێوان "زوانی پەخشان و هۆنراوە و شێعر« نەبوو. پێی وابوو گوتاری راستەکی شاعێرانە یانێ هەمان نورمی سروشتی(Natural) بەیان" پێچەوانەکەشی یانێ قایل بوون بە جیاوازی ئەو سێ چەمکە" کە ئەمە یانێ خولقاندنی دیاردەیەکی دەسکرد و نا سروشتی(Artifecial) لە پێکهاتەی زواندا. بەڵام »کالریج« لە بەرهەمە بە ناوبانگەکەی بە ناو سیرەی ئەدەبی( -Biographia Literaria) پێی وابوو »زوانی شێعر لە بواری رۆح و مەبەست لە گەڵ زوانی گوتاری شەقام دەبێ جیاواز بێ و جەختی دەکردە سەر توکمەیی ئەم رووکردە ئەدەبی–زوانیە". (چشمە روشن، د. غولامحسێن یۆسفی)

لە نێو ئەدەب و شێعری ئاوانگارد و پێشکەوتووی ئێستایش، رووکردی زوانی گوتاری لە رۆژاوا و رۆژهەلات سەریهەڵداوە، ئەویش پشت بەستنە بە سامانی فۆلکلۆریکی نەتەوەکان و باری هەستەکی نەتەوەیی و رووکردی جەماوەری شەقام" لە ئەدەبی پۆست مۆدێرنی فارسیدا برێك لە شاعێران بەم پەیلوا تەکنیکییە دەڵێن "شێعری حەرف". "پێیان وایە توتالیتەی زوانی و دەسەلاتخواز، زوانی سوڵتەیە. ئاماژەی نموونە لە ئەدەبی کلاسیکی فارسیدا،

دەقە پەخشانییەکانی بنووسە(مونشی) دەرباریيەکانە لە سەدەکانی حەوت و هەشتی و ... کۆچی مانگیدا، تەنانەت لە پەیلوای(بۆچوون) ئەم شاعێرە پۆست مۆدێرنانەدا، زوانی شێعری (شاملوو)ش زوانێکی نوخبە و دەسەڵاتخواز و لادەر و جیاوازە لە زوانی ساکار و جەماوەری نیمایۆشیج. دەڵێن: زوانی شێعری (شاملوو) زوانێکی چریکی و ماجەراجۆ و دابڕاوە لە ژیانی شەقام و گلێرگە، یانێ بێ بەش لە خەرمانەی شێعری گوتە و ئاخافتنی جەماوەر". (گۆڤاری فرهنگ توسعە، ژ.٣٨/٣٧، ١٣٧٧ ، شعر حرفی، مسعود احمدی). ئەڵبەت ئەم پەیلوایە لە بارەی (شاملوو) جێگای سەرنج و تێڕامانە، بە رای من شاعێرێك کە هونەرەکەی ئەوەندە لە رێژەی بەرزدا رۆ چوّتە نێو زەینی جەماوەرەکەی، ئیتر کەی دەبێ بە شاعێرێکی نوخبەی تۆتالیتەی زوانی و دەسەڵاتخواز و لادەر لە نورمە خەڵکییەکان بزانین. داهێنانی رووکردی ساکاری زوانی گوتاری بۆ شاعێران بەو مانا نییە ئیتر ئەو دەقە قوتار کرێ لە هەر چەشنە هەناسە و جەوهەر و فاکتە ئیسەتیکییەکان. بە قەولی (سەی عەلی ساڵحی) شاعێری هاوچەرخی فارسی: "شێعر لە عەینی فرە سانایی و روکردی شەقامیدا دەبێ فرە دژوار و تەکنیکیش بێ، ئەڵبەت نە بە هۆی فرە دژواری بێ وزە و ساویلکانە بنوێنێ، ریگا روون و ئاشکرایە، لار و گێڕ کردن و قەمچ و پێچکردنی واژەکان ... بۆ؟ بڕێکی گچك لە جێی دەعوەت بە حزووری داهێنانە لە مێتافیزیکای زوان، تەنیا دەست ئەکەن بە لەتوپارکردنی فیزیکی

زوان". (گۆڤاری نامە، تایبەت بە شێعری ئێستای ئێران، پووشپەڕی ١٣٨٥ ). "تی ئێس ئێلیۆت"لە درامە هۆنرنوەییەکانی خۆیدا "بە ئەنقەست ئاستی شێواز و ئەدگاری هونەری خۆی دەگۆڕێ و لە مێتۆدی فەرمی شێعر و هونەر دووری دەنوێنێ و روو دەکاتە زوانی گشتی و شەقامی، تا لەم هێڵە گشتییەدا بگاتە چەشنێکی تایبەتی لە داهێنانی شێعری و کاردانەوەی ئەوتۆ لە گوتەکانیدا دانێ". (چشمە روشن، د. غولامحسێن یۆسفی) بە بڕوای من ئەم کارە ئەگەرچی بە رواڵەت سانایە و هەندێك وا بیردەکەنەوە هەر کەس گرۆگاڵێکی کرد دەتوانێ لەم شێوازە کەڵك وەرگرێت و ببێتە شاعێرێکی راستەقینە و مەزن. ئەم تەکنیکە تەنیا لە شاعێرانێکەوە هەڵدەستێ کە لە چێژێکی تەواو بەهرەمەند بن و لە ناو گلێرگەدا ژیابن و زوانی خەڵکیان مشت ومالّ کردبێ" بە دەسەڵاتی هونەری و ئیستەتیکی ئەو مادە خاوانەیان وەك خوداگا وەرگرتبێ و لە میکانیزمی خەلاق و ناخوداگادا بە پرۆسەی داهێنان، کردبێتیانە مایەی شێعری و لەدایك بوونی واقیعی تێکست.

پ: مۆسیقای دەرەکی(کێش)ی دەقەکەی ئیرەج لە سەر تەفعیلەی عەرەبی (رەمەڵی شەشی مەخبوونی مەحزووف) چێکراوە، کەچی پارچە هەڵبەستەکەی قانع لە سەر ئوسلووبی بڕگەی خۆماڵییە (٥+٥)، کە کێشێکی کوردەوارییە و سەر بە رەوتی مۆسیقایی "کرکە" قوتابخانەی گۆرانە.

ت: فۆڕمی دارشتنی ئێرەج، قەتعەی عەرەبییە، مۆسیقای پاڵەکی(قافیە، سەروا) ئەم تەنیا لە دێڕە دووەمەکاندا جووتکراون، هەر بەم بۆنەوە زێهنی شاعێر وەك پێش زەمینە قۆرخکراوە و گووشراوە دەسەڵاتی ویرازدانی لێ ئەستاندراوە و نەیتوانیوە بە باشی فرە دەنگی و فرە زوانی بنوێنێ، بەڵام فۆڕمی دەقەکەی قانع (مەسنەوی)یە و ئەم فۆڕمیشە، فۆڕمێکی ڕەسەنی کوردییە و تایبەتە بە گێڕانەوە و توخمی چیرۆك و بەستێنەیەك بۆ ڕەوایەت و فرە دەنگی و فرە وێنەیی، بۆیە قانع دەس و باڵ بازتر بووە لەم شێعرەدا و هەندێ مەدلوولی تری پێوە لکاوە و لە ئاستی دەقێکی وەرگێڕاو ترازاوە و جل و بەرگی کوردی پێدراوە.

## سەرچاوەکان:

١– چشمە روشن، د. غولامحسێن یۆسفی

٢– دیوانی قانع، شاعێری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، ١٩٩٩

٣– دیوانی ئیرەج میرزا، بە اهتمام دوکتور محمد جعفر محجوب،چاپ چهارم ٢٥٣٥

٤– از صبا تا نیما، د. یحیی ارین پور، جلد دوم، تهران ٢٥٣٥

٥–گۆڤاری زرێبار،ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٣٧٧

٦– گۆڤاری نامە، تایبەت بە شێعری هاوچەخی فارسی ١٣٨٥

٧– گۆڤاری فەرهەنگ توسعە، ژمارە ٣٨/٣٧، ١٣٧٧

٨– سەردەمی رەخنە، ژمارە: ٢ و ٤

# لاهووتی کرماشانی و دەسپێکی نوێخوازیی شێعری فارسی

باوەکوو کورد هەر لە مێژە خۆی خاوەن کیانی مێژوی زوان و فەرهەنگ و ئەدەب بووە بەڵام سەد مخابن، بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئۆڕەنگی سەربەخۆیی، نەیتوانیوە لە بنەوەڕا وەك واقێعی مێژووەکەی ببێتە خاوەن تێکستی نڤیساری. تەنانەت مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی و زوانەوانییەکەی تێکەڵە لە گەڵ شارستانێتەکانی دەرووبەر، بە تایبەت زوان و ئەدەبیاتی پارسی(ئێران). بەڵام سەرەڕای ئەمە، توکمەترین و مەزنترین خزمەتی بە رەوتی سەرهەڵدان و رسکاندن و بووژاندنەوەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی زاڵی ئەو سەردەمە، واتە زوان و ئەدەبیاتی (فارسی دەری) و تەنانەت سەردەمی ئەم نەتەوە کردووە. با لێرەدا بە کورتی باسێك لە مەڕ رۆڵی شاعێرانی کوردی (پارسی بێژ) بورووژێنم و ئاوڕێك لەم دۆخە بدەمەوە و خاڵێکی گرنگ بخەمە بەرچاو ئاخێوەرانی هێژا، ئەویش رۆڵی بەرچاوی ئەم شاعێرانە لە بووژاندنەوە و پەرەپێدانی زوان و ئەدەبیاتی (فارسی دەری)، ئەنجا بێمەوە سەر باسە بابەتیەکە.

پاش هەرەسهێنان و تیاچوونی دەسەڵاتی توکمەی شارستانیەتی ئێران و توانەوەی زمان و ئەدەبی ئەم ئەمپەراتورییە بە هۆی شاڵاوی عەرەبەوە و فەترەی ئاڵوسکاوی و پچڕپچڕی سیاسی، ئەدەبی و فەرهەنگی بە ماوەی دووسەدە، ڕەحمەتیی "ملك الشعرای بهار" کە خۆیشی لە پارسی بێژانی کوردی پاش ماوەی سانە کوردەکانی(دنابلە)یە، باس لە (بەسامی کوردی خارجی)، دەکا کە ئەم شاعێرە لە سەروبەند فەرمانڕەوایەتی(یەعقووبی لەیسی سەفاری)دا لە نیوەی دووەمی سەدەی سێهەمی کۆچی مانگیدا ژیاوە. هەر وەها(ئەبولحەسەنی لەوکەری) شاعێری کوردی پارسی بێژ، لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا (کۆتایی سەدەی چواری کۆچی هەتاوی)لە دەرباری (سامانی)یەکاندا ژیاوە، و قەسیدەیەکی لە بارەی پیاهەڵدانی (ئەمیر ڕەزی ئەبولقاسم نەوح کوڕی مەنسووری سامانی) لێ بە جێماوە کە لە (لوباب ئەلباب)ی عوفیدا بیۆگرافی و شێعرەکەیش هاتووە. لە سەدەی (پەنج و شەشی کۆچی.م) لە داوێنی چیاکانی زاگرۆسدا و لە قەڵەمڕەو و پەناگای سانەکوردەکاندا، (سەدیدەدین ئەغور کورمانج و ئەسیرەدین ئەخسیکەتی) مان هەیە کە هەندێ شێعری فارسییان لێ بە جێماوە. لە سەدەی حەوتی کۆچی (ئەسیرەدین ئوومانی کورد) کە لە کوردەکانی هەمەدانە، ژیاوە. لە دەورەی سەفەوییەکان و زەندییەکان و ئەفشار و قاجارەکان، شاعێرانێکی هەرە زۆری کورد هەن کە لەم وتارە کورتەدا ناگونجێ ناوییان بهێنین، وەك (فەدایی

کوردستانی و جەماڵ ئەمیر بیگ و ... ). تا دەگاتە شاعێرانی دەورەی مەشرووتە وەك: عارف قەزوێنی کوردستانی و میرزادەی عێشقی و میرزا تەقی بەهار و ... نوێخوازانێکتر کە زەمینە و بەکگراوند خۆش دەکەن بۆ فراژوبونی شێعری مۆدێڕنی فارسی و ڕێبازی هونەری نیمایۆشیج، نموونەیش (لاهووتی کرماشانی)یە کە سووژەی ورووژاندنی ئەم باسەی ئێمەیە. ئەوەی جێگای داخە ئەم شاعێرە کوردانە ئەو هەموو خزمەتەیان بە زمان و ئەدەبی فارسی کردوە بەڵام بە داخەوە تاکە شێعرێکی کوردییان نەوتۆتەوە. ئەگەرچی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپی سامانی دەسەڵاتی سیاسی کە کورد لێی بێبەش بووە.

شێعری ئێستای فارسی کە ناسراوە بە "شێعری نوێی هاوچەرخ" دیاردەیەکی خێرایی و یەکجار هەڵقوڵاو نەبووە، بەڵکوو وەك قۆناغەکانیتر ڕەوەندێکی پڕۆسەئامێزی بڕیوە کە هەندێ هۆکار و بڕێ کەسێتیش بوونەتە پێش زەمینە و بەکگراوند بۆ سەرهەڵدانی سیستەمێکی نوێخوازی و ئیستەتیکی و ئاوانگاردانە، بە ناو شێعری هاوچەرخی فارسی. ئەگەرچی لیدێر و تیۆریسێن و تەواوکەری ئەم ڕەوتە کەسێکە بە ناو: "عەلی ئێسفەندیاری، نیمایوشیج" باوکی شێعری نوێ و مانیفێستی نوێخوازی. ئەم کارەساتە بێ گومان تەنیا تایبەت بە شێعری نوێ و نوێخوازانە نییە بەڵکوو لە تەواو قۆناغەکانی شێعری فارسی و ڕەوتی شێعری باقی نەتەوەکانتریشدا ئەبینرێ.

پێش لە "روودەکی" شاعێری سەدەی چواری کۆچی مانگی، کە لە ئەدەبی کلاسیکدا، ناسراوە بە "باوکی شێعری فارسی" کەسانێك وەك حەنزەلەی بادغیسی (٢٢٠ی ك .م)، فیروزمشرقی، محمدبن وصیف سگزی و بسام کُرد خارجی، بە شێوەی تاکووترووك شێعریان وتووە و هەوەڵێن دەسپێکەری شێعری فارسی بوون. لە سەدەی شەشی کۆچی مانگیدا،"سەنایی غەزنەوی" رێخوشکەربووە بۆ رێبازی فۆرم و هزری "مەولەوی رۆمی". یان "ناسری بوخارایی" و "خاجووی کرمانی" کاربەخش بوون بۆ حافزی شیرازی. یان "وەحشی بافقی" زەمینەساز بووە بۆ "شێوازی هێندی" و هتد ...
لە شێعری کلاسیکی کوردی هۆرامیدا، "کرکە"ی "هورمزگان" زەمینەساز بووە بۆ بزاڤی یارسان و ئەدگاری لیریکای گەورەی بێسارانی و خودی ئەم شاعێرە رێگا خوشکەری و بەستەی فەردی "مەولەوی تاوەگۆزی" بووە تەنانەت هەردووی ئەمانە، پاڵپێوەنەری"گۆران" و گەڕانەوە بۆ ئوسلووبی رەهای "پەنجە" و توخمی"کرکە"، پرۆسەی مۆسیقای شێعری نۆژەنی کوردی، بوون.
د.یحیی ئارینپور لە کتێبی(از سەبا تا نیما)دا دەڵێ: "هەوەڵێن شێعری نوێی فارسی لە لایەن "تەقی رەفعەت"ەوە دەستی پێکرد" بەڵام شەمس لنگروودی لە کتێبی (تاریخی تەحلیلی شێعری نوێ)دا، ئەم پەیلوایە رەت دەکاتە و دەڵێ:"واقیعی کار وانیە، من تەقی رەفعەت بە دەسپێکەری شێعری نوێی فارسی نازانم، سەرەڕای ئەوە رەفعەت دەبێ بە یەکەم تێوریسینی شێعری نوێی فارسی بناسین.

بەڵام گرنگ ئەوەیە دەهەیێك پێش لە "تەقی ڕەفعەت" ئەمە "ئەبۆلقاسمی لاهووتی کرماشانی" بوو، کە وێڕای ژیانی شۆڕشگێڕی و کوودەتا و دژەکوودەتا، هەوەڵین شێعری نوێی فارسی دانا". بەڵام لەمەدا شك نەکەین کە لاهووتی وەك "تەقی ڕەفعەت" خاوەنی پلەی خوێندەواری ئاکادمی نەبوە، بە تایبەت لە بواری فەلسەفە و مێژوودا، تەقی ڕەفعەت لەم بوارنەدا خاوەن ڕوانگە و دید و پەیلوای تایبەتی سەردەم بووە، لە پرۆسەی گۆرانکارییەکاندا تێگەیشتووتربووە، ڕەفعەت ڕێگای تیۆری نوێژەنی هەموار کرد(نە دەسپێکردن) بۆ تیۆرێزکردنی مانیفێستی شێعری نیمایی، لە سەر دەستی نیمایووشیج. "د.یحیی ئارین پوور" لە ئاکامدا پێیوایە ئەم چوارکەسە بە شوێن یەکدا ڕێگا خوشی کەر دەزانێ بۆ ڕەخساندنی تیۆری سەردەمیانەی شێعری ناسراو بە نیمایی و تەواوکردنی نیمایووشیج:

یەکەم: لاهووتی دووەم : تەقی ڕەفعەت سێهەم: جەعفەری خامنەیی چوارەم خانمی شەمسی کەسمایی. ئەوەی کە لەنگرووودی جەخت دەکاتە سەری وتنەوەی هەوەڵین شێعری نوێی فارسییە وەك دەسپێکردن و ڕچەشکاندن لە لایەن "لاهووتی"یەوە. پێیوایە لاهووتی لە ڕێگای ئاشنایەتی لەگەڵ زمانی ترکی و فەرانسی ئەو دەمە کە زوانگەلێکی پێشکەوتووی سیاسی بوون، توانی فۆرمێکی جیاوازتر بۆ شێعری فارسی دانی و ببێ بە هەوەڵین بناغەداڕێژی شێعری نوێی فارسی. ئەویش لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی هەتاویدا،

**پارچە شێعرێکی دانا بەناو: "وفای بە عهد". پاشان دوەمین پارچە شێعری مۆدێڕن بەناو "بازگەشت بە وەتەن" لە ئاوریلی ١٩١٥ (١٢٩٤ کۆچی هەتاوی) کە لە شاری کوردەواری خانەقین وتراوە، و هتد ...**

وفای بۀ عهد

اردوی ستم خسته و عاجز شد و برگشت
برگشت، نه باميل خود، از حمله ی احرار
ره بازشد و گندم و آذوقه به خروار
هی وارد تبریز شد از هر در و هر دشت
از خوردن اسب و علف و برگ درختان
فارغ چو شد آن ملت با عزم و اراده
آزاده زنی بر سر یک قبر ستاده
با دیده یی از اشک پر و دامنی از نان
لختی سر پا دوخته بر قبر همی چشم
بی جنبش و بی حرف، چو یک هیکل پولاد
بنهاد پس از دامن خود آن زن آزاد
نان را به سر قبر، چو شیری شد، در خشم:
در سنگر خود شد چو به خون جسم تو غلتان
تا ظن نبری آنکه وفادار نبودم

فرزند! به جان تو، بسی سعی نمودم
روح تو گواه است که بویی نبد از نان
مجروح و گرسنه، زجهان دیده ببستی
من عهد نمودم که اگر نان به کف آرم
اول به سر قبر عزیز تو گذارم
برخیز که نان بخشمت و جان سپارم
تشویش مکن، فتح نمودیم، پسر جان!
اینک به تو هم مژده ی آزادی و هم نان
و آن شیر حلالت که بخوردیم ز پستان
مزد تو، که جان دادی و پیمان نشکستی
(تهران، دسامبر ١٩٠٩ (١٢٨٨ ه.ش)

**واتە:**

**هۆردووی ستەمماندوو و وێڕس وەرگەڕاوە**
**وەرگەڕانێك نە دڵخوازانە، بە گۆرزی ئەحرار**
**ئابلۆقە تێك شکاو گەنم و رسق بە زەبەندی**
**رژایە تەورێز لە هەر دەشت و لە هەر لاوە**
**لە ئەسپ و ئاڵف و گەڵای دار و گیا خوران**
**رزگاری بوو گەلی ئازا و پڕ ورە و خیرەت**
**سەربەرزە ژنێك بە سەر گۆڕێکەوە وەستاوە**
**بە چاوگەلی پڕ لە هەرس و داوێنێك لە نان**

هەر بە پێوە چاوی بڕیە گۆڕ بۆ تاوێك

بێ ورتە و تەکان هەر وەك هەیکەلێك لە پۆلا

ئەوجا پژاندیە سەر گۆڕەکە نان لە داوێن

وازادە ژن هاتە خرۆش وەك شێرێك:

پەڕیە سەنگەر لە خوێنی لاشەت شەڵاڵ

تا شك نەکەی لە وەفاداریی و بەڵێنم

ڕۆڵە بە گیانت قەسەم کۆششی زۆرم کرد

گیانت شاهێدمە کە نەبوو لە نان یەك پرزاڵ

بریندار و برسی چاوت لێکنا لە جیهان

بەڵێندەرم کە هەرکات دەستم بگاتە نان

بۆ یەکەم جار بێینە سەر گۆڕی نازارت

دەهەستەوە نانم پێیە و پێت دەبەخشم گیان

شپرز مەبە ئێمە سەکەوتوو بووین ڕۆڵە گیان

گەلۆ دەتەمێ مزگێنی رزگاری و هەم نان

ئەو شیرەشت حەڵاڵ کە دەتمژی لە سینەم

حەڵاڵت بێ، بەخشیت گیان و نەتشکاند پەیمان

(وەرگێڕانی: ڕەوف مەحموودپوور)

**لاهووتی هەوەڵین شاعیرێکی کوردی فارسی بێژ بووە لە ئەدەبی فارسیدا بە کاریگەری لە شێوەی شێعری کوردی هۆرامی(گۆران) شێعری بە کێشی پەنجە (دە بڕگەیی) وتووە لە ساڵی (١٩٢٥ ز، ١٣٠٤ ی کۆچی هەتاوی) لە شاری "دۆشەنبە" تاجیکستان بەناو:**



سرود دهقان.
من فرزند یک دهقانی بودم
در قشلاق های تاجیکستان
یک زمین داشتیم، آن را می کاشتیم
نان می خوردیم از محصول آن

یادم می آید، که در آن قشلاق
وقتی باغبانی می کردیم
من با یک خواهر، پدر و مادر
چه سان زندگی می کردیم...

## لاهووتی کێ یە؟

ئەبولقاسمی ئیلهامی، نازناو بە ئەبولقاسمی لاهووتی لە ساڵی (١٢٦٤) ی کۆچی هەتاوی (١٨٨٤) ی زایینی لەشاری کرماشان، لە بنەماڵەیەکی کوردی زەنگەنە، خونچەی ژیانی دەپشکوێ. باوکی (ئیلهامی) پیشەی پینەچیگەری بووە، وەکوو کوڕەکەی هەم شاعێر بووە و هەمیش شوڕشگێڕ و ئازادیخواز. لاهووتی هەر لە ماڵی بابیا لەگەڵ بارودۆخی ئەدەبی کرماشان ئاشنا دەبێ، لەوا کە بابی دەسەڵاتی ماڵی نابێ و ناتوانێ بە باشی رایبهێنی، بە یارمەتی ماڵی یەکێ لە دۆستانی بنەماڵەکەی بۆ تەواوکردنی خوێندن رەوانەی تاران دەکرێ. لەو تافا لاهووتی شانزە ساڵانە دەبێ. لە دوساڵی دوایی ژیانیدا هەوەڵین چامەی فارسی بە لەحنێکی شۆڕشگێڕانە و حەماسی دادەنێ و لە رۆژنامەی (حبل المتین)ی (کلکتە)دا لە چاپ دەدرێ. ئەم غەزەڵە تا ڕادەیەك دەبێتە هۆی ناساندنی و تەنانەت مایەی شانازی ئەم شاعێرە لاوە.

لەم سەروبەندەدا لاهوتی دەچێتە نێو هێزی نزامی"ژاندارمری" ئەو کاتەوە. هێزی ژاندارمریش لەم کاتانا لەژێر چاودێری ئەفسەرە سۆئێدییەکاندا دەبێ. کەڵکەڵەی بزاڤی(مەشرووتەخوازی) لە ئێراندا پەرە دەسێنێ، هەم ئەفسەرە سوئێدییەکان و هەم ئەرکانی ژاندارمری بەرژەوەندییان لەوەدابووە کە لە هێزە شۆڕشگێرە مەشرووتەخوازەکان پشتگری بکەن. ئەم رێکارە بوو بە هاندەری لاهووتی تا لەم رەوتەدا و لە بەستێنەی رۆشنبیری و شۆڕشگێڕیدا

رۆڵی بەرچاو ببینێ و لەگەڵ هەندێ رۆشنبیرو شۆڕشگێڕی ئەو دەمەی ئاشنایەتی پەیا بکات و شان بە شانی ئەوان لەگەڵ گەندەلی حکوومەتیدا چنگاوەش بێ و خەبات بنوێنێ. هەر ئەم بزێوی و ئازایەتییە بوو بە هۆی بەخشینی"نیشانی ئازایەتی ستارخان" لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە بە لاهووتی و سەرەنجام بە بەرپرسی ژاندرمری شاری قوم هەڵبژێردرا. بە هۆی ناکۆکی و دژایەتی لە گەڵ سۆئێدییەکاندا، لاهووتی ناچار دەبێ وڵات بەرەو تورکیە بە جێ بهیڵێ چوونکای لە پشت سەردا، حوکمی لە سێدارەدانی لە لایەن سۆئیدییەکانەوە بۆ دەردەچێ، بەناچار لە وڵاتی عوسمانیدا دەگیرسێتەوە و دەبێتە مامۆستای زوانی فارسی و دەڵێن لەم کاتانەدا لە ژیانیدا گەلێك چەرمەسەرێ و رۆژگارێ تالێ هەبووە.

شێعرەکانی لە هەموو فورمێکدا: قەسیدە، غەزەڵ و تەسنیف لە رۆژنامەکانی ئەو دەمە وەك (حبل المتین و ایران نو)دا چاپ وبڵاو دەکرانەوە. کۆچبەری بۆ لاهووتی رەنگدانەوەیەکی کاریگەری ئەرێنی هەبووە. لە لایێکەوە وڵاتی تورکیە جێگای گیرسانەوەی کەسایەتییە هەڵاتووەکانی سیاسی وڵاتانی دراوسێی بووە، بە تایبەت شورشگێرە هەڵاتووە مەشرووتەخوازەکانی ئێرانی. بەم چەشنە ئەم وڵاتە دەبێتە باشترین ناوەندی فێرکاری سیاسی و هزری رۆژهەڵات و رۆژئاوا بۆ کۆچبەرەکان. لاهووتی لەگەڵ پەیلواکانی هونەری و فیکری (صابر، میرزا عەلی ئەکبەر تاهێرزادە) شاعێری نەتەوەیی ئازەربایجانی قەفقاز و باقی شاعیرانی

رادیکاڵیتریش ئاشنا دەبێ و کاریگەری ئەوتۆیان بەسەر ئەم شاعێرەدا دەبێ. خودی لاهوتی دان بەم خاڵەدا ئەنێ کە شێوازی (ڕیئالیزم) و بەکاربردنی شێعری تارۆز (تەنز و ئایرۆنی) وەك هۆکارێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەباتی کۆمەڵایەتیدا، لە (صابر)ی وەرگرتووە و فێری بووە. دەڵێ پەیلواکانی (صابر)م لە ڕێگای وەرگێڕاوەکانی (سید اشرف الدین حسینی) بەرپرسی ڕۆژنامەی (نسیم شمال)وەرگرتووە.

لاهوتی لە سەروبەندی شەڕی جیهان گیری هەوەڵدا، دێتەوە بۆ ئێران و لە کرماشان دەگیرسێتەوە. کرماشانیش لەو کاتەدا لە ژێر ڕکێف و سەیتەرەی داگیرکەرانی ئینگلیسی و ئاڵمانی و ڕوسیدا دەبێ، لەم گێروبەندەدا، خەبات نێوان خەباتگێڕان و داگیرکەراندا بەردەوام دەبێ و کرماشان لەلایەن ئینگلیسیەکانەوە، بوردمان دەکرێ و لاهووتی تەنگی پێ هەڵئەچنرێ و ناچار دەبێ دووبارە بەرەو تورکیە هەڵەتە بێ، لەم سەردەمەدا لە گەڵ حەسەن موقەدەم (علی نوروزی) نووسەری شانۆی(جعفرخان از فرنگ برگشتە)ئاشنا دەبێ و شێعرەکانی لە بڵاڤوکەی (پارس)دا بڵاودەکرێنەوە. هەر لەم کۆچەدا لەگەڵ کۆمەڵە کۆمۆنیستییەکان ئاشنا دەبێ و پێوەندییان پێوە دەکات، پاشان دەگەڕێتەوە ئێران، لە لایەن (موخبێرو سەلتەنە) نووسەری کتێبی (خاترات و خترات) فەرمانڕەوای ئازەربایجان و ئەندامی کارای حکوومەتی قاجار پەنا دەدرێ. هەر بەم بۆنەوە دووبارە دەکرێتە

ماژووری(سەرگورد)ژاندارمری لە لایەن (لندبێرگی) سوئێدییەوە، پاشان پلەی دەچێتە سەر و دەکرێتە بەرپرسی گشتی ژاندارمری تەورێز.

لە کاتی هەڵایسانی شەڕی جیهانگیری هەوەڵ، لاهووتی لە کرماشاندا دەبێت و "رۆژنامەی بیستوون" دەردەکات و بە سونگەی خەبات دژ بە دەسەڵات زەمینە بۆ شەڕی چەکدارانە نێوان عێلەکان و عەشیرەکاندا سازدەکات، وەك وتمان هەمدیس لە ترسدا بۆ وڵاتی عوسمانی هەڵەتە دەبێ و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ کرماشان و لەگەڵ دۆستانی نزیکیدا و هاوکاری عەشیرەی کوردی(سەنجابی و قەڵخانی) شانەی سپایەکی نەتەوەیی ناوچەیی پێك دەهێنێ و پێی لە گەڵ داگیرکەران و نەیارانی ڕووسیدا، بە شەڕ هەڵدێ و تەنگ بە دوژمنان هەڵدەچنێ. لەم شەڕەدا (باراتۆف) فەرماندەی سپای رووسی بە سەختی بریندار دەبێ و دوای ماوەیەك دەمرێ.

پاش هەڵاتنی دووبارە، بۆ وڵاتی تورکیەی ئوسمانی و گەڕانەوەی بۆ ئێران و بەرپرسایەتی گشتی ژاندارمری تەورێز، لاهووتی دژ بە (رەزاخان) و (قەزاق)ەکان کوودەتا دەکات و تەورێز داگیر دەکات و پارێزگاری ئازەربایجان(موخبێرو سەلتەنە) کە لەوە پێش پەنادەری و دالدەی لاهووتی دەبێ، دەسبەسەر دەکرێ و دەخرێتە بەندیخانەوە، پلان و بەرنامەش بۆ گرتنی تاران دادەریژێ، بەڵام لە بەرواری هەشتی ڕێبەندانی ١٣٠٠ ی کۆچی هەتاوی، لاهووتی و بەرەی یەکگرتوو، شکست دەخۆن و بە ناچار دووبارە بەرەو قەفقاز

هەڵدێ و دە چێتە (نەخجەوان) و پاشان (تاجیکستان) ئیتر هیچ کات نایەتەوە ئێران و لەوێ بۆ هەمیشە دادەنیشێ. لەو وڵاتە دەبێتە مامۆستای سەرەتایی و پاشان بە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی شۆرەوی هەڵدەبژێردرێ و بەرە بەرە پلەی بەرزبوونەوە دەپێوێ. پیشەکان و چالاکییەکان و ئەرکەکانی ئەم شۆڕشگێڕە ئەمانە بوون:

١- کارگێری و پلانڕێژی بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە سنوورەکانی چین و شۆرەوی

٢- بەشداری لە کونگرەی خەبات دژ بە فاشیزم و شەڕ، واتە(کونگرەی بەرگری لە شارستانیەت) لە پاریس بە نوێنەرایەتی ئازادیخوازانەی ئاسیای ناوەندی و کۆمیتەی ئاکادمی تاجیکستان و بەرواری ١٩٣٥ی زایینی. لەو چالاکییەدا، لەوا کە لاهووتی بە سەر زوانی فەرەنسیدا زاڵ دەبێ، لە وتەکانیدا بە لێهاتوویی سەردەکەوێ و سەربەرزانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوسیە.

٣- بەشداری دووبارەکی لە ساڵی ١٩٣٥ .ز لە حەوتەمین کونگرەی نێو نەتەوەیی کۆمۆنیزم لە پاریس.

٤- ساڵی ١٩٤١ ی زایینی (١٣٢٠ه.ش) دەچێتە (تاشکەند) و ماوەی دوو ساڵ لەوێ (ئیستالین ئاوا) دەمێنێتەوە و چەند جاریش دێتەوە سنووری ئێران و هاتووچۆ دەکا. ئەوکاتەی کە"سالار" دەبێتە نەیار و دژبەری دەوڵەت، لە هەلی گونجاو

دەقۆزێتەوە و دێتەوە خوراسان و سەردان دەکات و ماوەیەك دەمێنێتەوە.

٥- لە ژوئینی ١٩٤٧، ئیفتێخاری سەرۆکایەتی ئاکادێمی زانستەکانی تاجیکستانی پێ دەبەخشرێ و شانۆی گەورەی دراماتیکی تاجیکستانی لە شاری (خۆجەند) بە ناویەوە نێودێر دەکرێ کە خۆی پێشتر ئەندامی ئەم ئاکادمیە بووە.

٦- درێژماوەیەك دەبێتە بەرپرسی تەشریفاتی و میوانداری لە میوانە بیانییەکان کە بە سەردانی رەسمی دەهاتنە شۆرەوی.

٧- ماوەیەك دەبێتە مامۆستای زانکۆکانی رۆژهەڵاتناسی و هەروەها مامۆستای زوانی فارسی لە زانکۆی گەورەی مۆسکۆ.

٨- دەمانێك هەڵدەبژێردرێ بە وەزیری رۆشنبیری (فەرهەنگ)ی تاجیکستان و هەروەها وەزیری رۆشنبیری وڵاتە یەکگرتووەکانی شۆرەوی پێشوو.

بۆ درێژماوەیەك کەس لە مەڕ چەندوچۆنی ژیانی لاهووتی هەواڵی بە دەستەوە نەبووە، تا لە بەرواری ١٣١٤ ی کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە (١٩٣٤ زایینی)، وەفدێکی فەرهەنگی ئێران بە سەرپەرشتی رەحمەتی (سەعیدی نەفیسی) چاویان بە لاهووتی دەکەوێ و نەفیسیش لەوتارێکدا نووسی: "لاهووتی مرۆڤێکی سەرناس و ناودارە کە ناوی جیهانگیر بووە".

دوکتور ئەنوەری خامەیی لە کتێبەکەیدا بە ناو (خاترات دکتر خامەیی) ل:(٥٤٥) دا لە بەشێك لە دیدارەکەی لەگەڵ لاهووتیدا

دەنووسێ: "ئەوەی کە پتر بووە هۆی سەرسووڕمانی من، مەیل و ئەوین و تاسەمەندی لاهووتییە بە ئێران، بە تایبەت بە (کرماشان) بە دڵێکی پڕ بە سۆزەوە دەیگوت: تەنیا ئارەزووی من ئەوەیە کە جارێکی تر بگەڕێمەوە ئێران و زێدەکەم – کرماشان – ببینم. لە ناڤینی شەڕدا لە حزبی کومونیست دا دەنگۆ بوو کە گوایێ لاهووتی دێتەوە بۆ وڵات" بەڵام دوایی ئاشکرا بوو کە دەوڵەتی شۆرەوی بەرگری لێکردووە و دەرفەتی بۆ نەرەخساندوە و ئیجازەی پێ نەداوە، بگەڕێتەوە. لێم پرسی ئەرێ ئەم دەنگۆ راست بوو!؟ گوتی: بەڵێ چەندجار داخوازم کرد و زۆریش داکۆکیم کرد، بەڵام بەداخەوە بەڵێنیان نەدامێ". گوتم: باشە بۆ ئەوەندە پێداگری دەکەیت کە سەردانی کرماشان بکەیت؟ ئاخۆ ئەوێ شوێنێك نییە! شارێکی وێرانەی کۆن!؟ بە حاڵەتێکی کەسەرمەندەوە گوتی: من چون ئەو زێدەم (کرماشان) فەرامۆش بکەم، ئەو کۆڵانە بەرتەسك و کۆنانە، ئەو باخە وێرانانە، بۆ من هەزاران بیرەوەری تێدایە، چەندەها جار بەو دیوارە روخاوانەدا بۆ دزینی ترێ هەڵزناوم ...".

لە کۆتاییدا دوکتور خامەیی دەڵێ: "لاهووتی نامەیێکی هاورێ لەگەڵ ئاخرین وێنەی کورەکەی دامێ، کە گەییمەوە تاران پۆستی کەم و رەوانەی بنەماڵەکەی بکەم بۆ کرماشان، ئەرکێك کە بە ئەنجامم گەیاند... ".

دوای ئەو هەموو چەرمەسەری و کێشمەکێشە پڕ ئاستەنگەی لە ژیانی پر لە شانازی کوردە خەباتگێڕێکی کرماشانی، لە خاکەلێوەی

ساڵی ١٣٣٦ هەتاوی (١٩٥٧-ز) پاش ٧٣ ساڵ ژیانی شۆڕشگێڕانەی بە پێز، تۆماری ژیانی دەپێچڕێتەوە. (ئێحسان تەبەری) لە کتێبی (کەژراهە)دا پێی وایە هۆی ماڵاوایی لاهووتی، نەخۆشی فشاری خوێن بووە، بەم شێوە ترپەی دەڵی دەوێسێ و لە "مۆسکۆ"دا لە تەنیشت گڵکۆی لنین و ئیستالین، دوو گەورە رابەری کومۆنیست، دەنێژرێت.

سەرچاوەکان:

١- د. یحیی ئارینپوور، از صەبا تا نیما، تاران ٢٥٣٥.

٢- د. شەمس لەنگروودی، تاریخی تەحلیلی شێعری نوێ، بەرگی یەکەم، نەشر مەرکەز، ١٣٧٠.

٣- د. م. ع. سوڵتانی، ئەحزاب سیاسی و ئەنجومەن های سێڕی دەر کرماشان، بەرگی یەکەم.

٤- وەرزنامەی گەوهەران، فایلی تایبەت بە شێعری کوردی، دیمانە لە گەڵ: د.م.ع. سوڵتانی ژ. ١٥، بەهاری ١٣٨٦.

٥- د.ا. تەبەری، کەژ راهە، نەشری ئەمیر کەبیر، ١٣٦٦.

٦- د.ا. خامەیی، خاترات د.ئەنوەر ی خامەیی.

٧- بەشیری ئەحمەد، دیوانی لاهووتی، تاران: نەشر بونیاد فەرهەنگ ئێران، ١٣٤٨.

# ڕوانینێکی خێرا بۆ ئاراستەی زانستی زوان

زوان لە فەرهەنگی هەموو نەتەوەکاندا بە تایبەت لە قۆناغەکانی فەرهەنگی کورد یەکێك بووە لە مەزنترین شوناسی نەتەوایەتی و لە هەمان کاتدا کێشەسازترینیان. من پێم سەیرە هەندێك لە کۆڕ و کۆمەڵ و مێدیاکاندا، بێ ئەوەی پسپۆڕییان لە بواری «زوانەوانی»دا هەبێ، فتوای جۆراوجۆر دەر ئەکەن، بە ئاشکرا پەیلوای زانستی و لۆژیکی زوانەوانەکان ڕەفز دەکەنەوە، ئەمە جگ لە دەرکی ئاوەژوو و چەواشەکاری ڕاستییەکان هیچی لێ ئاوەگۆز ناکرێ. ئەگەر خۆمان بە دڵسۆزی زوانی کوردی –وەك توخمێکی بونیادین بۆ شوناسی نەتەوەیی– بزانین، دەبێ هەست بە بەرپرسیارەتی بکەین بۆ پاراستنی هەموو شوناسی نەتەوەیی. با ناشارەزایانە لە شوناسەکان پاڵنگی دڕندە، دروست نەکەین، بەڵکوو بە ئاکاری نەرم و نیانی پاڵنەری دڕندە «لینی» بکەین و تووی پێکەوە ژیان و لێك حاڵیبوون بچێنین. ئەم ڕەوشتە باشتر ئاستی ئاشتی، ئازادی، دێمۆکراسی و

کەرامەتی مرۆڤییمان بەرزتر دەنوێندرێت. فرە زوانی بیرۆکەیەکی شارستانی دنیای مۆدێڕنە. لەم بارەوە لە نێو ئێمەی کورددا بۆشاییەکی بەرین هەیە، کە ئەبیٚ فێر بین ئەم فەزا ئاوەزمەندانە و واقێعیانە پڕبکەینەوە، ئەبیٚ بزانین نێوان باسی زانستی زوانناسان لە گەڵ باسگەلێکی هەڕەمەکی، هەستیارانە و تەنیشتی جیاوازییان هەیە. دەڵیم زوان بۆ ئێمەی کورد کێشە ساز بووگە، بەڵگەم هەیە، ئەمەیە هەر لە دەسپێکەوە تا وەکوو ئێستا هۆکاری رسکانی قۆناغەکانی زوانی کوردی درمناسی نەکراوە، رەوتێکی سیستماتیکی بۆ ئەم زوانە ساخ نەبۆتەوە، چۆنییەتی پێکهاتە و سەرهەڵدانی شێوەکانی کوردی شرۆڤە نەکراوە، دەسەڵاتێکی توکمە و یەکگرتوومان نەبووە، هەر دەم کە لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە شوناسێکی فەرهەنگیمان ئازار درابیٚ یان بە چەشنێك هەستی نەتەوەییمان ئەنگاوترابیٚ، ئەو چەمکە فەرهەنگیە سەری هەڵداوە و هەستی نەتەوەییمان بزاوتووە، گورج ئاهەنگی«یەکییەتی و یەکبوون»مان ساز کردوە، بێئەوەی ئیتر مەجالی پیاچوونەوەمان هەبوویٚ و خەسارناسی ئەم رەوتەمان کردبیٚ، واتە هەردەم بە دەستی خاڵی–بەرچاونەگرتنی کەمپی بەگوڕی پێکهاتەی شێوەکانیتر– بەرنگاری ئیحساسیمان کردووە. وامانزانیوە و ئێستەش هەندیٚ دەمارگرژانە وائەزانن، ژێدەری زوانی ستاندارد تەنیا یەك دیالێکتە و بەس. ئەمە پێچەوانەی رووکردی زانستیانە و ئارۆیانەی زوانە، ئەمە هەڵێنجاندن و ئاوەگۆزکردنی سەلەفیانەی

زوانە لە پێناو بەرژەوەندی بازنەی تاکی و ناوچەیی تاقمێك. ئەبێ ئەم دو رەهەندەی خوارەوە بکەینە تۆشەبەرەی سەفەر و ژیرانە چاو لە هەر دووکیان بکەین.

یەکەم: رەهەندی «زانستی زوان»، کە بە رووکردی واقێع ناسی و پرەنسیپەکانی سایکۆلۆژیانەی(تەوسیف و بەرچاوگرتنی توخمەکان) دێتە شرۆڤاندن، نە تەجویز و نواندنی نوسخەی جۆراوجۆر. واتە: پێناسەو بایەخی زوان تەنیا وا لە ناواخنی خودی زوانەکەدا نەشتێکی تر. ئەگەر لە زوانەوان بپرسیت پێناسەی زوان چییە؟ دەڵێ: یانێ تەوسیفی زانستی زوان، یانێ برۆ توخمەکانی ئەو زوانە ببینە و ببیسە، ئەنجا ئەگەیتە لایەنی شرۆڤەی زوانەکە. زوان هەر زوانە و «بەرز و نەوی و پێشکەوتوو و دواکەوتوو»ی بۆ نییە، ئەوانەی وان لە هۆزەکانی: (شوارا، زاپارۆ، هاتن تات، دنکاکان، هوپیە سور پێستەکان و ئیسکی مووەکان و چیتر...) لە ئافریقا و ئامریکادا– کە رەنگە گلێرگەیەك چەند کەسەش بن– خاوەن پێکهاتەی زوانن، هیچ جیاوازییەکیان لە زوانە پێشکەوتووەکانی ئینگلیسی، فەرانسەوی، ئاڵمانی، هێندی، عەرەبی و فارسیدا نییە. کە واتە هەموو شتێك لە جەغزی زواندا چڕکراوەتەوە. ئەوەی خاوەن زوانە، هەبوونیشی چەسپاوە ئەوەی زوانی نییە هەر ناتوانی لە سەر هەبوونی باس بکەیت. مادام زوان خاوەنی «عاداتی گوتاری» بوو، مادام خاوەنی «سیستەمی رازوان، دەنگ، مۆرفێم، واژە، دەستەواژە، توخمی زوانی و کاربردی زوانی» و... بوو، بی

گومان خاوەن واتایشە، ئیتر ئەبێ تەنیا لە حەوزەی زواندا، باسی لێ بکرێ و ئەم لەفزەی بۆ بەکار ببەیت. بەڵگەی عەینی و هەڵاواردن بۆ ئەم مەبەستە زۆر ئاسانە، تو کەسێك نەناسراو دەبینی ئەتەوێ بزانی بە چ زوانێ گۆ دەکات، خۆ ناڵێی: بە چ زاراوەیەك یان بن زاراوەیەك قسە دەکەی؟ هەوەڵ جارە کە دەیبینی و هەست دەکەی وەك تۆ نییە، دەڵێی: زوانت چییە؟ بەکام زوان قسە دەکەی؟ ئەمە ناخوداگاە نیشانەی گرنگی و جیاوازی و سەربەخۆیی زوانەکەی ئەوە. یانێ ئەو کەسە با وەکوو لە وڵاتەکەی تۆدا ئەژیت، باوەکوو لە ئاوایی ئەو بەر چەمەکەی تۆ بێ، باوەکوو هاوسێی دیوار بە دیوارت بێ، بەڵام بە زوانێك جیاواز لە زوانەکەی تۆ قسە دەکات، ڕەنگە زۆر جار ناڵاند بێتت بە دەس حاڵی نەبوونییەوە، واتە لە گەڵ زوانەکەی تۆدا جیاوازی هەیە، بۆیە لێی حاڵی نابی، نە ئەوە کە لە نەتەوەی تۆ نییە، بەڵکوو وەك واقێعی زوانەکەی لە هی تۆ ناچێ، کێشەش نییە، ئەمە نیشانە ئەوەیە نەتەوەکەی تۆ وەك باقی نەتەوەکانی دنیا فرەچەشنی هەیە، دۆلەمەندە و جێی شانازییە، ئەم بیرۆکە هەنووکەییەو ئەبێ ببێتە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەمان، بەشێك لە خولق و خوو و عاداتی ژیانمان.

دووەم: لایەنی ئیستانداركردن و دەسەڵاتی زوانی یەکگرتوو، پۆلێنبەندی زوان بە زاراوە و بن زاراوە و چیتر(بەرزو نەویکردنی زوان) لە گرِکان و فرِکانی پرِۆسەی سیاسی و چێژی دەسەڵات دێتە نێو کایەوە و سەرەنجام پرِۆسەی بە «ئیستانداردکردن» شکڵ

دەگریٚ. لەم رەوتەدا شێوەیەك هەڵدەبژێردریٚ و باقیتر خزمەت دەکرێن و حورمەت بۆ (ئەویدی) دائەنرێت و بازنەی فره زوانی پێکدیٚ و دەبێتە «ئارمانشارێکی دڵواستە» بۆ ئەو نەتەوە و تا ناکۆتاییش بۆ قەڵەوکردنی زوانی «یەکگرتوو» هەر بەردەوامە. هەر وەها کە ئێمە ئێستا خەریکی ئەزموونی بە ئیستانداردکردنی زوانی کوردین. بەڵام باس لە کەمپی شێوەزوانەکان هیچ لە هەستی نەتەوەپەرەستی، نیشتمانخوازی و وڵات پارێزی ئێمە کەم ناکاتەوە. چما پرۆسەی فرەزوانی لە فرەییٚ لە وڵاتانی ئورووپاییدا زاڵە، بی ئەوەی کەمترین کێشەی سیاسییان هەبیٚ. لەم وڵاتانەدا فرەزوانی یانیٚ پلۆرالیزم: «فرەفەرهەنگی»، «فرەژینگەیی»، «پاراستنی زانستە بوومیەکان» و... پێچەوانەش یانیٚ بیری دوگم و ئیدئولۆژیکی و بەستەڵوکی و چەواشەکاری زوانی و فرێدانی «ئەویدی». هەندیٚ جار لە لایەن کەسانێك کە شارەزای زوانن، بۆ کوردی هۆرامی پێشگری «زوان» بەکار دەبرێت، بێئەوەی لایەنی زانستی لە بەرچاو بگیریٚ، هەندیٚ تووشی لێك حاڵی نەبوون دەبن، وا بۆی ئەچن کە بە مەبەستێکی تایبەتییەوە دەوتریٚ یان دوژمنێك لە «مەتەرێز»دایە. ئەم کێشە پێچەوانەشی هەیە. تۆ ئەگەر بتەویٚ راستییەك بدرکێنی ئەبیٚ لە دوولاوە تۆمەتبار بکرێیت. بەڵام وەك زانست ئەبیٚ بزانی«هۆرامی» لە زۆر و زەبەن دەنگ، مۆرفێم ، پێکهاتەی تایبەتی گرامێر و... پێکهاتووە و لە گەڵ زۆربەی شێوەکانیتر جیاوازە، بە تایبەت لە گەڵ سۆرانیدا، دەرخستنی

ڕاستی ئەم لێتۆژینەوە زانستییە نابێتە هۆی لاوازی پێکهاتەی فەرهەنگی- نەتەوەیی!. بە پێچەوانە بەم شرۆڤە ئەتەوێ بڵێی شوناسی نەتەوەی کورد لە توخمگەلێك و دیاردەگەلێکی جۆراوجۆری فەرهەنگی پێکهاتووە و هەرکام بەشێکن لە پێکهاتەی سەرەکی شوناسی کوردی، ئازاری هەرکام ئازاری ئەویترە، شانازی کردن بە هەرکام شانازییە بەویتر، وێڕای جیاوازی، گرنگی ئەدەی بە هاوژیانی و هاوتەبایی ئەو نەتەوە حازریت بەرخۆدان بکەی بۆ خزمەتکردنی، تا ڕۆژێك بگات سنووری «تێنەگەیشتن» نەمینێ و هەمووومان لێك حاڵی ببین، خود بە خود ئەو دەمە قۆناغێکیتر دەگرێتە خۆی. نابێ بترسی لەوە ئەمە بڵێین ئەمە زوانە یان شێوەزوان، ئیهتمام بەوە بدرێ کە زەمینە خۆش کرێت بۆ ئایندە کە ئەو سنوورە- کە زادەی «ئایدیۆلۆژیەکی بەرچاوتەنگ»ە، ببەزرێت. بۆ بترسین هۆرامی بە هۆرامی خۆی یان بە سۆرانی، یان بە بادینی، کەڵهۆڕی و... پێچەوانەش گۆ بکات، یان بنووسێت. هەر وەها کە ئاماژەم پێدا ئەمە«خوێندنەوە»یە، ئەمە«ئەزموون»ە، بێ گومان ئەم «گوتارە- ئەزموونی»یانە هەمووی وا لە پێناو پرۆسەی بە«ئیستاندانردکردن»ی زوانەکەماندا، من پێموایە ئەم«پرۆسە»ش بە تەواوەتی سەقامگیر نەبووە و سەروومڕ لە «بزاڤ» و «بەردەوامی»دایە. پێچەوانەش-تەریك کردنی شێوەکانیتر، واتە: «ئیفلیج کردن و نەزۆكماننەوەی زوانی نەتەوایەتی». هەیکەلی زوانی یەکگرتوو بە گشتمانەوە، بە هەیبەت و قورس و ڕەنگین

ئەنوێنیٚ. ئەمە عەینی شارستانییەت، مەدەنیخوازی، دێمۆکراسی زوانە و ڕێزنانە لە هەرێمی کەرامەتی«ئەویتر». پێچەوانەی ئەم قەزییەش، ئەگەر هەرکام لە ئێمە بڤەکاری بینینە نێو ئەو «پرۆسە»وە و لێك «نامۆ» ببینەوە و بۆ تێگەیاندنی ئەویتر بە زوانی «سێهەم» قسە بکەین، ئەمە یانیٚ عەینی دواکەوتوویی«قەهقەرایی»، یانیٚ فەقری«پێوەندی» یانیٚ میللەتێکی دووکەوتووی فەرهەنگی «ئیلیاتی» «گوندی»و «زەرەی موعەلەق» لە فەزا. براڵە! کێشەی سەرەکی ئێمە ئەمەیە، نە ...؟!

من ئاوا ئەم باسە دەبڕمەوە: مادام باسی باری زانستی، سایکۆلۆژی و فەلسەڤی زوان بکرێت، دەبا واتائاماژەی(مەدلوول)ی «زوان»ی بۆ پێوانە بکرێت، ئەمە عەینی لۆژیکی زانستی زوانە. لە بەستێنەی زانستی زواندا، تێئۆری و مێتۆدۆلۆژی وامان بۆ جیاکردنەوەی «زوان، زاراوە، بن زاراوە و سەرزاراوە و ...» نییە. من بۆ خۆم لە فرە شوێندا بۆ ئەوەی ئەم کێشە نەمێنیٚ و لە وتەکاندا تووشی هەڵێنجاندنی نادرووست و نەرێنی نەبین پێشنیازم کردوە کاتێك باس لە سەر هەرکام لەم شێوە زوانانە ئەکەین، پێشگری «کوردی» بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنین کە دوولایەنی مەبەستەکە بپێکیٚ: زوانی«کوردی هورامی، کوردی سۆرانی، کوردی بادینی و...». بۆ دابین بوونی خولیاکانمان با چاو لە مەوداکانی زەمان بکەین و لە «تێگەیشتن و تێگەیاندن»ی یەك لەم بارەوە با هەراسمان نەبێت.

**نووسەر:**

*الف) خاوەن ئیمتیاز و مودیر مەسئوولی گۆواری زریبار*

**ب) ئەم بەرهەمانە چاپ و بڵاوکراون:**

*۱- سرود خزان، تحلیل انتقادی-سبک شناسی اشعار بیسارانی، فارسی، ۱۳۸۱ه.ش*

*۲- شەبەنگی زوانی کوردی هورامی لە گاساکان تا...میژوویی-زوانەوانی، سلیمانیە چاپخانە بابان، ۲۰۰۸ م*

*۳- تیروانینیکی نوی بو هیرمنوتیک و رافەی ئەدەبی، وەرگیران لە فارسی بو کوردی، ناشر مؤسسە چاپ و نشر سلیمانی، ۲۰۰۹ م*

*۴- سوزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، رافەکاری تئوریکی شیعری کوردی، ناشر احسان، ۱۳۸۸ ه.ش*

**ج)ئامادەی چاپن:**

*۱- مطبوعات کُردی و بازشناسی ساختاری آن‌ها (بیبلوگرافی نشریات کُردی)-فارسی*

*۲- طرح؛ جریان شناسی شعر کوردی هورامی از آغاز تا کنون(فارسی)*

*۳- کولتووری هورامان(۱)*

**پێوەندی و بۆچوونی ئێوە:**

E: adel.mohammadpur@gmail.com

*ت همراه: ۰۹۱۸۸۷۴۹۹۲۹*

*صندوق پستی: مریوان ۱۴۳*

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.